- **کاتە بەسەرچووەکان**
- **ناپاکی**
- **دیمەنێکی سروشتی**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هارۆڵد پینتەر

# ❋ کاتە بەسەرچووەکان
# ❋ ناپاکی
# ❋ دیمەنێکی سروشتی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فاروق هۆمەر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: کاتە بەسەرچووەکان. ناپاکی. دیمەنێکی سروشتی
نووسینی: هارۆڵد پینتەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٦٣
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم + بۆکان نووری
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٦٧ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## تۆ دەتەوێ دنیا لە دەست بێدادی ڕەها بکەیت؟

چەند ڕۆژێک لە دوای مەرگی هارۆڵد پینتەرەوە پەیامێکم لە فاروق هۆمەرەوە پێ گەیشت کە سەرقاڵی وەرگێڕانی سێ دەقی شانۆیی ئەو شانۆنووسە مەزنە بوو بۆ زمانی کوردی.

" من زۆر بێ بەختم، "بەخەمگینییەکەوە گوتی: «لەوەی کە بۆم ناکرێ ئەو کتێبەی کە بەزمانی کوردی چاپ دەبێ وەک دیارییەک بیگەیەنمە دەستی ئەو پیاوە مەزنەی کە ڕۆژگارێک زمانی چیای بۆ ئێمەی میللەتی کورد نووسیوە.»

لەو هەموو مرۆڤدۆستییەی خۆیەوە چ وەک ئەکتەر و چ وەک ریژسۆر و چ وەک سیاسەتمەدارێک زۆر ئاسانە بۆ ئێمە کە تەماشای ژیان و کارەکانی هارۆڵد پینتەر بکەین کە چۆن هاوسۆزیی خۆی نیشان داوە بۆ خەڵکانێکی لە بیرکراو لە هەموو کون و قوژبنێکی دنیادا.

### پیاوێک وەک فاروق هۆمەر، پیاوێک وەک من

سەرەتای ساڵانی شەستەکان بوو، ئەوکاتەی کە لە شیللی بووم، بۆ یەکەم جار من بەشانۆییەکانی هارۆڵد ئاشنا بووم. کە ئیتر لە دوای ئەو کات و سەردەمەوە ژیان و کارەکانی من بەتەواوی گۆڕانکارییان بەسەردا هات. ئەو شانۆییەش "سفرەچییەکی لاڵ" بوو کە بۆ من ئاسان بوو بەخێرایی هۆگری بم، هەروەک ئەوەی لە نێو ئەمریکای لاتینا خولقابێ، ئەگەرچی لە ئەسڵدا بەگیانێکی ئینگلیزی نووسراوە و



لە لایەن نووسەرێکەوە کە لە نێو جەرگەی لەندەنەوە هاتووەتە دەرێ.

لە ساڵانی داهاتوودا، شانۆییەکانی پینتەر ئەوەیان فێرکردم کە چۆن هونەری دراما دەتوانێ لە ڕێی هەڵکۆڵینەوە لەو ئاهەنگانەی کە خۆی لە نێو وتووێژی ڕۆژانەدا حەشارداوە، گیانێکی شیعری هەڵبکۆڵێ. بەگوێیدا چرپاندم کە ئێمە دەدوێین بۆ ئەوەی خۆمان بشارینەوە و ڕەنگە خۆشمان ببوێرین لە هەموو ئەو هەست و سۆز و بیرکردنەوانەی کە لە هەقیقەتدا هەستیان پێ دەکەین. لەوە تێگەیشتبوو ئەگەر هەندێک زێدەتر هەقیقەت ڕابوەشێنیت، ئەوا دەگاتە جێیەک کە لە نێو ئەندازەیەکی دیدا خۆی نمایش دەکات کە وڕێناوی، بێهوودەیی، ئەندێشاویترە.

ئەو پێشنیازی ئەوەی کرد کە بەربادترین وڕێنەکانی ترس لە بەرانبەر بەندۆڵی شادیدا دەروازەکانی پارێزراو نییە. بەڵام هەموو پەند و وانەکانی کارامەیی داهێنانی ئەو لە ئاست ئەوەی دەربارەی بوونی مرۆڤایەتی و سیاسەت فێری کردم زۆر بێڕەنگ دێنە پێش چاو.

ئەگەرچی ئەو کارەکتەرانەی کە لە بەرهەمە بەراییەکانیدا بەو جۆرەی کە هەن، زۆر بەخەمی گۆڕینی دنیاوە نین، ئەوەندەی کەسانێکی خەمگینی خولقاندووە کە گرفتاری مانەوەی خۆیانن، ژیانی ئەو ژن و پیاوانەی کە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی ئەوە بەگوێی بینەرانا دەدرکێنن لێرە و لەوێ، کە دەسەڵات لە بەرز و نزمبوونەوەدایە، کە ئەمە لەلای گەلێک لە نووسەرانی تر ئامادە نییە، تەنانەت بەدیاریکراوی لەلای ئەوانەش کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی سیاسەت ئەزموون بکەن یان بەڕوویدا ڕابوەستنەوە.

هەموو دەسەڵاتەکان، هەموو پاوانخوازی و ئازادیخوازییەکان لەوێوە

دەرکەوتن، ویستی ئەوە بڵێ، لەو ژووره سیخناخانەوە بەتۆقین، هەرچی وشەیەک کە وتراون، هەرچی ئاماژەیەک کە پشتگوێ خراون، دەبێ بخوێندرێنەوە و ڕاڤە بکرێن، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵگری کۆمەڵێ بەهان کە هیوا و جەورکێشانیان لێ دەتکێ.

تۆ دەتەوێ دنیا ڕەها بکەیت، مرۆڤایەتی لە دەست بێدادی ڕەها بکەیت؟ بڕوانە ناوەوە، بڕوانە لا ڕێگەکان، بڕوانە ئەو توندوتیژییەی لە ناو زماندا خۆی حەشارداوە، زمانیش وەک ئەوانی تر هاوشانی توندوتیژییە، دڵڕەقییەکە بەرانبەر جەستە ئەنجام دراوە، بەرهەم هێنراوە.

دوو پیاو لە سەردابێکدا چاوەڕێی کوشتنی کەسێکی ترن، پیرەمێردێکی بێ جێ و لانە لە ژوورێکی پەڕپووت دەگەڕێ، ئاهەنگێکی لەدایکبوون لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە قۆرخ دەکرێ، ژنێک پەرێشانی ئەوەیە کە دەرنەکرێ، کوڕێک لەگەڵ ژنە نەناسراوەکەیدا بۆ سەردانی خێزانە هەژارەکەی دێتەوە، دیمەنێکی بەرایی لەسەر ناپاکی کە دەکرێ لەهەر شوێنێکی ئەم ئەستێرەیەی ئێمەی لە سەری دەژین ڕوو بدات، بەرجەستەکردنی بێ ئەندازەیی و نائارامی لە دیمەنی سروشتی تۆقین، ئەو بارودۆخە پڕ لە نائارامییەی کە ژمارەیەکی بێشوماری مرۆڤانی هاوچەرخ پێوەی دەناڵێنن، چیرۆکی پشتگوێخراوی سەدەی بیستەم.

کارێکی سروشتییە کە من بایەخم بەکۆمەڵێک چیرۆک داون کە لەسەر خاکی ئینگلتەرا لە دایک بوون، بەڵام من کاریگەری و سێبەریان لە دنیاکەی خۆما، لە نێو ئەمریکای لاتیندا دەبینمەوە.

چەند پیاوی وەک دەیڤد "لە شانۆیی سەرایدار" بەم شەقامی



سانتیاگۆیەدا تێ پەڕیون؟

چەند پیاوکوژ کاتەکانی خۆیان لە نێو زیندانە شێدارەکانی (بۆینس ئاریس) بردووەتە سەر؟

ئەی چەند پیاوکوژی تر لە سبەینێدا لە زیندانەکانی سان پاولۆدا چاوەڕێمان دەکەن؟

ئەی چۆن ئەو چیرۆکانە بگێڕینەوە بەو جۆرەی کە ڕێزی خەمباری ئەو مرۆڤانە پێشێل نەکەین کە خەریکە ڕوحیان دەکێشرێ، بەوپەڕی بێ ڕەحمییەوە ئەو دەمامکانە لە ڕوخساری ئەو ژیانە بکەینەوە کە خۆمان بۆ خۆمان دروستمان کردووە، هەروەها دەبێ زۆر میهرەبان بین، بەڵێ هەر زۆر نەرمونیان لەگەڵ ئەوانەی کە بوونە قوربانیی فریوخواردنی خۆیان؟

## پینتەر دەیزانی چۆن

بیری منی بەهۆشمەندیی خۆی فراوانتر کرد، بەجۆرێک بەلای خۆیا ڕای کێشابووم کە یەکەم کتێبم لێکۆڵینەوەیەک بوو لەمەڕ شانۆییەکانی ئەو. ساڵانێک دواتر کاتێک کە دەستم دایە نووسین بۆ شانۆ، جوانناسیی ئەو بەهانامەوە هات و یاریدەی دام کە بەرگەی تەنیاییی خۆم بگرم. لەو کاتەدا شانۆی مەرگ و پاکیزەم پێشکێش کرد بەو، ئێمە ئیتر تەواو لێک نزیک بووبووینەوە، ئەو و من و خێزانەکانمان، ئەنتۆنیا و ئەنجێلیکا، بەڵام هەموو شێو و گەشتەکانمان لە ڕاستیدا درێژە و بەردەوامی ئەو گفتوگۆیانە بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە بەرلەوەی من بەهاوڕێیەتی ئەو شەرافەتمەند بم لەگەڵی دام مەزراندبوو.

ئەو ئێستا بەجێی هێشتین، ئیتر دەبێ ڕووبەڕووی دنیایەک ببمەوە کە چی تر بۆم ناکرێت ژمارەی تەلەفونەکەی دابگرم و گوێم لە دەنگە تینووەکەی بێ، یاخۆ لەگەڵ ئەو برا گەورەیەمدا دانیشم و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لێرە و لەوێ ڕیسوا بکەین، یاخۆ دواین هۆنراوەی لە ناو پۆستی نامەکانما ببینمەوە.

من لەگەڵ ئەو ئاسوودەییەدا بەتەنیا بەجێ ماوم کە زێدەتر لە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە شانۆییەکانی ئەودا دۆزیمەوە، دابڕاو لەو دڵ و هۆشە نهێنی ئامێزەی کە هەمیشە ئامادەیە بۆ ئەوەی بەهانامانەوە بێ، بەهانای من و چەندانی وەکو فاروق هۆمەرەوە، کە لەم دنیایەدا لە ژماردن نایەن و لە شکۆمەندی و بەدبەختییەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە تێ دەگەن.

ئەم نووسینە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی:

You want to free the world from oppression?
Ariel Dorfman
Washington post
Published 08 January 2009
Ariel Dorfman on the life and work of Harold Pinter (1930-2008)



## شتێک کە لەگەڵ قەنەفەدا دەکرێت

کاتە بەسەرچووەکان، سەروبەندی لەگەڵ یەکگرتنەوەی هاوڕێ کۆنەکاندا هەیە: دیلی و کەیت، ئەو ژن و مێردە لە نیوە تەمەن هەڵکشاوەدا، لەگەڵ ئانا، کە بیست ساڵ لەمەوبەر هاوژووری کەیت بووە. دەربارەی یادەوەری لەگەڵ یەک دەدوێن و بەگژ یەکدا دێنەوە، ڕابردوو تەواو دەشکێتەوە. لە هەقیقەتا بیست ساڵ لەمەوبەر چی ڕووی داوە، ئەی چی لەسەر تەختەی شانۆ دەگوزەرێ؟ تۆ بڵێی دیلی بیست ساڵ لەمەوبەر ئانای ناسیبێت، ئەگەر ناسیویەتی ئەو پێوەندییە چۆن بووە؟ ئایا کەیت و ئانا پێوەندییەکی لێزبیەنیان "پێوەندیی سێکسیی مێ لەگەڵ مێ" پێکەوە هەبووە؟ لەبەر ئامادەنەبوونی هیچ ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن نووسەرەوە، بیروڕای کەسانی تر زۆر بەخێرایی خۆیان خزاندە ناوەوە بۆ شیکردنەوەی شانۆییەکە. یەکێک لەوانەی کە هاتنە ناو ئەم یاریی گومانکردن و پەی پێبردنەوە پیتەر هاڵە، کە لەلایەن خۆیەوە زۆر بەڕوونی، بیروڕای خۆی ڕاگەیاند کە ئەم شانۆییە هیچ پێوەندییەکی بەلێزبیانەوە نییە. بەهیچ کلۆجێ ئەم شانۆییە دوور و نزیک بەلای سێکسدا ناچێ و کلیلی وازکردنی ئەم شانۆییە ئەو هێڵەیە کە "دەربارەی سادەگی یان سادەگی چییە؟"

لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧١ دا نووسەری شانۆییەکە لەگەڵ هاڵدا هات بۆ نیویۆرک بۆ نمایشکردنی "کاتە بەسەرچووەکان" بەڕۆژ و هەندێ جاریش بە شەویش سەرقاڵی کارکردن بوو لەو بەرهەمەدا و

کاملکردنی گرووپی کار، ئەوانەی کە تازە بوون، ڕۆبەرت شۆ و ماری یۆر و ڕۆزماری هاریس بوون.

دانیشتنی من لەگەڵ ئەودا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ بوو، لە دوای مەشق و ڕاهێنان، کە بەتەنیا بۆ خۆی لە باڵێکی میوانخانەی پیەر بوو، ڤیڤیان مێرچەندی خێزانی، لە شانۆی کاتە بەسەرچووەکان هێشتا لە لەندەن ڕۆڵی ئانای یاری دەکرد، دانیالی کوڕە سیانزە ساڵانەکەشی لە قوتابخانە بوو.

لە ماوەی وتووێژەکەماندا کە گەیشتبووە دەمەو ئێوارە، پینتەر هەستا ساندویجێک بخوات، جار جار قاوە و دواتریش ویسکیی سکاچی لەگەڵ سەهوڵدا دەخواردەوە و بەردەوامیش جگەرەی دەکێشا. لەگەڵ هەناسە هەڵکێشاندا سەر و بۆری بۆ قسەکانی دادەنا. زوو زوو بێدەنگ دەبوو یان وچانێکی دەگرت و وشەکانی هەڵدەسەنگان و زۆر جاریش بەدوای وشەیەکی تر دەگەڕا کە ئەو مانایە بگەیەنێ کە خۆی دەیویست.

بەدەنگێکی ئەکتەرانەی پڕ لەرینەوە، زۆر بەقووڵ و ڕوونی و هەندێ جاریش کورت و پڕاوپڕ لە مانا دەدوا.

گەلێک زانیاریی گرینگ و لۆژیکانە و هەست و سۆزێکی وا کە هەندێ جار زۆر بەهێمنی و نەرمی و هەندێ جاریش زۆر خێرا و کتوپڕ ڕای دەگەیاند، وەک ئەوەی کەسێک بە سەرسەریەوە ڕاوەستابێ و گوێی لێ بگرێ. وێنەی کەسایەتییەک کە تەواو توانای بە سەر ڕێبەریکردنی خۆیدا هەبێ.

من بەوە قسەکانم دەست پێ کرد کە شانۆی "کاتە بەسەرچووەکان"م لە لەندەن دیوە و پێم وابووە کە ئەو بەرهەمە هەموو پێکهێنەرەکانی



شانۆییەکی کاملی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووە. نیگەرانی ئەوەم کە لە نیویۆرک دەبێ چۆن کاری تێدا بکەی. ئەو وا وەڵامی دامەوە کە لەو دەمەوە گرووپێکی تر لە ئەکتەر کاری نواندن ڕادەپەڕێنن، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە دەبێ ئەو هاوسەنگییە لە نێوان ئەوەی ئازادیی تەواو بە ئەکتەرەکان بدرێ بۆ ئەوەی گوزارشتی خۆیان بکەن و لە نێوان ئەو شکڵ و شێوازەی بەرهەمەکەی لەندەنیش بەخۆوەی گرتبوو، بپارێزرێت. ئەو وتی کە کەسێتییەکان بەئەزموونی تایبەتی ئەکتەرەکان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی منا، ئەوەی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی ناخودئاگا ئەویش بۆ خۆی ئەزموونی خۆی بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکانی. ئەوە شتێکی ڕوونە کە لەبارەیەوە شارەزام، ئەو وتی. بێدەنگییەک درێژەی کێشا، بڕیاری ئەوەم دا کە شتێکی تایبەت بپرسم. لە شانۆییەکەتاندا دیڵی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بۆ یەکەم جار ژنەکەی لەو کاتەدا ناسیوە کە هەردووکیان پێکەوە فیلمی "پیاوە سەیرەکە"یان بینیوە.

مێل گەساو: بۆ خۆتان فیلمی پیاوە سەیرەکەتان بینیوە؟

هارۆڵد پینتەر: بەڵێ.

مێل گەساو: ڕۆژگارەکەیتان لە بیر ماوە؟

پینتەر: بەڵێ لە ڕاستییا لە بیرم ماوە، بەڵام بەتەنیا نەبووم، لەگەڵ کەسێکدا بووم لە سینەما، کە هاتیشمە دەرەوە ڕێکەوتی هیچ کچێکم نەکرد تاوەکو زەماوەندی لەگەڵا بکەم، هەروەها کۆمەڵێ جیاوازیی تریش. بەڵام وا بزانم لەوە دەکات ئەو ڕۆژەی کە ئەو فیلمەی پیاوە سەیرەکەم تێدا بینی، ڕۆژێکی زۆر گەرم بووبێت. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ئەو مامەڵەکردنە ناسکە بوو لەگەڵ ڕابردوویەکی

تەمومژاویدا.

جێگەیەک هەیە لە شانۆییەکەدا کە دیلی بە... دەڵێ، هاوڕێیەک کە بیست ساڵ لەمەوبەر لە مەیخانەیەکدا یەکیان دیوە. باشە، هەقیقەتەکە ئەوەیە کە لەوانەیە وا بێت، لەوانەشە وا نەبێت.

ئەگەر تۆ پرسیارت دەربارەی بیرکردنەوە لێ بکرێ، لە ڕاستیدا تۆ ناتوانی دڵنیا بی لەوەی کە بیست ساڵ لەمەوبەر کێت بینیوە. یان لە چ بارودۆخێکدا.

گەساو: ئانا لەم شانۆییەدا کلیلی ڕوداوەکانی بە دەستەوەیە: ڕووداوگەلێکی زۆر هەن کە مرۆڤ ئەندێشەیان لێ دەگرێ، ئەگەر چی ڕەنگە بەهیچ جۆرێکیش ڕوویان نەدابێ. لە گەوهەردا تۆ دەتەوێ وا بڵێیت....

پینتەر: ئەوە زۆر ڕاستە.

گەساو: بێگومان ئەوەی کە ڕوو دەدات، هەر وەک چۆن لە شانۆیی "بەماڵ شادبوونەوە"شدا ڕووی دا، خەڵکان دەکەونە یاریی گومانکردن و پەی پێبردنەوە: ئایا یەکتریان بینیوە؟ ئایا پێکەوە خەوتوون؟

پینتەر: پێم وایە ئەوە تەنیا کات کوشتن بێت.

گەساو: لە ڕوانینی خۆتەوە، هەقیقەتی ئەوەی کە یەکتریان بینیبێت یان پێوەندیی سێکسییان پێکەوە هەبووبێت هیچ بەلای خۆتەوە گرفتێک نییە؟

پینتەر: نەخێر، بەهیچ جۆرێک. هەقیقەت هەمیشە گرانە، بەوەی بزانیت لە هەر کاتێک لە کاتەکانا چی ڕوو دەدات. پێم وایە زۆر سەخت بێ کە بزانی دوێنێ چی ڕووی داوە. تۆ ئەو مەسەلە کاسۆلیکییە کۆنە دەزانیت، گوناه لە مێشکایە؟ شتگەلێکی زۆر



ئەندێشە کراوە، ئەو ئەندێشەکردنەش وەک هەقیقەت ڕاستن.

گەساو: ئایا لەوە دەکات ئەگەر ئەو یەکتربینینە ڕووی نەدابێ، ماناکانی ئەو پێوەندییە پووچ بکاتەوە؟

پینتەر: نەخێر. لە هەقیقەتا ئەو شتەی کە ئەو دەیڵێ و ئەوان باسی لێوە دەکەن ڕوویان داوە، هەتا ئەگەر ڕووشی نەدابێت، لە ڕاستییا بۆ من وا دەکەوێتە ڕوو کە لە ئێستادا بەشێوەیەکی زیندوو سات و وەختێکیان بۆ بخوڵقێنم. بەپێی ئەو وشانەی ئەو بەکاریان دەهێنێت زۆر بەتەواوی لەوە دەکات بە بەرچاوی خۆتەوە ڕوویان دابێت. دوای تەواوبوونی ئەو بەشە تایبەتەش لە شانۆییەکە ئەوان لەو چرکەساتەدا کۆمەڵێک شت هەیە کە کۆیان دەکاتەوە.

گەساو: کەواتە لەوە دەچێ و لەوەش ناچێت کە لە شتێکەوە هەڵهێنجرابێ کە لە ڕابردوودا بوونی هەبووبێ یان نەبووبێ؟

پینتەر: ڕاستە. [وچانێک]

گەساو: من گومانی ئەوە دەکەم کەسێک بیری بۆ ئەوە بچێ کە شتێکی هاوشێوە لە ڕابردوودا ڕووی دابێت. دیلی ڕەنگە ئانای نەناسیبێ، بەڵام زۆر لەوە دەکات کە کەسێکی هاوشێوەی ئانای ناسیبێت.

پینتەر: پرسیاری ناوێ. ڕەنگە لە ڕاستیشا ئانای ناسیبێت. هەموو ئەوەی ئەو دەیڵێ وا نیشان دەدات کە ئانای لە مەیخانەکە بینیبێت و وێری خواردنەوەی کردبێ و دوای ئەوەش پێکەوە بۆ ئاهەنگێک چووبن و تەماشای تەنوورەکەشی کردبێ. لێرەدا هیچ بەڵگە و نیشانێک لە ئارادا نییە ئەوەمان نیشان بدات کە ئەوە ئانا بووە یان نا. بەڵام زۆر لەوە دەکات کە ئەو بووبێت. مەبەستم ئەوەیە کە لە ناوچەیەکدا ژیاون.

گەساو: لە دوای شانۆیی بەماڵ شادبوونەوەوە ئەوەت ڕاگەیاند کە چی تر لەوە زێتر بۆت ناکرێ لە نێو ژووردا بمێنیتەوە، لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کە دەرگە دەکەنەوە و دێنە ژوورە و دەچنە دەرەوە. دیمەنێکی سروشتی و خامۆشی دوو کورتە شانۆیی شاعیرانەی یادەوەرین کە لە نێوانی "بەماڵ شادبوونەوە" و "کاتە بەسەرچووەکان"دا نووسراون، کە هەردووکیان لە شێوازدا جیاوازن، بەهیچ جۆرێکیش توندوتیژییان تێدا نییە.

ئەوەی بەلای منەوە ڕوون و ئاشکرایە، "کاتە بەسەرچووەکان" درێژکراوەی هەمان ئەو کارەیە کە لە "دیمەنێکی سروشتی" و "خامۆشی"دا کردووتە. دەمەوێ بپرسم ئایا ئێوە هەستتان بەوە کردووە؟

پینتەر: من وا هەست دەکەم. بەڵێ، ئەو هەستەم هەیە، بەڵام هەرگیز بۆم ناکرێ خۆم بخەمە هەڵوێستێکی واوە کە دەرک بەوە بکەم، یان هیچ جۆرە دادوەرییەک لەسەر کارەکانی خۆم بدەم لە ڕووی گەشەسەندن و ئەو ڕێڕەوەی کە هەڵی دەبژێرم. من ئەوە بۆ ئەو کەسانە بەجێ دەهێڵم کە بۆ خۆیان پێیان خۆشە ئەو کارە بکەن. من ناتوانم، لەبەرئەوەی من تا نێوەند هاوەڵییان دەکەم. من دەتوانم و ئەنجامی دەدەم، چەند دادوەرییەک دەدەم، دادوەرییەکی تایبەتی خۆم لەسەر کارەکەم، لە ڕووی ئەوە... شێوە و ڕەوایەتییەوە.

ئەوە پێوەندیی بەخۆمەوە هەیە. من زۆر ڕەخنە لە خۆم دەگرم، بەڵام بیر لە بابەتەکە ناکەمەوە کاتێ کە دەنووسم. بەڵام بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم بگەڕێمەوە سەر بابەتی پرسیارەکەت دەربارەی دەرگە و ئەو شتانەی تر. من بە تەواوی بەدوای ئەوەوە بووم کە شتێکی تر بەکەڵکی



من دێ. من چی تر بۆم ناکرێ لەگەڵ ئەو دەرگە نەفرەتییانەدا هەڵبکەم. لە هەقیقەتا ئەوە ڕاستە کە لە کاتە بەسەرچووەکاندا ئەو ژنە بۆ خۆی لەوێیە، بەڵام لەوێش نییە. کە دەستم بەکارکردن کرد و ئەو ئەندێشەیەم بۆ هات هەستم بەخۆشنوودی کرد.

گەساو: بیرت لەوە کردووەتەوە کە ئەو ژنە "مەبەست کەسایەتیی ئانایە" وەک جەستەیەک لەوێ نەبێ؟

پینتەر: بەڵێ بیرم لێ کردووەتەوە. ئایا لە ڕاستییا ئەو لە دەرگەوە دەڕواتە ژوورەوە؟ ئەی ئەگەر لە دەرگەوە چووە ژوورێ، ئەوە دەبێ هەر هەموویان پێکەوە نانی ئێوارە بخۆن، لەبەرئەوەی دووبارە و سێ بارە باسی لێوە کراوە. یان دەبێ پرس لەسەر یەکێک لەو نەزانراوانە بکرێ؟ لە ناکاوێک بۆ خۆی لەوێ بوو ئیتر – دیمەنی دووەم خولقا و لە دواجاریشا بۆ خۆم نازانم چۆن ئەو شتانە ڕوویان دا. بیرم لەوە کردەوە کە ئەو لەوێیە.

ئەو لەوێیە. لە گۆشەیەکی سەر دەستنووسی یەکەم، تێبینییەکم هەبوو نووسرابوو "بەدرێژاییی هەموو کاتەکان ئانا لەوێیە، نیشانەی پرسیار" بێگومان ئەوە بەو جۆرە بوو و، کاتێکیش ئەوەم بۆ دەرکەوت گەلێک دڵخۆش بووم.

گەساو: خەڵک هەمیشە هەوڵ دەدەن کە ڕاڤەیەکی دەقاودەق بدەن بەشانۆییەکانت. بەڵام دیمەنێکی سروشتی و خامۆشی بەدڵنیایی ڕیالیزم نین، هەروەها کاتە بەسەرچووەکانیش. ئایا ئەمە بۆ ئەوە بەجێ دەمێنێ کە ئێوە چۆن ڕیالیزم دەبینن؟ ئایا هەر پیاوێک خاوەنی جۆرێک لە ڕیالیزمی خۆی نییە. ئێوە لەو ڕووەوە هەست بە ئازادییەکی تەواو دەکەن؟

پینتەر: ئۆ بەڵێ. وەختێک "کاتە بەسەرچووەکا"نم نووسی هەستم بەئازادییەکی تەواو دەکرد.

گەساو: بەبەراورد بەشانۆییەکی وەک ئاهەنگی چاخواردنەوە، لە کامیاندا زیاتر ڕوونترە کە چی ڕوو دەدات، گەلێک خاڵی نەزانراو لە ئارادا هەیە و کەچی لە خۆوە دیمەنی دووەم دێت.

پینتەر: پێم وایە زەمینەکە کەمێک بۆ من گۆڕا. شتێک کە هەمیشە بۆ من نەزانراوە سەرنجم کێش دەکات – من نامەوێ زۆر لەوە زیاتر خۆم تەفرە بدەم – ئەوە زیاتر لە سیانزە ساڵە، لەو کاتەوەی دەستم بەشانۆ نووسین کردووە، خەڵکانێکی زۆر پێیان وایە کەسایەتییەکانی من ترسناکن یاخۆ ڕاڤە هەڵناگرن. ناناسرێنەوە. تێبینیی ئەوەم کردووە کە گەلێک جار کەسایەتییەکانم، بە ساردییەکەوە، بەڵکو تەنانەت بەڕقێکەوە مامەڵە کراون. [وچانێک].

گەساو: هەست ناکەی ئەو مامەڵەکردنە هەندێک ڕاستی تێدا بێت، پێت وا نییە؟

پینتەر: نەخێر، هەست ناکەم. من هەمیشە بایەخم بەوە داوە کە هەوڵ بدەم ئەوەندەی بۆم دەکرێ بەدوور لە هەر نادروستییەک بەبەرچاو ڕوونییەوە لێیان بڕوانم کە ئەوە بۆ خۆی هەست ناسکییە و، تا هەنووکەش لەسەر ئەو بایەخ پێدانە بەردەوامم، ئەوەش زۆر ئاسانە کە خۆت و کەسایەتییەکان و هەر هەموو شتە نەفرەتییەکانی تریش هەست ناسک بکەی. بەڵام من تا ڕادەیەک هەندێ جار لەگەڵ کارەکتەرەکانم ڕەق بووم.

بەڵام ئیستا هەست دەکەم کە لەوە دەچێت لە ناخەوە ئەو توانایەم هەبێ، کە هیوا دەخوازم، هەروا سەخت و ناسۆزدار بمێنێتەوە،





ڕاستگۆ بێ بەرانبەر هەر شتێک کە لە هەقیقەتا لەلایەن ئەو خەڵکەوە ڕوو دەدەن، بەڵام زۆریش ڕەق نەبێ. من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، لە ئاهەنگی چا خواردنەوەدا، کە تۆ باست کرد، کەسێتیی دیسن، کە کارەکتەرێکی سەرەکییە لە شانۆییەکەدا، چرکەساتێکی زۆر گرفتاویی هەیە. وام داڕشتووە کە لە پەلوپۆی بخەم. هەر لە سەرەتاوە وێران بووە، من لەبەرئەوەیە ئەو شانۆییەم خۆش ناوێت. هەر لەو ساتەوەی پێ دەخاتە سەر تەختەی شانۆ پیاوێکی زانراوە.

گەساو: هیچ کارەکتەرێکی واتان نەخوڵقاندووە کە ناکەس بەچە بێ؟

پینتەر: پێم وایە کە هەردوو کارەکتەری گولدبێرگ و مەککان، لە شانۆی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" دا وەک دووانەیەکی شەڕانگێز تەماشا دەکرێن. بەڵام من زۆر سەرسامم پێیان.

گەساو: لەلایەکی ترەوە، کارگەلێکی قارەمانانە لە شانۆییەکانی ئێوەدا ڕوو دەدەن، ئایا هیچ وشەیەکی هەڵە لە شانۆییەکانتا هەیە؟

پینتەر: قارەمانی؟ [وچانێک] نا بڕوا ناکەم ئەوە بەکار بێ. من ناتوانم بیر لە هیچ قارەمانێتییەک بکەمەوە. بەڵام پێم وایە هەندێک لە کارەکتەرەکانم ئازایەتییەکی زۆریان نیشان داوە و توانایەکی لە بن نەهاتوویان هەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا، بۆ نموونە کەسێتیی دەیڤید"یەکێک لە کارەکتەرەکانی "سەرایدار" و پێم وایە هەر سێ کارەکتەرەکان لە شانۆی سەرایداردا.

گەساو: مەبەستان لەوەیە کە ئێوە ئیستا لەگەڵ خەڵکانێک تێکەڵن کە لە دەردەداری دەپێچنەوە؟

پینتەر: نا من گرینگی بەوە نادەم کە خەڵکی چۆن بیر دەکەنەوە. ئەوە بەتەواوی کاری خۆیانە. من بۆ خەڵکانی تر نانووسم.

گەساو: بەڵام هەست دەکەی کە کارەکتەرەکانت گۆڕانیان بەسەردا هاتووە؟

پینتەر: من هەست دەکەم [پێ دەکەنێ] گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا هەیە. بەهەڵە لێم تێ مەگە. من لە پاڵ زۆربەی ئەوانەدا ڕادەوەستم کە دەیاننووسم. من پێم گوتی کە دوودڵیم لە بەرابنەر "ئاهەنگی چا خواردنەوە"دا هەیە، لە ڕاستیدا من هەموو جۆرەکانی دوودڵیم لە بەرانبەر هەموو شتێکدا هەیە. تاوەکو "کاتە بەسەرچووەکان"، "بەماڵ شادبوونەوە"، لە ڕووی داڕشتنەوە لە باشترینی ئەو کارانەیە کە تا ئێستا خۆم لێیان قایلم.

گەساو: ئێستا پێت وایە "کاتە بەسەرچووەکان"یش هەمان جۆر بێ؟

پینتەر: بەڵێ. بەفیڕۆدانی تێدا نییە. دیمەنێکی سروشتی و خامۆشی، دوو شانۆی زۆر کورتن. من پێم وا نییە کە "خامۆشی" کارێکی زۆر سەرکەوتوو بێت، بەڵام هەستم کرد دەبێت بینووسم. جۆرێک بوو لە بەرەڵاکردن.

گەساو: ئایا لە "دیمەنێکی سروشتی" زۆر ڕازین؟

پینتەر: نەخێر. بەهیچ جۆرێک. لە ڕووی داڕشتنەوە "دیمەنێکی سروشتی" زۆر تەواو نییە. بۆم نەکرا شتێکی ئەوتۆی لەگەڵا بکەم. بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە "کاتە بەسەرچووەکان" بۆ من تەواوی سەنگینیی لە خۆ گرتووە. من دڵنیام کە خەڵکانێکی زۆر لە دوای ئەوەی کە دەیبینن بەتەواوی ناڕازی دەبن. لەگەڵ زۆر لە شانۆییەکانم خەڵکان زۆر زۆر بەتوندی بە وەڵام دێن.

گەساو: کات، تا مەودایەکی تەواو تۆ ڕادەگرێت. خەڵکانێک کە ئارەزوویان نەکردووە شانۆییە بەراییەکانی تۆ پەسەند بکەن ئێستا



وەک کلاسیک ئاوڕیان لێ دەدەنەوە.

پینتەر: شتێکی پێکەنین هێنەرە. وەک خۆت ئاگات لێیە "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە ساڵی ١٩٥٨ دا لە لەندەن گۆشاو گۆش سەربڕدرا. تەنیا هەفتەیەک بەردەوام بوو. لە دوای کاتە بەسەرچووەکان یەک دوو خوێندنەوەی بۆ کرا کە دەڵێ ئەوە بەڕادەیەک گوناهە کە هەقە شانۆی وەک "ئاهەنگی لەدایکبوون" نەنووسێت کە بێزراوترین شانۆی جیهانییە کە زۆر لە مێژەوە تا ئێستا لەندەن بەخۆوەی بینیبێت.

"سەرایدار" لە پاریس شکستێکی گەورەی خوارد، خەڵک دەیانپرسی دەبێ چی ڕووی دابێت؟ منیش گوتم تەنیا هەر ئەوەیە کە خەڵک خۆشییان پێ نەهات. ساڵی پار جارێکی تر لە پاریس نمایش کرایەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. من با.....

گەساو: ئێوە بایەخ بەوە نادەن کە ڕەخنە چی دەڵێت، وا نییە؟

پینتەر: من خەریک بوو ئێستا ئەوەت پێ بڵێم. لە ڕاستییا نەخێر. ئەوە پرسیاری ناوێ کە ئەوان حەز بەوە دەکەن کە تۆ دەیکەیت یان نا. ئەوە زۆر سەرنجم ڕاناکێشێت، بەڵام جاروبار لە ڕاستییا شتێک کە گوتراوە یان دەگوترێ سەرنجی ڕاکێشاوم بەهەردوو بارەکەدا چ خوێندنەوەیەکی باش بووبێت یان خراپ بووبێت.

گەساو: دەتوانی بیر لە هەر شتێکی خراپ بکەیتەوە کە دەربارەتان گوترابێ و سەرنجتانی ڕاکێشابێ؟

پینتەر: بەڵێ دەتوانم. شتێک کە پێم وایە تا ڕادەیەک زۆر پێکەنین هێنەر بێ. نایجیل دێنەس بۆ کۆواری ڕەخنەی نیویۆرک شتێکی گوتووە بەوەی کە شانۆییەکانی من زۆر بەسادەیی کۆمەڵێ مەشق و

ڕاهێنان بوون بۆ ئەکتەر، تەنیا کۆمەڵێ پارچەی باش بوون [پێدەکەنێ] بۆ ئەکتەر. ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە وتوویەتی. بەدڵنیاییی لەوە زیاتر نا. شتێکی ئەوتۆیان تێدا نییە بۆ سەلماندن. تەنیا بارودۆخی ئەکتەرەکان کە ئاسوودەن یا غەمگین و هیچی تر. کەسێکی شۆخی بازە و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕووخێنەرە. منیشی بەوە تووشی سەرسوڕمان کرد. بیرم لەوە کردەوە تۆ بڵێی شتێکی وا هیچ ڕاستییەکی تێدا بێت؟ دوایی بیرم لەوە کردەوە کە ئەوە خەمی من نییە لە نووسین. من نانووسم بۆ ئەوەی پارچەی باش بخەمە بەردەم ئەکتەر. هەروەها بیرم بۆ ئەوە چوو ئەگەر ئەوە واشبێت بۆچی ئەو خەڵکە خۆیان دەسخەڕۆ یان گێل دەکەن؟ ئەوانە چۆن دەبزوێن؟ یان بۆچی دەبزوێن ئەگەر ئەو شتانە ئاوا بێ ئەرزش بن؟ بۆیە بڕیارم دا کە بێگومان لە پشتی ئەو بیر و بۆچوونەوە نهێنییەک هەیە.

گەساو: من کە شتێکی وا دەبیستم پرسیار لەوە دەکەم کە ڕەخنەگرەکە تا چەندێک پەی بەزەمینەی نووسەرەکە بردووە، ئەگەر لە بنچینەی ئەو هەقیقەتەوە هەڵقوڵابێت کە تۆ نمایشی دەکەی. بەڕاستی تۆ هەندێ پارچەی باش دەنووسیت بۆ ئەکتەر؟

پینتەر: هیوا دەخوازم وابێت. من بۆ نواندن دەنووسم، بۆ ئەکتەر کە نمایشی بکات. بەڵام ئەوە لە هەنگاوی دووەمدا دێت. لە هەنگاوی یەکەمدا کارەکتەرەکان دێن. پارچەیەکی باش دەبێت بۆ ئەکتەر ئەگەر کارەکتەرەکان بۆ خۆیان بوونیان هەبێ و پڕ بن لە زیندەگانی.

گەساو: چۆن ئەوە دەستنیشان دەکەی کە کام لە کارەکتەرەکانت پێخۆشە ڕۆڵیان تێدا ببینی؟

پینتەر: من لە کاتی نووسیندا بیر لەوە ناکەمەوە. ئەو ئارەزووە لە



کاتێکی گونجاودا لام دەخوڵقێت.

ویستوومە کە خوێندنەوەم هەبێ بۆ ڕۆڵی لینی لە "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"، کە زۆر چێژم لێ بینیوە.

ڕۆڵی گۆڵدبێرگم یاری کردووە، کە زۆر گەنجتر بووم بۆ ئەو ڕۆڵە. لە لەندەن بۆ پێنج هەفتە ڕۆڵی مایکم یاری کردووە لە شوێنی ئالان بەیتس کە لە نیوەی ڕۆژانی نمایشدا بووە. لە ڕاستییا ئەوە ئەو سێ ڕۆڵانە بوون کە من یاریم کردوون. هەموو ئەوانە بوون. ئەوانە کامانە بوون؟

گەساو: "پیلانگێڕەکان"؟

پینتەر: ساڵانێک لەمەوبەر کاتێ کە خەریکی نواندن بووم هەمیشە ئەو بەشانەم یاری کردووە کە شەڕانگێزی بوون. ئارەزووم لە یاریکردنی ڕۆڵی پیاوانی ئاسایشی بەریتانی MI5 بووە، پۆشینی جلوبەرگی پاکوتەمیز و بە سمێڵەوە.

گەساو: لە خامۆشی و دیمەنێکی سروشتی و کاتە بەسەرچووەکانیشا لەوە دەچێ تۆ زیاتر لەگەڵ ئەویندارییدا مامەڵەت کردبێ، ئایا ئەوە شتێک بووە بەهۆشیارییەوە کراوە؟

پینتەر: ئەویندارى؟

گەساو: ڕۆمانسییەت.

پینتەر: ئێ ئێ، دەزانم مەبەستت لە چییە. مەبەستت لە ئەوینداریيەکی ڕۆمانسییانەیە. باشە لە هەقیقەتا ئەگەر تۆ پێت خۆشە ڕاستییەکەی بزانیت، من پێم وابوو لە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونا من مامەڵەم لەگەڵ ئەوینداریيا کردووە.

گەساو: من دەمزانی کە تۆ ئەوە دەڵێی، بەڵام ئەوە جیاوازە.

پینتەر: بەڵێ جیاوازە.

گەساو: ناتوانم ئەو دواین بەندەی دیمەنێکی سروشتی بەتەواوی وەربگرم، بەڵام بەندێکە لەسەر ئەویندارى.

پینتەر: من گوتم، ئای ئەی خۆشەویستییە خاوێنەکەم.

گەساو: با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە گوتت دەربارەی ئەوەی کە لە توندوتیژی ماندوو بوویت. تۆ بڵێی سیمای توندوتیژی لە شانۆییەکانی داهاتوودا کەمتر ئەو گرینگییەی هەبێت؟

پینتەر: ئۆ! بەڵێ، بەدڵنیاییەوە. دەبێ ئەوە تێ بگەیت ئەوە هەرچۆنێک بووبێت کە گوتوومە ماندوو بووم لە توندوتیژی، وشەیەکم بەکار هێناوە کە من داهێنەری نیم. من هەرگیز بۆ خۆم بیرم لە توندوتیژی نەکردووەتەوە. ڕۆژگارێکی زۆر کۆن ئەوە بەکۆمیدیای توندوتیژی ناوهێنراوە. من هەرگیز خۆم یان هەرکەسێکی تر ناخەمە ناو پۆلێنکردنەوە. بەڵام ئەگەر ئەوەی من لە وشەی توندوتیژی تێی دەگەم کە مانای پێکهاتەیەکی دیاریکراو بدات کە لە ڕابردوودا بۆ شێوازێکی شانۆیی تایبەت بەکارم هێنابێ، ئیتر پێم وایە کە شایەنی ئەوە نەبێت لەوە زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێ. لە دوای ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون هەوڵم داوە چەند سەرەقەڵەمێک بنووسم، بەڵام بۆ ماوەیەک سەرکەوتوو نەبووم. یەک دوانێکیانم لە یاد ماوە، کە یەک دوو لاپەڕەم لێ نووسین، کە بەهەمان شێوە کەسێک دێتە ناو ژوورێکەوە و لەو جۆرانە. بەڵام زۆر وشکوبرنگ بوو، لە ڕاستییا زۆر وشکوبرنگ بوو. نەخێر من ئیتر بەهیچ جۆرێک شێوازی هەڕەشەکردن سەرنجم ڕاناکێشێت، هەروەها پێشم وایە کە چی تر ناتوانێ شانۆییەکی وەک



"ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "شاد بوونەوە بەماڵ" بەشێواویش بخولقێنێت. بەڵام تۆ هەمیشە گیر دەخۆیت، گیر دەخۆیت وەک نووسەر. من لە ڕێگە بڕینی خۆما گیر دەخۆم، هەرچۆنێک بووبێت بۆ ماوەیەکی درێژ. بۆ هەمیشەیی ئەگەر من هەوڵم دابێت خۆم لە تەڵەیەک ڕزگار کردبێت ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە من هێشتا لە ناو تەڵەکەدا نیم.

گەساو: پێت وا نییە ئیستا بەتەڵەوە بووبیت؟

پینتەر: پێم وایە هەمیشە بە تەڵەوەم. زۆر جار بەوپەڕی بێچارەگییەوە هیوادەخوازم کە وەک کەسێکی تر بنووسم. ببمە کەسێکی تر. بەدیاریکراوی کەسێک هەبێت نا. تەنیا ئەوەی ئەگەر بۆم بلوێ قەڵەم بخەمە سەر پەڕاو و لە پڕێک بەتەواوی شتێکی جیاواز بخولقێ. زۆر ناوازە دەبێ ئەگەر ئەوەم بۆ بڕوێ کە کەسێکی تر بم. گەلێک جار ئەو هەستەم هەبووە کە بەیانییان لەگەڵ خۆما بەئاگا دێم. تۆ ئەو هەموو ژیانە نەفرەتییە خۆتت بەتەڵەوە کردووە، تەنیا ئەوەیە بێزار بووم لە خۆم، ئیتر ئەوەندە بەسە کە هەر خۆم بم. ئەو هەوایەی کە دەوروخولی گرتووە هەمیشە ئەو هەوایەیە کە جووڵەی خۆم دەیخولقێنێ. ئەگەر من کەسێکی تر بم، ڕەنگە بتوانم هەوایەکی تر بخولقێنم. هەروەها دەبێ بەتەواوی دان بەوەدا بنێم کە ئەوەی هارۆڵد پینتەر بم، شەکەت و ماندووی کردووم. ئەوە کتومت بووەتە پارچەیەک لە من، هارۆڵد پینتەر سواری کۆڵم بووە و لێم نابێتەوە.

گەساو: هارۆڵد پینتەر کێیە؟

پینتەر: ئەوە من نیم. ئەوە دروستکراوی کەسێکی ترە. ئەوە فزوولییەتە. زۆر جار کە خەڵک زۆر بەگەرمی تەوقەم لەگەڵ دەکەن و

پێم دەڵێن کە خۆشحاڵن بەبینینم. هەست و سۆزێکی تێکەڵ دام دەپۆشێ، لەبەرئەوەی بۆ خۆم کتومت دڵنیا نیم کە ئەو کەسە کێیە کە ئەوان پێیان وایە بینیویانە. لە ڕاستییا ئەوانە کێن کە یەکتریان بینیوە. من ناتوانم زۆر بەتێروپڕی ئەوە ڕوون بکەمەوە. من گەلێک جار لەو خەڵکانەوە هەست بەڕێز و نەوازشێکی زۆر ترسناک دەکەم کە تووشی چارەڕەشییەکی زۆرم دەکات.

گەساو: ئەوە دەبێت زۆر قارسکەر بێت.

پینتەر: بەڵێ وایە.

گەساو: چاوەڕێی چی دەکەن؟ گوزارشتێکی گەرموگوڕ، یان هەر دەرکەوتەیەکی ڕاگوزاری؟

پینتەر: بێگومان زۆربەی ئەوان چاوەڕێی ئەوەم لێ دەکەن کە ئیفلیجێک بم.

گەساو: ئیفلیجێکی دەروونی؟

پینتەر: نەخێر ئیفلیجێکی جەستەیی. [پێ دەکەنێ]

گەساو: بەمێشکێکی شێواوەوە.

پینتەر: خەڵکانێکی زۆر تووشی سەرسوڕمان دێن. بەو هەقیقەتەی کە یەکێک لە ئارەزووەکانم لە ژیاندا یاری کریکتە. هەموو کاتەکان هەم یاری دەکەم هەم تەماشای دەکەم و هەم لەبارەشیەوە دەخوێنمەوە.

ئەوە بەڕوونی خەڵکی تووشی سەرسوڕمان کردووە، ئەوە شتێکی ئاساییە، ئەوە چالاکییەکی تەندروستییە. لە ڕاستییا من پێم وایە لە هەموو ئەوانە ژەمە خۆراکێکی لێ ساز بکەم. ژیان بەتەواوی دەکرێ بەرگەی بگیرێت. من پێم وایە سێ ئارەزووی سەرەکیم هەبێ، زۆر



بەگەرموگوڕی لەگەڵ خێزانەکەم بژیم، کە ژیانێکی زۆر توندوتۆڵمان هەیە. ئەوەش زۆر باشە. هەروەها بێگومان من چێژێکی زۆر لە ئیشکردن لە شانۆ و فیلم دەبینم، دوای ئەوەش کریکت."کریکت یارییەکی بەریتانییە کە لە سەدەی شانزەوە داهێنراوە و دواتر پەرەی زیاتری پێ دراوە. لەم یارییەدا کە لە دوو گرووپ پێک دێن، لایەک تۆپەکە هەڵدەدات و لایەکیش تا هێزی تیایە لە تۆپەکە دەدات و بۆ دوورترین شوێنی گۆڕەپانەکەی فڕێ دەدات. ئەم یارییە گۆڕەپانی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێ دوو کەسیش لە پارکێکا یاری بکەن. دوو ملوێن کەس بینەری دواین یاریی کریکتی جیهانی ساڵی ٢٠٠٧ بوون.

گەساو: ئەوە سێیینەیەکی یەکسانە؟

پینتەر: ئۆ! بەڵێ، سێیینەیەکی یەکسانە.

گەساو: ئایا هیچ یەکێک لەوانە لە پێشتر نایەت.

پینتەر: چاکە. من پێم وا نییە هەرگیز بۆم بکرێ بەهیچ جۆرێک ئاسوودە بم ئەگەر لە خێزانەکەم دابڕێم. لە ڕاستییا ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژە، ئەم گەشتە زۆر کورتە درێژترینیانە کە من لە خێزانەکەم دوور بکەومەوە. بۆ نموونە من جارێکی تر بۆم ناکرێ شانۆ لە نیویۆرک دەربهێنم، لەبەرئەوەی من پێم خۆشە لێرە بم لەگەڵ ئەوەشا پێم خۆش نییە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە خێزانەکەم دابڕێم.

گەساو: هەتا ئەگەر هاوسەرەکەشت لە شانۆییەکەدا ڕۆڵ ببینێ و کوڕەکەشت لەگەڵ خۆت بهێنیت؟

پینتەر: نەخێر تازە ئەوە بەسەرچوو، ئێمە لە "سەرایدار"دا ئەوەمان تاقی کردەوە. بەڵام کوڕەکەم ئێستا تەمەنی چواردە ساڵە و لە قوتابخانە دەخوێنێت و ئیتر بۆی ناکرێ لەندەن بەجێ بهێڵێت.

گەساو: ئایا ئارەزوویەکی چوارەم لە ژیانتاندا نییە، شتێک کە کەمێک بایەخی لاتان هەبێ؟

پینتەر: [وچانێک] من کابرایەکی مەستم، حەزم لە شەراب و ویسکی و...... چەند شتێکی ترەوە. من بەدڵنیاییی کەسێکی ناکۆمەڵایەتی نیم، بەو مانایەی بە نموونەی هەر مرۆڤێکی تر، کاتێک ئەوە دەڵێم من حەزم بە سێکسە و هەروەها پێم خۆشە بیر لە سێکس بکەمەوە.

گەساو: دەتوانی دەربارەی نووسینی کاتە بەسەرچووەکان و کاریگەرییەکانی بدوێیت؟

پینتەر: پێم وابێ لە زستانی ڕابردوودا نووسیم. بەڵێ زستانی ڕابردوو. نزیکی ساڵێک لەمەوبەر. چاکە شتێکی ئەوتۆ نییە کە بۆم بکرێ دەربارەی ئەوە بۆتی باس بکەم، لەبەرئەوەی لە ڕاستییا شتێکی زۆر سەیر بوو. یەکێک بوو لەو کاتانەی کە تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە جارێکی تر هەرگیز بەلای نووسینا ناچیتەوە.

لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابووم "لە ژێرزەمینی ماڵەکەیان لە ڕیجنت پارک لە لەندەن" ڕۆژنامەم دەخوێندەوە لە پڕێکا شتێک بەمێشکما هات کە بەهیچ جۆرێک پێوەندیی بەڕۆژنامەکەوە نەبوو.

گەساو: شتێک کە پێوەندیی بەقەنەفەوە هەبێت؟

پینتەر: ڕەنگە پێوەندیی بەقەنەفەوە هەبووبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێوەندیی بەڕۆژنامەکەوە نەبوو. بەپڕتاو بەرەو ژوورەکەم بۆ نهۆمی سەرەوە هەڵاتم. من لە ماڵێکی دووروودرێژدا دەژیم، هەمیشە زۆر گرفتم دێتە پێش کە دەڕۆمە نهۆمی سەرەوە، بەڵام بۆ خۆشم نازانم چۆن گەیمە سەرەوە.



گەساو: ئەوەی بەمێشکدا هات چی بوو؟

پینتەر: پێم وابێ چەند دێرێکی سەرەتای شانۆییەکە بوو. بەتەواوی دڵنیا نیم لەوەی کە ئایا چەند دێرێکی سەرەتا بووبێت یان نا. دوو کەس دەربارەی کەسێکی تر قسەیان دەکرد. ئەمجا لە ڕاستییا لەسەری بەردەوام بووم [لە پڕێکا] تۆ دەربارەی ئارەزووی چوارەم پرسیارت لێ کردم، لە ڕاستییا خوێندنەوەیە. من زۆر شیعر دەخوێنمەوە.

گەساو: چ شیعرێک.

پینتەر: بەم زووانە جارێکی تر گەڕامەوە سەر پۆپ، لەو کاتەوەی قوتابخانەم جێ هێشتووە نەمخوێندووەتەوە. هێڵ و دێرە شیعرەکانی بەردەوام لە مێشکمایە. دۆن (مەبەستی جان دۆنە) و"جیرارد مانلی هۆبکنس " مارگریت تۆ خەمگینی بۆ ڕوخسەت خواستنی گۆڵدن گرۆڤ" شیعری هاوچەرخ. فلیپ لارکین و ییەتس و ئیلیەت.

گەساو: هەر بەردەوامی لە شیعر نووسین؟

پینتەر: بەڵێ لەم دوو ساڵانەی دواییدا دوو شیعری زۆر کورتم نووسیوە. شەش مانگیش دەبێ شیعرێکی ترم نووسیوە کە حەوت دێرە، بەیادم دێ سیانزە جار پاکنووسم کرد.

گەساو: بەهەمیشەیی چەند جار شانۆییەکانت پاکنووس دەکەی؟

پینتەر: سێ جار، بەڵام ئەوە وەک هەر شتێکی خۆم بەلامەوە گرینگ بوو.. ئەو شیعرە. بەڵام هەر شیعرێک کە... لە ڕووی سۆزدارییەوە. من ساڵانێک لەمەوبەر گەلێک شیعری زۆرم نووسیون.

گەساو: جارێکی تر دەربارەی ئەو دواین سێ شانۆییە، لای من وا دەکەونە ڕوو کە زیاتر بەجۆش و شاعیرانە "لیریک" بن. ئایا ئەوە

شتێک بووە کە بۆ خۆت ئاگات لێی بووە؟

پینتەر: بەڵێ، ئاگام لێی بووە و پێم وایە ئەوە زەمینەیەکی ترسناکە.

گەساو: بۆچی زەمینەیەکی ترسناکە؟

پینتەر: لە کاتی گوزارشتکردنا دەکرێ زۆر بەئاسانی لەسەر پشت هەڵبخلیسکێیت. ئەو لیرەکەی کە تۆ پێت خۆشە "جۆرێ لیریک بێت کە لە ڕاستییا زیاتر لە ژیانی خەڵکاندا ڕوو دەدەن. لەوانەیە کە بکەویتە.... من لە "خامۆشی" دا ئەوەم کرد، بەڵام لێی دوورکەوتمەوە. من پارچەیەکم هەیە کە لە ڕاستییا زۆر زۆر بەدڵم بوو. سەروەختێک کە نووسیم، وەک هەمیشە خووی خۆم، شانۆیەکەم نارد بۆ سامۆئێل بێکێت، بیر و ڕای ئەو وابوو کە دەسکاری بکەم، من ڕێزم لێ نا و ئەویش.. دەیناسم.

گەساو: هەمیشە شانۆیەکانت بۆ ئەو دەنێریت؟

پینتەر: پێم وابێ لەگەڵ "شاد بوونەوە بەماڵ"، ئەوەم دەست پێ کرد. بەڵێ هەمیشە وا دەکەم. ئەویش تێبینییەکانی خۆیم زۆر بەکورتی بۆ دەنووسێت. ئەو زۆر کەیفی بە خامۆشی هات. لە یادمە، ئاماژەیەکی زۆر بچکۆلەی بۆ نووسیم کە گاریگەریی هەبوو " پێشنیاز دەکەم کە پشکنینێک یان پێداچوونەوەیەک بەئاخاوتنا بکەیتەوە، ئاخاوتنی چوارەم لە لاپەڕەی پێنج" [پێدەکەنێت]. شتێک لەو بابەتانە. دوای ئەوە زۆر بەخێرایی چاوێکم بەو ئاخاوتنەدا گێڕایەوە. باشە، پێم وابوو کە هیچ هەڵەیەک لەوەدا نابینمەوە. باشە دەبێت چاو بەچیدا بگێڕمەوە؟ ئەو بەشە بەلامەوە زۆر بێ خەوش بوو، بەڵام لە لای خۆم هێشتمەوە.

ئەوەم لە مێشکما هەڵگرت. بۆم نووسی و پێم گوت، زۆر سوپاس، دەربارەی ئەو بەشەش لە پرۆڤەدا گوێی بۆ ڕادەدێرم و بزانم چۆن



دەکەوێتەوە. ڕاهێنان، دەستی پێ کرد و گوێم لێ گرت، پێم وابوو کە زۆر بێ خەوش بێت. دوای دوو هەفتە لە ڕاهێنان، پیتەر هاڵ هات بۆ لام، من بۆ چەند ڕۆژێک دەبوو نەچووبووم بەو ناوەدا... وتی " ئاخاوتنێک لە شانۆیەکەدا هەیە پێم وا بێت کە تەواو کاری خۆی نەکات" ئەوە هەمان ئاخاوتن بوو، چووم بۆ ئەوێ و بەشێوەیەکی گونجاو گوێم لێ گرت و بۆم دەرکەوت کە بێگومان بێکێت سەد دەر سەد لەسەر هەق بووە.

گەساو: بۆچی کاری خۆی نەدەکرد؟

پینتەر: باشە لەبەرئەوەی کە.... زۆر بەسادەیی زۆر لە ئاستی لیریک سەری کردبوو. گرفتەکە لەوەدا بوو کە لە بنچینەوە نادروست بوو و لە جێی خۆیدا نەبوو و پێم وابێ گرفتە کە هەوڵ بدرێ زمان بەو شێوازە بەکار بهێنرێت. ئەگەر شتێک بەگشتگیری بکرێ دەبێت بە تەواوی لە جێی خۆیدا بەکار بهێنرێت، بێجگە لە زیادەڕۆییکردن، شتێکی تر نەبوو، کە ئەوەش بێ لە منالێکی زۆڵ چی تر نییە. ئەوەش بەسەر ئەوەدا ساخ دەبێتەوە کە کام جۆری زمان لە کام جۆری دەقدا بەکار دەهێنیت، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی ئەو جۆری زمانەی کە تۆ لە شانۆییەکانی ئەم دوایەدا کارت پێ کردووە.

گەساو: هەست بەوە ناکەی کە دەبێ دژی سۆزداری ببیتە پاسەوان؟

پینتەر: من بەتەواوی لێت تێ ناگەم.

گەساو: ئایا ناتەوێ خۆت لە قەرەی شتێک بدەی کە بۆت ناخرێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆتەوە؟ شتێک کە بۆت ناکرێ بەو وردبینییەی کە پێویستە کاری لەگەڵا بکەی؟ "بێدەنگی" تێگەی لیریک لای من جۆرێک لە سۆزداری دەگەیەنێت.

پینتەر: ئەوەی کە سەرنجی من ڕادەکێشێت لە سۆزداری ناوەڕۆکەکەیەتی و زۆر زۆر بەقووڵی هەستم پێی کردووە. ئای مەسیح، لە ڕاستییا من نامەوێت دەربارەی ئەوە هیچ پۆلێنکاری و بڕیارێک بخەمە ڕوو. بەڵام لەوانەیە ئەوە لە دواجاردا لە سەروو ئەوەشەوە بێت کە بتوانرێت وەسف بکرێ. لەبەرئەوەی پێم وایە ئێمە بەهەموو جۆرێک هەست و سۆزی خۆمان بە زۆر شێوازی سادە دەردەبڕین یان بۆمان ناکرێ بەشێوازگەلی تر گوزارشتیان لێ بکەین.

گەساو: ئەوە لەوە دەچێت وانەیەک بێت لە بێکێتەوە فێری بووبیت، بەبێ ئەوەی هەست و سۆزێکی ئاشکرا بخەینە ڕوو کە دەکرێ ئەوپەڕی سۆزداری بێت.

پینتەر: بەڵێ بەوپەڕی ساکار لە مانادا.

گەساو: لە بیرمە ساڵانێک لەمەوبەر دەربارەی ئەوە نووسیتان کە بێکێت بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت، لەو دەمەدا ئاماژەتان بۆ نۆڤڵێتەکانی کردبوو، ئەی شانۆیەکانیتان بەلاوە چۆنە؟

پینتەر: من دەتوانم چییان لەبارەوە بڵێم [بێدەنگی]

گەساو: ئایا ئەو هەستەتان هەیە کە قوتابییەک بۆ مامۆستاکەی هەیەتی؟

پینتەر: نەخێر، نەک وەک قوتابییەک بۆ مامۆستاکەی. پێم وایە کە ئەو نووسەرێکی بێ ئەندازە گەورە بێ لە جیهاندا، ئەوە هەستی منە لە بەرانبەری. هەستی قوتابییەکم نییە بۆ مامۆستاکەی، بۆ ئەم سەرەتایە، لەبەرئەوەی بەهیچ جۆرێک ئەوە نابینم کە من لە کوێدا بەو دەچم.

گەساو: کەسانێک پێیان وایە تۆ لەو دەچی، بەتایبەتی لەم سێ



شانۆیەی دواییتان.

پینتەر: باشە، ڕێگەیان پێ بدە با وا بڵێن. ئەوە کارێکی شێواوی پۆلێنکارییە. بە تەنیا لە ڕووکارێکەوە و دابڕ لە سەرجەم شتەکانی تر من ناتوانم ئەو ڕوانینەم هەبێ. من هەست دەکەم ئەوەی ئەو بەرهەمی هێناوە، ئەوەی ئەو توانیویەتی ئەنجامی بدا لە ژیانیا، لە پرۆسەی نووسینیا، ئەوەندە دوورە لە منەوە کە بەهیچ جۆرێک هیچ جۆرە بەراوردێک هەڵناگرێ. پێم وایە کە ئەو گەورەترین نووسەرە. بەدڵنیاییەوە بەو پێیەی کە من لەو تێرمە تێ دەگەم من ئەو کەسە نیم، من لەو تێرمە تێ دەگەم. ئەو تێرمە مانایەکی زۆر ڕۆشنی لای من هەیە. پێم وایە دەکرێ زۆر بەسادەیی پێت بڵێم کە نووسەری گەورە کێیە، ئەوانە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی دیارن.

گەساو: هەندێک لەو ناوە ڕوون و ئاشکرایانە.

پینتەر: باشە، بەپێی ڕای من دستۆفسکی، جۆیس، پروست، ئەو ناوانەیان لە خۆڕا وەرنەگرتووە. هەروەها بێکێت. [بێدەنگی]

گەساو: ئەوە شتێکە دەبێ بۆی تێ بکۆشیت، وا نییە؟

پینتەر: من هیچ جۆرێک لەو مەرجانە نابینم، من بۆ خۆم کۆششێکی وام نییە. مەبەستم ئەوەیە ناتوانی تێ بکۆشی بۆ ئەوەی ببیتە نووسەرێکی گەورە.

گەساو: دەتوانی تێ بکۆشی بەرەو باشتر.

پینتەر: هەمیشە تێ دەکۆشم بۆ ئەوەی باشتر بم [وچانێک] من تێبینیی خاڵێکی فزوولییانەم کردووە لەوەدا کە پێی دەڵێن "ژیانی ئەدەبیانە"من دەبێت ئەوە بڵێم "بەتایبەتی لە نیویۆرک" ئەویش ئەوەیە کە ململانێیەکی ناسروشتی هەیە. دەبێت ئەوە زۆر بەئەمانەتەوە بڵێم

کە ئەوە شتێکە من هەرگیز ئەو گیانەم نەبووە. تەنیا ئەوەیە کە من کەسێکی کۆششکار نیم.

گەساو: ئەی ئەوە چی بوو کە هانی دای شانۆ بنووسیت؟ ئایا شتێکی تایبەت بوو کە شانۆی ژووری هێنایە دەرەوە، یەکەم شانۆییتان؟

پینتەر: ئۆ! بەڵێ، ئەندێشەکەی دەزانم، دەزانم چی ڕووی دا. لە ئاهەنگێک بووم لە ماڵێک، بەهەر هۆیەک بوو برامە نەومێکی سەرەوە بۆ ئەوەی پیاوێکم پێ بناسێنن کە لە یەکێک لە نهۆمەکانی سەرەوە دەژیا و ئەوە بوو چوومە ژوورەکەیەوە. پیاوێکی لە نیوە تەمەن هەڵکشاوی ئەندام باریک بوو و بەپێی پەتی بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. پیاوێکی ئاسوودەی خۆش مەشرەب بوو، خەریکی ئامادەکردنی گۆشتی بەراز و هێلکە و رۆن بوو بۆ کابرایەکی زەبەلاح کە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کە بەتەواوی پیاوێکی خامۆش بوو. ئەوە بوو بەدەم خوێندنەوەی گۆڤارێکی کۆمیدییەوە، گۆشت و هێلکەکەی تەواو کرد و نانی بڕی و چای تێ کرد و لە بەردەم ئەو کابرایەی دانا، جارجارەش زۆر زۆر بەخێرایی و کورتی قسەی بۆ ئێمەش دەکرد. ئێمە تەنیا بۆ ماوەی پێنج خولەکێک لەوێ ماینەوە، بەڵام شتێک لای من مایەوە. من بەهاوڕێیەکەم گوت کە شانۆیەک دەنووسم، لێرەدا شانۆیەک کەوتووە، ئیتر ئەوە بوو شانۆیەکەم نووسی. من لە کاتی گەنجێتیما گەلێک پەخشانم نووسیبوون، گەلێک لەوانە و نوڤلێتێکیش بەناوی "کورتە بنەکان" کە هەر دیالۆگ بوو.

گەساو: با کەمێک بگەڕێینە دواوە، بێکێت دەربارەی کاتە بەسەرچووەکان چی گوت؟





پینتەر: باشە، ئەو.. گەلێک زۆری بەدڵ بوو، تەنیا یەک تێبینی لەسەری هەبوو کە ئەویش دەربارەی دیالۆگێک بوو، نەخێر من ئەوەت پێ ناڵێم کە دەربارەی کامیان بوو.

گەساو: تا ئێستاش ئەو دیالۆگەی تێدایە.

پینتەر: بەڵێ تێیدایە.

گەساو: هەمان هۆ بوو؟

پینتەر: نا نەخێر هەمان هۆ نەبوو، بەڵام گیرم تێدا خواردبوو. بێ لەوەی کە گیری لەگەڵ بخۆم، هیچ چارەیەکی دیم لە بەردەستا نەبوو.

گەساو: پیتەر هال بۆی نیشان نەکرا؟

پینتەر: نەخێر. لەوە پێت دەڵێم، کە دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەوەیان زۆر ئاسان نییە.

گەساو: بێکێت شانۆییەکانی خۆیت بۆ دەنێرێت؟

پینتەر: ئەو هیچی نەنووسیوە. بەڵام کتێبەکانیم بۆ دەنێرێت. بەڵام من هەرگیز... بە هیچ جۆرێک لەو ئاستەدا نیم. بەمانایەکی تر، من تێبینییەکانی خۆمی بۆ نانێرمەوە. گەلێک ئاسوودەم کە کتێبەکانیم بۆ دەنێرێت کە من هەرگیز خەونم بەوەوە نەبینیبوو. بەهەرحاڵ من تێبینیم نییە بەهیچ جۆرێک.

گەساو: بۆ یەکەم جار کەی بوو کە بێکێتت ناسی؟

پینتەر: لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو کە دەستم بەخوێندنەوەی نۆڤلێتەکانی بێکێت کرد، نۆڤلێتەکانی زۆر سەرسامیان کردم. کاتێ کە لە ساڵی ١٩٦١ دا "سەرایدار"مان لە پاریس نمایش دەکرد، ڕۆجەر بلین کاری تێدا دەکرد، ڕۆژێکیان گوتی "پێت خۆشە بێکێت ببینی؟" تا ڕادەیەک بیرکردنەوە لە شتێکی وا بۆ من زۆر بوو، لە دواجاردا، بۆم

نووسی، دەتوانی ئەندێشەی ئەوە بکەی کە ئەو کاتەی دەستم دایە خوێندنەوەی بێکێت ساڵی ١٩٤١ بوو، پرکێشی ئەوەم نەدەکرد هیچ شتێکی بۆ بنووسم، ئیتر ئەوە بوو ساڵی ١٩٥٩ بوو کە تێبینییەکی کورتم بۆ نارد، هەوڵم دابوو خۆمی پێ بناسێنم و ئەو جۆرە شتانە.

وەڵامێکی زۆر گەرموگوڕی ئەوم پێ گەیشتەوە، ئیتر گەیشتمە ئەوەی کە خۆم بۆ بینینی ئامادە بکەم. ئیتر ئەوە بوو هاتم بۆ ئەو ئوتێلە، زۆر چالاک و خۆش قسە و میهرەبان و خاوەنی گیانێکی هاوڕێیانە بوو و هەموو شەوەکەمان پێکەوە بردە سەر. لە ڕاستیدا ئەوە گەلێک ئاسوودەیی بوو. لەو کاتە بەدواوە ئاگامان لە یەکتری هەیە و یەکتری بەسەر دەکەینەوە.

گەساو: ئەی ڕات بەرانبەر نووسەرانی شانۆی تر چییە؟

پینتەر: من ئارەزوویەکی کاسۆلیکییانەم هەیە. من چێژێکی زۆر لە نووسەران وەردەگرم. پێم وایە.. ئێدوارد بۆند، نووسەرێکی زۆر چاکە، هەمیشە حەزم بەئیشەکانی ئێدوارد ئەلبی بووە، هیتکۆت ولیامز "جان هێنلی جاسپەر هیتکۆت، شاعیر و شانۆنووس و ئەکتەرێکی ئینگلیز بووە" کاتێک کە ئەو پرسیارەم لێ دەکرێت خەڵکانێک هەن کە باسیان بکەم بەڵام لە پڕێکا لە بیرم دەچنەوە.

گەساو: ئەی دەیڤید ستۆری؟ «دەیڤید ستۆری مالکۆلم، شانۆنووسێکی ئینگلیزییە»

پینتەر: بەڵێ بەنووسەرێکی زۆر باشی دەبینم، من زۆر کەیفم بە "پەیمانکار کۆنتراکتەر" دێت. زۆر بەباشی دەخرێتە سەر شانۆ.

گەساو: ئەگەر بکرێ گۆڕانکارییەک ئەنجام بدەی.

پینتەر: لە لەندەن گۆڕانکارییەکی وا ڕووی دا بەبێ گرێ.



گەساو: کەواتە تۆ هەرگیز گرفتت لەگەڵ گۆڕانکارییا نییە؟

پینتەر: من هیچ گۆڕانکارییەکم بۆ دەق نییە. هیچ شتێک لەو جۆرانە. بەڵام گرفتم لەگەڵ "کوپی قاوە"دا هەیە. تووشی سەرسوڕمان دەبی بەرانبەر ئەو کێشانەی لەگەڵ "کوپی قاوەدا" تووشت دێ.

گەساو: لە ڕەشنووسی کاتە بەسەرچووەکاندا لاپەڕەیەک گۆڕاوە کە هەمووی دەربارەی کوپی قاوەیە. گۆڕانکارییەکە لە دایەلۆکدا نییە بەڵکو هەمووی لە "کوپی قاوە" و وا بزانم "پێکی براندی" دایە .

پینتەر: بەدڵنیاییەوە بەڵێ.

گەساو: ئەوە چۆن بوو؟

پینتەر: باشە، گۆڕانکارییەکی تریش لەوەدا هەبوو. لە کاتی پرۆڤەدا بەشێکم بۆ زیاد کرد. زیادەکارییەک پێش ئەوەی لەندەن. زیادەکارییەکە بەم جۆرە بوو "بەڵێ، ئەوەم لە یادە " ئەوەش هەموو کێشەی براندی و قاوەی لە کۆڵ کردەوە. ئەوە لە ناوەندی براندی و قاوەکەدا هات و کاریگەریی لەسەر کۆی بنیاتی شانۆییەکە جێ هێشت. لە شانۆییەکەدا هەڵگرتنی "کووپی قاوە" لە کاتێکی هەڵەدا پێنج خولەکی داهاتوو دەشێوێنێ. هەروەها قومێک خواردنەوەی قاوە ئەو دیمەنە خراپ دەکات. ئەو گۆڕانکارییە لە لەندەن ڕووی دا. بەڵام لێرە بەهیچ جۆرێک گۆڕانکاری لە دەقەکەدا نییە. یەک بێدەنگیشم گۆڕی بۆ وچانێک، ئەوەش جارێکی تر گۆڕانکاری بوو لە نووسینا. بێدەنگییەکە، بێدەنگییەکی تەواو درێژ بوو. ئێستا وچانێکی کورتە.

گەساو: هەرگیز ڕووی داوە جارێکی تر دەقێکی شانۆییت بنووسیتەوە؟

پینتەر: نەخێر، لە "شاد بوونەوە بەماڵ"دا لە یەکەم جاری

بەرهەمهێنانیدا لە بۆستن هەندێک پارچەم لێ بڕی کە دەربارەی پارووی پەنیر بوو، ئیلییەت نۆرتن، کە وەک رەخنەگرێک زۆری ڕێز لێ دەگرم، دیمەنی یەکەمی شاد بوونەوە بەماڵی زۆر پێ جوان بوو، بەڵام بەهەمان ئەندازە حەزی بەدیمەنی دووەم نەبوو.

لە ڕاستییا کەسێک پێی گوتم، ئەوە ئیلییەت نۆرتن حەزی بەدیمەنی دووەم نییە، بەهیوای چی لە دیمەنی دووەم بکەی؟ گوتم بەهیوا نیم هیچ لە دیمەنی دووەم بکەم، دیمەنی دووەم هەر دیمەنی دووەمە.

گەساو: دەتوانی سەبارەت بەپێوەندیتان لەگەڵ پیتەر هال، بۆمان بدوێی؟

پینتەر: یەک یان دوو ئەزموونی بەرایی شانۆییم لەگەڵ ڕێژسۆراندا زۆر دژوار بوو، بەڵکو تەواوێک مەحاڵ بوو. ڕێژسۆرانم وا دەبینی کە زۆر هێرشکەر بن، بۆیە ئامادەبوونم لە هۆڵی شانۆ بۆ ئەوان جێی شەرمەزاری بوو، هەمیشە دەبوو روخسەتێک وەربگرم بۆ ئەوەی بۆم هەبێ قسەیەکی تێدا بکەم. خۆم لە دۆخێکی ئاوا خراپدا دەبینی کە دەبوو لە لاوە بچوومایەوە و بەدزییەوە ئەکتەرێکم ببینیایە و قسەم لەگەڵ بکردایە. کاتێک کە بۆ سەرەتا لەگەڵ پیتەر کارم کرد بۆ خۆی داوەتی کردم بۆ هاوبەشی بوون لە کۆ دەرهێنان. ئەوە کاری گرووپی بوو. زۆر بەکتوپڕی کەشوهەوایەکی پڕ لە ڕاشکاوی خوڵقاند، کە بەبێ پەردەیی لەگەڵ یەک دوان بوو. ئەو بەتەواوی خۆی دەبوارد لە هەر جۆرێکی هێرشبردن و نادڵنیایی بوون لە کارەکەیدا. هەروەها ئەو بوار دەڕەخسێنێ بۆ هەر کەسێک کە کاری لەگەڵ دەکا– ئەکتەر و بەدڵنیاییش نووسەر– کە هەرچییەک پێی خۆشە هاوبەشی خۆیان بکەن، یان زۆر بەکراوەیی جیاوازیی خۆیان نیشان بدەن.



هەرگیز دڵگران نابێ لەوەی ئەگەر سەلمێنرا کە بەهەڵەدا چووە، هەروەها منیش بەهەمان جۆر.

ئەو کەشوهەوایەی کە ڕوو دەدات بەشێوازێکی هەموارانە گرینگە بۆ هەر جموجۆڵ و ئیشکردنێکی تەندروست لە دنیای شانۆدا.

گەساو: ئایا ئەوە جۆرێک نییە لە نا نیزامی؟

پینتەر: بەهیچ جۆرێک. لەبەرئەوەی دواجار بەرهەمەکە هی خۆیەتی. ئەو بڕیاردەری کۆتاییە، لەگەڵ ئەوەشا ئەو هەمیشە دەڵێ کە ئەمە شانۆی منە و دوا بڕیاریش هەر هی منە. هەردووکیشمان بەشێوەیەکی ئازادانە کتومت دەگەینە هەمان هەڵوێست. جۆرێک لە پێکگەیشتن لە نێوانمان ڕوو دەدات کە نیوەی ئەوە بەهیچ جۆرێک پێویست ناکات بگوترێ. من بڕوام بەدادوەریی ئەو هەیە.

گەساو: ئەو چ جۆرە نیگەرانییەکی لە نووسەری شانۆ هەیە؟

پینتەر: ئەگەر هەر ڕوانینێکی من لای ئەو نارۆشن بێ، زۆر بەسادەیی ئەو لێم دەپرسێ و منیش ئەوەی هەبێ پێی دەڵێم، ئەگەر هەر پەرێشانییەک لە ئارادا بێ.

گەساو: هیچ پەرێشانییەکی وا لە ئارادا هەبووە؟

پینتەر: ئۆ و بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەقی "کاتە بەسەرچووەکان" زۆر بەهۆشداری موتوربە کراوە، توندوتۆڵ ڕایەڵ کراوە. دەکرێ بەهەڵە تێگەیشتنێک لە ڕووی ئەکتەر و دەرهێنەرەوە لە ئارادا نەبێ. پرسیارە لەوەی ئەوە کێیە هەست دەکات و هەست بە چی دەکا و لە چ کاتێکا هەست دەکات. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە من کۆڵم لەوەی کە بەشێوەیەکی ڕۆشن ڕێنوێنییە شانۆییەکان بەو سەبکە کۆنە بنووسم. بۆم دەرکەوت کە ئەو وشانە مەحاڵن بۆ بەکارهێنان– ئەو وشانەی تۆ

لە نێو کەوانەدا دەیانبینی. زۆر بەکەمی ناچار دەبم ئەوانە بەکار بهێنم. بۆیە جێگەیەک بۆ بەدحاڵی بوون لە ئارادا هەیە. "زۆر جار هەمان ئاستەنگ لە وەرگێڕانی شانۆییەکانی پینتەردا لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بێ ئاگا لە دنیا و تێگەیشتنی پینتەر وەرگێڕ پەنا بۆ سەبکی کۆنی شانۆ دەبات، زۆرینەی وەرگێڕە عەرەبەکان لێرەدا کەوتوونەتە هەڵەوە"

گەساو: تەنیا ڕێنوێنییەکی شانۆیی کە ئێستا دەتوانم بەسادەیی بەبیری بهێنمەوە ئەوەیە:

"ئەو دەگری."

پینتەر: ئای خوایە! ئەرێ.

گەساو: بێدەنگی و وچان بەڕێنوێنیی شانۆیی دادەنرێ؟

پینتەر: من دەربارەی ئەوە نادوێم.

گەساو: مەبەستت لەوەیە "خەمگینی" یان"خۆشبینی"؟

پینتەر: بەڵێ، ئەوە دروستە. پێم وایە دوو سێ جار لەو شانۆییەدا ئەوەم ئەنجام داوە.

گەساو: تۆ لە جیاوازی لە نێوانی وچان و بێدەنگی خۆت ساخ کردووەتەوە. بێدەنگی لای تۆ کۆتاییی جووڵەیە؟

پینتەر: ئەها نەخێر. ئەو بێدەنگی و وچانانە، منیان شێواندووە. جار نا جارێ لێرە و لەوێ بەتایبەتی لە وڵاتاندا کە بەگرووپێ لە ئەکتەران دەگەم، ئەوان دەڵێن بەڕوونی دیارە کە بێدەنگی لە وچان درێژترە.

لە ڕاستییا ئەوە تەواوە وایە. ئەوان دەڵێن، ئەوە وچانە، بۆیە ئێمە دەوەستین، لە دوای وچانەکەش ئێمە جارێکی تر تێ هەڵدەچینەوە. من



دڵنیام ئەوە لە هەموو جێگەکان ڕوو دەدەن، سوپاس بۆ خوا کە من بەهیچ جۆرێک لەوانە ئاگەدارنیم.

لە ڕوانگەی منیشەوە، ئەوانە بەهیچ جۆرە مانایەک شێوە ڕێکخستنێکی فۆرمەڵ نین. وچان تەنیا وچانە بەهۆی ئەو هۆکارەوە کە لە ناو مێشک و هەناوی کارەکتەرەکەدا ڕووی داوە. بۆ خۆیان لە تێکستەکەوە دێنە دەرێ. ئەوانە ئامرازگەلێکی ئاسوودەگی یان ئامرازگەلێکی گوشار نین، بەڵکو ئەندامگەلێکی جەستەی کارەکەن. من زۆر بەسادەیی پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەگەر ئەوە بەشێوەیەکی کارا ئەنجام بدرێ، ئەوان بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو وچانانە ناچارییە. هەروەها بێدەنگیش بەهەمان شێوە مانای ئەوەیە کە شتێک ڕووی داوە تا مەحاڵبوون لە ناو ئاخاوتنی کەسێکا بڕوێنێ کە بۆ قەیرێک لە زەمەن شتێکی گوتووە تا لەو چرکەساتەدا بۆیان بکرێ هەناسەیەک بدەنەوە لە بەرانبەر کاریگەریی کە ئەو شتەی کە لە پێش بێدەنگییەکەدا ڕووی داوە. "یەکێکی تر لەو کێشانەی کە وەرگێڕانی کارەکانی پینتەر دووچاریان دێ تێکەڵکردنی وچان و بێدەنگییە بەیەکتر، یان جیاوازی نەکردنە لە نێوانی ئەو دووانەدا، لە کاتێکا کە وچان و بێدەنگی دوو مانای قووڵ لە کارەکانی پینتەردا دەخوڵقێنن."

گەساو: بەمانای ئەوە شوێنی دایەلۆگ دەگرنەوە؟

پینتەر: بەڵێ. ئەوە بەشێکە لە زیندەگانیی شتەکان. لەبەرئەوە جێگەی داخە کە دەبینم ئەکتەرێک دەوەستێ هەر لەبەرئەوەی وچانێک هەیە. من هەمیشە هەست دەکەم لە بنەڕەتەوە کە ئەوە کێشەیە.

گەساو: ئێستا لە چیدا کار دەکەن؟

پینتەر: زۆر بەداخەوەم کە ئێستا ناتوانم پێتی بڵێم. ڕەنگە زۆر دوورنەبێ کە لە فیلمێکا کار بکەم کە لەوە دەچێ دژوارترین ئەرکێک

بێ کە تا ئێستا لە ژیانما هاتبێتە ڕێگەم و وە یەکێکیش کە زیاتر وەک مەحاڵێک خۆی نیشان دەدا. من زۆر دەترسێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا زۆر گەرموگوڕم. بەڵام هێشتا کارەکە تەواو لام ساخ نەبووەتەوە.

گەساو: ئێوە ئارەزووتان بەدەرهێنانی فیلم هەیە؟

پینتەر: بەڵێ. دەقێکم بۆ فیلمێک نووسی کە پێم خۆش بوو خۆم کاری دەرهێنانی بۆ بکەم. بەڵام نەمتوانی سەرچاوەی ماڵیی بۆ دابین بکەم بەو ئازادییە هونەرییەشەوە کە خۆم دەمەوێت. لە ڕۆمانێکی ئەیدن هێنگسنەوە وەرگیرابوو کە ناوی "لانگریش وەرە خوارێ " بوو. " هێنگسن، نووسەرێکی ئێرلەندییە لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایک بووە، ئەو ڕۆمانە لە لایەن پینتەرەوە بۆ فیلم سیناریۆی بۆ نووسراوە و تەلەڤیزۆنی بی بی سی بەرهەمی هێناوە" کە ئەوە تایتڵێکی سەیرە و دەربارەی بابەتێکە کە زۆر سەرنجڕاکێش نییە. دەربارەی سێ قەیرە کچەکە لە ساڵەکانی ١٩٣٠ دا لە ماڵێک لە ئێرلەندە دەژین. لە دەرگەی پشتەوە کوخێک هەیە کە فەیلەسووفێکی ئەڵمانی، قوتابی کە لە تەمەنی سی ساڵی و هەڵکشاوترایە تێدا دەژی و سەرقاڵی نووسینی نامەی دوکتۆرایە. لە ئێستادا هەست بەوە ناکەن کە ئەوە بابەتێکی زۆر ڕۆشن بێت.

گەساو: بێگومان ئەگەر تۆ بتەوێ ئەو سێ ئەکتەرەیان بۆ دەستنیشان بکەیت، ڤەنێسا ڕێدگرەیڤ و جەین فۆندا هەڵدەبژێریت.

پینتەر: سەد دەر سەد، تۆ بە تەواوی لە ناڵەکەت دا. ئەوە جۆرێکە لەو ئازادییەی کە من دەربارەی دەدوێم.

گەساو: تۆ بۆ خۆت چۆن فیلمەکانت هەڵدەبژێریت، ئایا ئەوان بۆ خۆیان هەڵی دەبژێرن؟

پینتەر: ئەوان بۆ خۆیان پێشنیازم دەکەن.



گەساو: بەو جۆرە نەبووە کە بۆ خۆت دانیشی و "خزمەتکار یان ڕووداو یان ناوبژیوان – ئەمانە هەندێک ناوی ئەو کارانەن کە پینتەر بۆ شاشەی ئامادە کردوون"، بخوێنیتەوە و بڵێی من ئەو کارە دەکەم؟

پینتەر: هەمیشە جۆ لۆسی کتێبم دەداتێ تا بیخوێنمەوە، بەڵام بێگومان پرسم پێ کراوە کە گەلێ شتی تر بکەم و بڕیاریش بدەم. چەند کارێکیش هەبوون کە لەم دوایانەدا بۆ خۆم هەڵم بژاردوون کە پێم وابووە گەلێ کاری ڕەونەقدارن.

گەساو: ئایا ئەو فیلمانە فرسەتێک بوون بۆ ئەوەی لە بەشێکی دیاریکراوی خۆت دوور بکەویتەوە؟ فەزایەکن کە لە شانۆییەکانت جیاوازتر بن؟

پینتەر: پێم وایە تۆ لەوەدا هەقیقەتت پێکابێت. لە ڕاستییا تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە.

گەساو: هەر وەکو ئەم سێ شانۆییەی دواییتان، ڕووداو و ناوبژیوان دوو کارن کە سەروبەندیان لەگەڵ کاتدا هەیە. ئایا هیچ پێوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە؟ ئایا ڕابردوو جێگایەکی زۆری داگیر نەکردووە لەو نیگەرانییە هونەرییەتان؟

پینتەر: ئەها، بەڵێ زۆر. پێم وایە من وردبینییەکی زۆرم هەبێ دەربارەی شتێک کە هەمیشە تایبەتمەندێتییەکی ئێستاییی هەیە لە ژیانا.

گەساو: ئەوە پێوەندیی بەتەمەنتانەوە هەبێ؟

پینتەر: ڕەنگە وابێت. رەنگە وا بێت. لە ڕاستییا من زۆر زۆر هەست بەوە دەکەم کە ڕابردوو تێ نەپەڕیوە. بەهیچ جۆرێکیش تێ نەپەڕیوە. ئەوە ئێستایە.

گەساو: ئەی داهاتوو

پینتەر: زۆر بەڕوونی ئەوە دەزانم کە داهاتووش بەهەمان شێوە هەر هەمان شت دەبێ. بەهیچ جۆرێک کۆتایی نایە. هەموو ئەو بارودۆخانە لەگەڵ خۆت هەڵدەگری تا کۆتایی.

گەساو: ئێوە هەمیشە درێژکراوەی پارچەکانی ڕابردووتانن.

پینتەر: بەڵام ئەو پارچانەی ڕابردوو دەژین و ئامادەن. تەنیا کاتێک من هەمیشە گوتوومە لە ئێستادا تێدا دەژیم ئەو کاتەیە کە تێدا سەرقاڵم بەچالاکییەکی سروشتییەوە. ئایا لە بیر دەچنەوە.

گەساو: وەک یاریی کریکت؟

پینتەر: بەڵێ، بۆ نموونە تێنسی سەر زەوی. لەوەدەچێ لێ وردبوونەوە تێدا لە ئێستا شتێکی هەمیشەیی بێ.

گەساو: بیر لە ڕابردووی یاری کریکت ناکەنەوە؟

پینتەر: بەدڵنیاییەوە لەو کاتەدا نا کە من سەرقاڵی یاریکردنم.

گەساو: کاتێ کە شانۆ دەنووسن هەمان هەستتان نییە؟

پینتەر: نەخێر. کاتێ کە شانۆ دەنووسم نازانم لە دوای ئەوەوە چی دێت. ئەوە لە شوێنێکی نەزانراوەوە دێت. هەرچۆنێک بێ ئەوە ساتەوەختێکی ئێستایی نییە. هەموو ئەوەی کە لەو کاتەدا بۆت دێ ئەو پرسیارە بنچینەییە کە هەتە. پرسیارێکە دەربارەی کات و هەموو ئەو مانا و ڕەنگدانەوە شیاوانەی کە لێی دەبنەوە و لەوە دەچن زیاتر و زیاتر بەرەو خۆیم کێش بکات.

گەساو: هەرگیز ئەوەت بۆ ڕێک کەوتووە کە بیر لە منداڵی خۆت بکەیتەوە؟

پینتەر: نەخێر. لەوە دەکات کە بەتەواوی هەموو شتێکم دەربارەی منداڵی لە بیر چووبێتەوە. تۆ ئەگەر داوام لێ بکەیت چیرۆکەکانی



منداڵیی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ئەوەم بەلاوە زۆر مەحاڵ دەبێ. دەربارەی مێردمنداڵیشم بەهەمان جۆر. تا ڕادەیەک ئەوە جیاوازە کە کەسێک شتێکی دەربارەی جۆرێک لە مەزاج یاخۆ کەشوهەوایەک یا بارودۆخێکی گشتی وەک خەمگینی یان بەختەوەری یان هەر جۆرە شتێکی تر لەو بابەتە بەیاد دێتەوە. بەڵام زۆر گرانە کە تەواو وردبین بین. بۆ نموونە ئەگەر بەجۆرێک بچینەوە سەر کاتە بەسەرچووەکان، ئەگەر تۆ پرسیارم لێ بکەی بیست ساڵ لەمەوبەر و لە مانگی ئابا چ کچێکت ناسیوە، ناتوانم پێتی بڵێم. کۆمەڵێک کچم لەو کاتە دیاریکراوەدا ناسیوە و لە ڕاستییا نازانم کە پێتی بڵێم کامیانە. ڕۆژ دیاریکردن کارێکی مەحاڵە. نەک هەرئەوەی کە ناتوانم پێتی بڵێم کامیانە بەڵکو هەروەها بۆشم ناکرێ کە بۆت باس بکەم چی لە نێوانمانا ڕووی داوە. یەک دوو ئەندێشە هەر لەبیر دەچن، بۆ نموونە ئەندێشەی بارانەکە لەسەر شەقامەکە یان لەسەر ئاوێنەکە. بۆم ناکرێ زۆر شت بەیاد بهێنمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لە بیریش نەچوونەتەوە و بوونیان هەیە لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی نەفەوتاون و لەگەڵ خۆم هەڵم گرتوون. ئەگەر لە ڕاستییا تۆ هەموو شتێکت بەیاد بێتەوە ئەوا مێشکت دەتەقێت. بۆت ناکرێ هەموو ئەو قورساییە هەڵگریت. بەدڵنیاییەوە گەلێک شت هەیە پشتگوێیان دەخەیت، دەشبێ پشتگوێیان بخەیت.

گەساو: هیچ شتێکتان دەربارەی مێردمنداڵیی خۆتان نووسیوە، کارێکی واتان کردووە.... بێ لەوەی کە لە نوڤڵێتا کردووتانە؟

پینتەر: ئەها بەڵێ دەربارەی مێردمنداڵی بۆ خۆی کێشەیە. نا بڕوا ناکەم هیچ شتێکی وام هەبێ. ئەو هەموو خەمگینی و ئازارانەی کە تۆ مێردمنداڵێکیت. ئەوە بۆ خۆی چ دۆزەخێکە ئەو قۆناغە؟ بەشێوەیەکی

دیاریکراوی هۆکارەکانی چین؟ نازانم. لەوانەیە زۆر ئازاراوی بێ. بەهەرحاڵ من دەربارەی خۆم نانووسم.

گەساو: ئێوە کەیفتان بەسیاسەت نایەت، ئایا ئەوە وایە؟

پینتەر: ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە مەبەستتان چییە، من زۆر بە ئاگام لەوەی کە لە جیهاندا ڕوو دەدات. بەهەموو ماناکان من کەسێکی کەڕ یان کوێر نیم لەو دنیایەی کە لە دەوروپشتی منە.

گەساو: ئەو بەیاننامەیەتانم لە یادە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر دەربارەی جەنگی ڤێتنام بڵاوتان کردەوە.

پینتەر: پێم وایە ئەوەم گوتبێ کە نەدەبوو ئەمریکییەکان بچنە ناو خاکی ڤێتنامەوە بەڵام چوون. دەبوو خاکی ڤێتنام بەجێ بهێڵن، بەڵام جێیان نەهێشت. وا هەست دەکەم من لەوەدا زۆر ڕەوان بووبێتم و کەمێکیش خۆم بۆ ئاهەنگ و وەزن شل کردبێ، بەڵام تا ئەم چرکەساتەی کە تێیداین من ڕاست بووم. ڕۆژنامە دەخوێنمەوە و ناڕەزاییی زۆر توندم هەیە بەرانبەر گەلێک بارودۆخ لە خوارووی ئەفریکا، بۆ نموونە من ئەندامم لە ڕێکخراوی دژ بەچەوسانەوە رەگەزییەکان، من تۆقیوم بەرانبەر ئەوەی لە خوارووی ئەفریکا دەگوزەرێ. کێشەی ڤێتنام هەروا بەبێدەنگی تێ پەڕی. بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری لەبار هەیە بۆ نائومێدی.

ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کە لە چین جۆرێک لە خاوێنی و جۆرێک لە یەکگرتن و هەمکاریی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێ کە زۆر لە گەلانی دنیا خاوەنی نین. لەم ڕۆژانەدا نوێنەری چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان شتێکی دەربارەی هاوڕێیەتییەکی مەزن لە نێوان گەلی چین و گەلی ئەمریکادا باس دەکرد. ئای خوای گەورە، بیرم لەوە کردەوە ئەویش خۆی لەو قسە بێ سەروبەر و بێ مانایانەوە هەڵدەقورتێنێ؟ ئەوە



جۆرێکە لە زمان کە سیاسییەکان تێدا هاوبەشن، من تێ ناگەم کە چۆن کەسێک دەتوانێ لەمەودوا بڕوا بەبەیاننامەیەک بهێنی کە لە سیاسییەکانەوە دەربچێ کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و هیچ ئەرزش و بەهایەکی نییە.

گەساو: تۆ ناتەوێ کە سیاسەتی هاوچەرخ خۆی هەڵبقورتێنێتە ناو شانۆییەکانتەوە؟

پینتەر: نەخێر، نەخێر هەر ئەوەندەیە کە دانووم لەگەڵ سیاسەت ناکوڵێ. دەتەوێ چی ئەوانم بەدڵ بێ، ئەو ئازار و ماڵوێرانییەم بەدڵ بێ کە ئەوان خوڵقاندوویانە. ئەوانەم بەدڵ نییە، ئەوانە منیان زارەترەک کردووە. [وچانێک] ئای خوای گەورە. باشە تۆ دەزانی دنیایەک شت هەیە، پیاو باسی کامیان بکات؟ هەر هەمووی وەک تیشکی ڕۆژ ڕوون و ئاشکرایە.

گەساو: تۆ حەز ناکەی کە دیدارتان لەگەڵ ساز بکرێت؟

پینتەر: نەخێر لە ڕاستییا حەزم پێی نییە.

گەساو: بەڵام حەزت بەقسەکردن هەیە؟

پینتەر: باشە، ئەگەر کەسێکی فامیدە هەبێ، گفتوگۆی لەگەڵا بکەی، ئەگەر کەسێکی وا نەبێ، نەخێر. کێشەکە لێرەدایە، ئەو شتەی کە دەیڵێی دەکەوێتە دوو توێی کاغەز، ئیتر بەدرێژاییی ژیان لێت دەڕوانێ و وا بەشوێنتەوە. زۆر بەدڵنیاییش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە لەو ڕۆژگارە تایبەتەدا چۆن بیرت کردووەتەوە. لەوانەیە ئەمڕۆ شتێک بڵێم بەیانی تەواو پێچەوانە بێت. نامەوێت شتێکم هەبێت کە تەواو دژی من بمێنێتەوە. [پێ دەکەنێ]

گەساو: بۆ نموونە ئەو خۆدزینەوەیەت لە ئاهەنگی خواردنەوەی

نوێنەران؟

پینتەر: بەڵێ، ئەوە و چەند شتێکی تریش. نیوەی کاتەکە هەر یەکەی شتێکی تێدا دەڵێ کە بەدڵنیایی زۆر گاڵتەجاڕانەیە، بەخۆشمەوە. لە ڕاستییا لەو کاتانەدا هەندێک جار ئەگەر کەسێک بیەوێ بەڕوونی بیر بکاتەوە، ئەوانەی لەوێن باش شتەکان وەرناگرن. مەبەستم لەوەیە لەم چرکەساتەدا من زۆر بەپەرۆشی کار دەکەم و زۆر بە تەواویش چێژم لە گفتوگۆکەمان وەرگرت، بەڵام نازانم بۆچی – لەبەرئەوە بوو کە هاتمە ژووری لە بارودۆخێکی زۆر نائاراما بووم. دەزانی منیش دوو خولەک بەر لە پەیدابوونی تۆ هاتمە ژووری و هیچیشم نەخواردبوو، دوێنێ شەویش تا درەنگانێک شەونخوونیم کێشا و بەیانیش زوو بەئاگا هاتم. ئەمڕۆش تەواو پڕ کار بووم.

گەساو: من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێوە نەک هەر بەتەنیا لە دیداردا بەڵکو لە گفتوگۆکردنیشا، لەبەرئەوەی ئێوە کەسێکی دیارن و خەڵک چاوەڕێی ئەوەتان لێ دەکات کە شتێکی گرینگ بورووژێنن، بۆیە بوارەکە بۆ ئێوە تەنگە.

پینتەر: بەدڵنیاییەوە. من هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ نابینمەوە بۆچی هەرچی کە من دەیڵێم دەبێتە شوێن بایەخ. ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی ترە کە وا گریمانە دەکرێ، لەبەرئەوەی کە تۆ نووسەری ئیتر دەبێ جۆرێک بی لەوەی کە پێغەمبەرێک بی، کە بەدڵنیاییەوە من ئەوە نیم.

گەساو: تیئوریگەرایی بەلای ئێوەوە شتێکە کە لەگەڵی جووت نایەنەوە.

پینتەر: زۆر بەدڵنیاییەوە. بۆ نموونە تیئۆرییەی شانۆ بەلای منەوە شتێکە کە بەهیچ جۆرێک شایەنی خوێندنەوە نییە.



گەساو: تۆ هەرگیز پێشەکی بۆ شانۆییەکانت نانووسیت؟

پینتەر: شانۆ دەبێت بۆ خۆی لە خۆی بدوێ. من نامەم بۆ ڕێژسۆران نووسیوە کە زۆر سادە بوون و پێم وایە بەهیچ جۆرێک تیئۆریگەرایی نەبوون. دەربارەی ئەوەی کە چۆن کار بکەن لە سەروەختێکا ئەگەر من لەوێ ئامادە نەبووم. من زۆر بەخراپی تووڕە بووم کاتێک کە نامەیەکم بۆ ڕێژسۆرێکی ئەڵمانی زۆر بەڕێز نارد، پیاوێکی لە تەمەنا بوو بەناوی سکیوتکەرت، کە لە هامبۆرگ شانۆی "دیمەنێکی سروشتی" و "خامۆش"ی نمایش دەکرد. من نامەیەکم بۆ نووسیبوو دەربارەی شانۆییەکان کە هیوام خواستبوو کە کەڵکی بۆی هەبێ. لە کۆتاییدا کە ڕێنوێنی پرۆگرامەکەم پێ گەیشت، بینیم نامە تایبەتەکەم لە ڕێنوێنی پرۆگرامەکەدا چاپ کراوە. ئەو بۆ خۆی بەو کارە هەڵنەسابوو، بەڵکو بەڕێوەبەری شانۆییەکە ئەو نامەیان لەو وەرگرتبوو و بۆ خۆیان چاپیان کردبوو. ئەوە بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو. بەڵکو ئەو نامانە تایبەتن بەکار و بەشێوەیەکی کردەیی بۆ ڕێژسۆرەکانم دەدوێم.

گەساو: پێت وابوو بوونی ئەو نامەیە لە ڕێنوێنی پرۆگرامەکەدا لە نرخ و بەهای تێگەیشتنی شانۆییەکە کەم بکاتەوە؟

پینتەر: نەخێر، ڕەنگە یاریدەدەرێک بێت. بەڵام من مەبەستم لەوە نییە. لەسەرو هەموو شتێکەوە من ئارەزووی ئەوە ناکەم کە یاریدەی بینەران بدەم بۆ تێگەیشتن.

گەساو: پێوەندیگرتن بەلای ئێوەوە زۆر گرینگە. ئێوە خوازیاری ئەوەن کە بەرهەمەکە بۆ خۆی کاریگەری لە سەر بینەر بخولقێنێت.

پینتەر: بەڵام ئەو تێگەیشتنە بەتەنیا بۆ خۆی لە بەرهەمەکەوە دێتە خولقان. ئەگەر بەرهەمەکە گاریگەری بڕوێنێ ئەوا دەیڕوێنێ. ئەوە

بەتەواوی بۆ خۆی بەرپرسیاریەتیی دەقە. بەشێوەیەکی سروشتی من زۆر ئاسوودە دەبم، کە دەقە شانۆییەکانم پێوەندی دەخولقێنن و بینەران چێژیان لێ وەردەگرن و دەتوانن بیانناسنەوە.

بۆ خۆیان بەشێوەیەکی سروشتی ڕەزامەندی دەنوێنن، ئەگەر پێی قایل نەبوون ئیتر ئەوا زۆر بەسادەگی پێی قایل نەبوون. ئەوەش کاری من نییە کە هانیان بدەم [وچانێک] من هەستێکی تێکەڵم هەیە بەرانبەر بەبینەران. هەندێکیانم خۆش دەوێن. بۆ بەدبەختی من لە کاری نواندنەوە جۆرە ڕقێکم لەگەڵ خۆم بەرانبەر بەبینەر هەڵگرتووە، ڕەنگە ئەوە کارێکی منداڵانە بێ. بەڵام مەیلێکم هەیە کە بینەر بەدوژمنی خۆم دەزانم. بەمانایەکی تر ئەوان گوناهکارن تا ئەو ئەو کاتەی بێگوناهیی خۆیان دەسەلمێنن. هەموو ئەوەی کە داواکراوە لێیان زۆر بەسادەیی ئەوەیە کە جلەو بۆ لێخوردبوونەوە شل بکەن، زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت کە نیوەی کاتی خۆیانی پێ ببەخشن. ئەم دۆزەخە چییە، زۆر جار نیگەرانی ئەوەم کە ئەم خەڵکە بۆ ئاوا خۆیان بێزار دەکەن و دەچنە شانۆ. من بەهیچ جۆرێک ئاسوودە نیم و گومانم هەیە لەوەی کە زۆربەی بینەران ئارەزوویان بۆ شانۆ هەبێ، بەڵام کاتێک کە خۆم لە ناو جەماوەردام هاودەردییەکی زۆرم بۆ بینەران هەیە کە دەبێ تەماشای ئەو هەموو کارەساتە بکەن کە لەسەر شانۆ دەگوزەرێ. هەندێ جار لەگەڵیانا هەست بەزارەترەک بوون دەکەم لەو هادەردییەی کە پێکەوە هەمانە.

گەساو: لە زۆر کاری شانۆییدا دەڕۆیتە دەرەوە؟

پینتەر: زۆر جار دەڕۆمە دەرەوە، زۆر لەوە دەترسم. بەڵام هەندێک جاریش دەمێنمەوە. ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەوەدا نیت یان ئەگەر ئەوە تەنیا هەر ئەوەیە کە لەگەڵ دنیای تۆ جووت نایەتەوە، هەست دەکەم هیچ



هۆیەک نییە بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەیت. باشترە بچیت شتێکی تر بکەیت، وەک ئەوەی بچیت لە دەرگەکەی ئەودیوەوە دەست بکەیت بەخواردنەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە ئەوەی کە لەدەستی ڕادەکەیتە دەرەوە شتێکی خراپە. ئەو خەڵکەی چێژی لێ دەبینێ با چێژی خۆیانی لێ ببینن.

گەساو: ئەو دەمەی کە شانۆ دەنووسیت، ئایا دەتەوێت هەمیشە کەمێک لە نهێنیبوونی تێدا بێت؟ ئایا ئەوە بەشێکە لە خۆشی، کە شاراوەیی بپارێزی؟

پینتەر: نەخێر. بەوپەڕی ڕاستگۆیی نامەوێت نهێنیئامێز بم. زۆر بەسادەیی تەنیا شانۆ بەو شێوازە دەنووسم کە دەتوانم بینووسم. ڕێگەیەکی تر نییە بۆ ئەوەی کە بیگرمە بەر.

گەساو: خەڵکان پێیان خۆشە کە شاراوەیی لە دەقا بدۆزنەوە، ئەگەر چی هەڵگری هیچ شاراوەییەکیش نەبێ. لە کاتە بەسەرچووەکانا خەڵکان دەڵێن، تۆ بڵێی ئەوە ڕوویدا بێت یان ڕووی نەدابێت؟

پینتەر: دەمەوێ دەربارەی کاتە بەسەرچووەکان شتێکت پێ بڵێم. ئەوە ڕووی داوە. هەر هەمووی ڕووی داوە. [بێدەنگی]

گەساو: هەستت چییە دەربارەی ڕێژسۆرانی شانۆ، ڕێژسۆری شانۆیی یان نووسەری شانۆیی کامیان کاریگەریی زیاتری لەسەر کاری شانۆیی هەیە؟ ئایا وەک نووسەرێکی شانۆیی ئەو بیرکردنەوەیە ڕات دەچڵەکێنێ؟ ئایا شانۆ پێویستی بەنووسەری شانۆ هەیە؟

پینتەر: هەموو ئەوەی کە دەتوانم بیڵێم چێژی خۆمە. من مەیلی ئەوەم هەیە کە بڵێم بەڵێ، شانۆ پێویستی بەنووسەری شانۆیە. مەبەستم ئەوەیە کە من پیاوێکی سونەتگەراییم. ئەوەی کە لە شانۆدا

سەرنجم دەگرێ، بە پلەی یەکەم دەقێکی شانۆییە کە لەلایەن یەک نووسەرەوە نووسرابێت، کە بەوپەڕی کارامەییەوە بەرهەم هێنرابێت. خۆم وەک ڕێژسۆرێک سوپاسگوزاری ئەوەم. شانۆی گرووپ ئەوەندەی کە من دیتوومە و لەلایەن گرووپەوە خولْقێنرابێت، ئەوە زۆر بەکەمی سەرنجی ڕاکێشاوم. من ڕێزی زۆرم بۆ ئەو جۆرە گرووپە هەیە لە ئینگلتەرا، کە ناوی "ئازادیی ڕەها"یە، Free hold هەروەها شانۆی کراوەش لێرە. بەڵام لە ڕاستییا ئەوەی کە زیاتر من بێزار دەکات چوونە ناو جەماوەرەوەیە و جۆری نمایش و ئەو جۆرە جووڵە بێ سەروبەرانەی کە ئەنجامی دەدەن، بۆم دەرکەوت کە ئەمانە بە هیچ جۆرێک پشت ئەستوور نین بەزانیاریی بەکەڵک. بۆچی بە تەنیا بۆ خۆیان کار دەکەن؟ من ئەو جۆرە نمایشانە تەنیا وەک پێشانگەیەک دەبینمەوە، یان ئاهەنگێکی شکڵ و خۆگۆڕین لە ژێر ناوی پێکەوەبووندا کە هەوڵدانێکە بۆ بەیاننامەیەکی سەرەکی کە من هەرگیز بڕوام پێی نییە و بیریش لەوە ناکەمەوە کە ئەوە هەموارکردنێکی ئیستاتیکی بێت.

گەساو: هیچ بەیاننامەیەکی سەرەکی هەیە؟

پینتەر: پێم وایە بەیاننامەیەکی سەرەکیشیان هەبێ، بەدڵنیاییەوە، بەڵام بەتایبەتی بەیاننامەیەکی سەرەکییان هەیە لەم چوارچێوەیەدا "لە خۆشەویستی تێ بگە بەو جۆرەی کە دەتوانی". "وەرە بۆ لام منیش دێم بۆ لات". یان "ئازارم بدە منیش ئازارت دەدەم" ئەوە ئازادییە بۆ هەر هەموارکردنێکی ساویلکانە و ئەوپەڕی بێ مانایی. پێم وایە ئەکتەر لە زۆر لەو پۆستانەدا کەوتووەتە ژێر خەیاڵپلاوییەکی توندڕەوەوە کە خۆشیان و بینەریشیان لا دەبێتە کالایەک بۆ نیشاندان بەوانی تر، بەوەی کە ئەمان دەتوانن فێریان بکەن، بەوەی کە ئەمان دەتوانن



ئاگەداریان بکەن، بەوەی کە ئەمان لە پۆستێکدان بۆ دەستگیرۆیی کردن، یان بۆ ڕۆشنکردنەوە، کە من پێم وایە ئەوە هەڵوێستێکی زۆر ترسناکە.

گەساو: لەبەرئەوەی ئەوان ئەکتەرن؟

پینتەر: نەخێر، لەبەرئەوەی کەس لەو پۆستەدا نییە. لەبەرئەوەی هیچ کەسێکیش بۆی نییە خۆی بخاتە ئەو پۆستەوە. بەدڵنیایی من بۆ خۆم ناچمە ئەو پۆستەوە. لێرەدا بەڕوونی جۆرێک لە خۆباییبوون لەم هەڵوێستەیاندا خۆی دەخاتە ڕوو. من بۆ خۆم هێشتا لە شانۆییەکی جەیمس جۆیسا کار دەکەم، دوورخراوەکان. هەر هەمووشمان دەبێ لەوەدا کار بکەین کە بەوردی ئەوە بدۆزینەوە کە ئەو مێشکە ئەو شانۆییەی لەبارەی چی نووسیوە، بەوردی ئەوە دیاری بکەین کە لە ناو ئەو مێشکەدا چی ڕوو دەدات، زۆر سەرنجڕاکێشە.

گەساو: لە داهاتوودا چی دەکەیت؟

پینتەر: نازانم چی دەکەم، لە ڕاستییا هیچ بیرۆکەیەکم نییە دەربارەی ئەوەی چی دێت. من هەمیشە کە شانۆییەک تەواو دەکەم، لەگەڵ ئەو بۆشاییە بەتاڵەدا بەجێ دەمێنم کە لە پێش ڕوانینمدا تا دێت درێژ و درێژتر دەبێتەوە.

گەساو: لە دوای شادبوونەوە بەماڵ، ئەو هەستەت هەبوو کە جارێکی تر شانۆ نانووسیتەوە؟

پینتەر: بەڵێ. بەدڵنیاییەوە. زۆر زۆر خەمگین بووم.

گەساو: چیت کرد؟

پینتەر: خۆم سەرقاڵ کرد، گریمانەی چەند ڕێگەی جیاواز. گریمانەی فیلم. کتومت ئەو شتە نەبوو کە دەبوو لە قووڵاییی ناختەوە

بێتە دەرەوە. بەهەرحاڵ تا لە تەمەن هەڵکشێیت زۆربەی کاتەکان وشە زۆر بەدژوارتر خۆی دەدات بەدەستەوە. چی تر شیاوی ئەوەیە بینووسیت؟ شتێک کە ڕەنگە ڕوو بدات. من تەواو ئاسوودە بووم لەو فرسەتانەی بۆم ڕەخسابوون.

گەساو: جارێکیان گوتت کاتێ کە لە نووسینی شانۆییەک دەبیتەوە، هەست بەوە دەکەی کە جارێکی تر و بۆ دواین جار لە نووسینی تێ هەڵچیتەوە. ئایا هەرگیز هەستێکی وات لا خوڵقاوە کە بگەڕێیتەوە سەر یەکێک لە شانۆییە کۆنەکانی خۆت و جارێکی تر لە نووسینی تێ هەڵچیتەوە؟

پینتەر: تەنیا جارێک کە شتێکی وام بەدەستکاری کردنەوە ئەنجام دابێ، ئەوە لە شانۆیی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبووندا بوو. لە ساڵی ١٩٦٤ کاتێک لە شانۆی ئالدویچ سەرقاڵی پرۆڤەکردن بووم، برینکارییەکی زۆرم لە دیمەنی سێیەمدا ئەنجام دا. شەش ساڵ دوای ئەوە کە گەڕامەوە سەری و چاوێکم پێدا خشاندەوە، بینیم کە لە ڕاستییا ئەوە هەقی خۆی بوو کە هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووە. بەڵام لە بنەڕەتەوە من ناتوانم بگەڕێمەوە سەریان، دەکرێ وازیان لێ بهێنم. لێیان گەڕێ. هەستێکی تێکەڵم دەربارەی بەرهەمە کۆنەکانم هەیە. هەندێ جار زۆر بەدڵنیایی هەست بەدەردەداری دەکەم بەرانبەر هەموو ئەو شانۆییانەی کە نووسیومن. ناتوانم بەرگەی تەماشاکردنیان بگرم، یان بیریان لێ بکەمەوە، یان هیچیان لەبارەوە ببیستم. ئەوە بارێکی زۆر غەریبە. بەڵام لە لایەکی تریشەوە بەهەمان شێوە جارناجارێ بەگوڕوتینێکەوە – بەڵام هەموو کاتێک نا– یەک دووانێک لەوانە دەخوێنمەوە و دەبینم کە خراپ نین. زۆر بەتەواوی چێژیان لێ وەردەگرم. لە ڕاستییا خۆشنوودم بەوەی کە ئەوانەم نووسیون. بەڵام



لە ڕاستییا شتی سەیر ئەوەیە کە من لەوەدەچێ پانزە دەقی شانۆییم نووسیبێت هەڵبەت بەکورتە شانۆییەکانیشەوە و لەگەڵ ئەوەشا نازانم چۆن ئەوەم ئەنجام داوە. لە کوێوە هاتن و من چۆن بۆم کراوە کە شتێکی وا ڕاپەڕێنم و هەموو ئەوانە بنووسم. بەدڵنیاییەوە نازانم. شتێکی زۆر سەیرە. ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە من چۆن ئەو بەرهەمانەم ئەنجام داوە.

گەساو: ئەگەر خۆت نەیزانی، ئەی کێ دەیزانێ؟

پینتەر: لەوەدەچێ هاوسەرەکەم، هاوسەرەکەم دەتوانێ لە من زیاتر شتەکان بەیاد بهێنێتەوە.

گەساو: یەکەم ڕەشنووسی کاتە بەسەرچووەکان چەند ڕۆژی خایاند؟

پینتەر: ماوەی سێ ڕۆژ.

گەساو: ڕەشنووسی دووەم؟

پینتەر: چەند مانگێکی خایاند.

گەساو: کاتێ کە لە نووسینی بوویتەوە، دەقە شانۆییەکەت بۆ خۆت خوێندەوە؟

پینتەر: دەقە شانۆییەکەم بەدەنگی بەرز بۆ خۆم خوێندەوە، بۆیە دڵنیا بووم لەوەی کە نمایش دەکرێ یان نا. بەناو هەموو کارەکتەرەکانا هات و چووم و دوایی یەک یەک گۆڕیمن. هەموو بەشەکانم یاری دەکرد.

گەساو: کەس بینەرت بوو؟

پینتەر: بۆخۆشم دەبمە بینەر.

گەساو: پێکەنینت دێ؟

پینتەر: هەندێ جار، من لە کاتی نووسینا پێ دەکەنم.

گەساو: تایتڵی شانۆییەکە لە پێشدا دێت؟

پینتەر: نەخێر.

گەساو: لە دواجاردا؟

پینتەر: بەڵێ.

گەساو: هیچ تایتڵێکت داناوە لە سەروەختی نووسینا؟

پینتەر: بەڵێ، هەبووە، دانەیەکی پڕوپووچ. لە شانۆییەکەدا ئانا دەربارەی قاوەخانەیەک دەدوێ کە دەمانبینی نووسەران و هونەرمەندان و ئەکتەرەکان تێدا کۆ دەبوونەوە، ئەوانی تریش لەگەڵ سەماکارەکان. گوزارشتێکی تەواوم بۆ نەدەهات، "ئەوانی تریش لەگەڵ سەماکارەکان" نەدەهاتە مێشکمەوە. لە ڕاستییا من نەمدەویست ئەوە دابنێم، بیرم لێ کردەوە، نا نا ئەوە بەهیچ جۆرێک نابێ. من زۆر ئاسوودە بووم، دەربارەی ئەو تایتڵەی کە دواجار بۆم هات و تەواو لە جێی خۆیدا بوو.

گەساو: پێم وایە کە زۆر تەواو و گونجاو بێت. لە ڕاستییا هەموو تایتڵەکانت زۆر لەبار و گونجاون.

پینتەر: چاکە، زۆر سوپاس. ئەوە زۆر گرینگە بۆ من کە هەر بەڕاگوزاری.. تەنیا بۆ سەرنجڕاکێشانی خۆت دەزانی کە نووسینی شانۆ درێژترین کاتی دەوێ بۆ نووسین؟ [بێدەنگی]

گەساو: بۆچی؟

پینتەر: ئەها، چاکە. ساختومانی شانۆ زۆر گرانە، بەڵام وەک دەبینی، ئیتر ئەوە ڕووی دا.

گەساو: ڕەشنووسی یەکەم تەنیا سێ ڕۆژی نەخایاند؟

پینتەر: ئای خوای گەورە نەخێر [وچانێک] من دەبێ زۆر بەخێرایی



خۆم ئامادە بکەم. بەهەرحاڵ، ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لێرەین. ئەوە درێژترین هەڤپەیڤینە کە تا ئێستا بەدرێژاییی ژیانم لەگەڵم کرابێ. باشە با ڕاستگۆ بین ئا ئەوە وتووێژ بوو.

ئەم وتوێژە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی.

Something to do with the sofa

Mel gussow, conversation with Pinter.Grove press New York

*میل گەساو، ڕەخنەگرێکی شانۆییە و لە ساڵی ١٩٣٣دا لە شاری نیویۆرک لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥دا بەسەرەتانی ئێسقان هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە. گەساو یەکێکە لەو کەسانەی کە زنجیرەیەک هەڤپەیڤینی لەگەڵ پینتەردا ئەنجام داوە، یەکەمینیان لە دیسەمبەر ساڵی ١٩٧١دا بووە لە شاری نیویۆرک و دواترینیشیان لە ساڵی ١٩٩٣دا بووە، پاشان لە کتێبێکدا بڵاوی کردووەتەوە. بەهەمان شێوە هەڤپەیڤینی درێژی لەگەڵ گەلێک شانۆنووسی تردا، ئەنجام داوە، لەوانە سامۆئیل بێکت و ئارسەر میللەر.*

# کاتە بەسەرچووەکان

The Old Times
Harold Pinter Plays four
Faber and Faber
London. Bostn

"کاتە بەسەرچووەکان" بۆ یەکەم جار لە یەکی جونی ساڵی ١٩٧١ دا لەلایەن کۆمپانیای "ڕۆیال شەکسپیر"ەوە لەسەر شانۆی ئالدویچ لە لەندەن نمایش کراوە بەم گرووپەی خوارەوە.

دیڵی........ کۆلین بلەیکلی.

کەیت....... دوروزی تودن.

ئانا......... ڤیڤن مێرچەند.

لە لایەن پیتەر هالەوە بۆ شانۆ دەرهێنراوە.

کەسایەتییەکان هەر هەموویان لە سەرەتای چڵ ساڵیدان

[دەوارێکی لادێیانەی کاتییە پەنجەرەیەکی درێژکۆڵە کەوتووەتە ناوەڕاستەوە. دەرگەی ژووری نووستن کەوتووەتە لای چەپەوە و دەرگەی دەرەوەش لای ڕاستەوەیە. تاقمێ قەنەفەی هاوچەرخانە. دوو تەختی دانیشتن و کورسییەکی قۆڵدار. شەوێکی پایزە.]



# دیمەنی یەکەم

[ڕۆشناییـیەکی کز. سێ ڕوخسار دەبینرێن. دیڵی لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە پاڵی لێ داوەتەوە و ئارامە. کەیت لەسەر تەختێک هەڵکورماوە. ئانا لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستاوە و تەماشای دەرەوە دەکات.]

[بێدەنگی]

[ڕۆشنایی دەچێتە سەر دیڵی و کەیت، جگەرە دەکێشن. ڕوخساری ئانا هەر لە ناو تاریکییە کزەکەدا دەمێنێتەوە لەلای پەنجەرەکەوە.]

**کەیت**: [بەتێڕامانەوە] تاریکە.

[وچانێک]

**دیڵی**: قەڵەوە یان لاواز؟

**کەیت**: پێم وایە لە من تێکسمڕاوتر بێت.

[وچانێک]

**دیڵی**: ئەو کاتە وا بوو؟

**کەیت**: پێم وایە.

**دیڵی**: لەوانەیە ئیستا وا نەبێت. [وچانێک] ئەو هاوڕێیەکی باشی تۆ بوو؟

**کەیت**: ئۆو، ئەوە مانای چی دەبەخشێ؟

**دیڵی:** چۆن؟

**کەیت:** وشەی هاوڕێ..... کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەیتەوە، ئەو هەموو ماوەیە.

**دیڵی:** ناتوانی بیر لەوە بکەیتەوە کە هەستت بە چی کردووە؟

[وچانێک]

**کەیت:** ئەوە ڕۆژگارێکی دوورودرێژە.

**دیڵی:** بەڵام تۆ ئەوت لە یادە. ئەویش تۆی لە یادە. بۆچی ئەمەشەو دەیەوێت بێت بۆ ئێرە؟

**کەیت:** خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێ کە بیری کردبێتم.

[وچانێک]

**دیڵی:** ئەو بەیەکێ لە هاوڕێ باشەکانی خۆت دادەنێیت؟

**کەیت:** ئەو تەنیا هاوڕێیەکم بوو.

**دیڵی:** باشترین و تەنیاش؟

**کەیت:** تەنیا و تاکە هاوڕێم.

[وچانێک]

تۆ ئەگەر تەنیا یەک دانەت لە شتێک هەبێت، بۆت ناکرێ بڵێی ئەوە باشترین شتێکە.

**دیڵی:** لەبەرئەوەی هیچ شتێکت لەبەردەستا نییە لەگەڵی بەراورد پێ بکەی.

**کەیت:** ئممم.

[وچانێک]

**دیڵی:** [بزە دەیگرێ] ئەو بێ هاوتا بوو.



**کەیت:** ئۆوو، من دڵنیام کە وا نەبوو.

[وچانێک]

**دیڵی:** من نەمزانیوە کە تۆ هاوڕێت کەم بووە.

**کەیت:** هەر هیچم نەبووە. بەهیچ جۆرێک. بێجگە ئەو.

**دیڵی:** بۆچی هەر ئەو؟

**کەیت:** نازانم.

[وچانێک]

ئەو دز بوو. شتی دەدزی.

**دیڵی:** لە کێ؟

**کەیت:** لە من.

**دیڵی:** شتی وەک چی؟

**کەیت:** شتومەک، دەرپێی کورت.

[دیڵی پێ دەکەنێت.]

**دیڵی:** ئاگەدارت کردووەتەوە؟

**کەیت:** ئۆۆو، پێم وا نییە.

[وچانێک]

**دیڵی:** ئەوە ئەو شتەیە کە سەرنجی ڕاکێشابوویت؟

**کەیت:** چۆن؟

**دیڵی:** ئەو هەقیقەتەی کە ئەو دز بوو.

**کەیت:** نەخێر.

[وچانێک]

**دیڵی:** تۆ پێت خۆشە ئەو ببینیتەوە؟

**کەیت:** نەخێر.

**دیڵی:** من. من بەوە زۆر سەرسامم.

**کەیت:** بە چی؟

**دیڵی:** بەتۆ. من تەماشای تۆ دەکەم.

**کەیت:** من؟ بۆچی؟

**دیڵی:** بۆ ئەوەی بزانم کە هەر هەمان کەسە.

**کەیت:** تۆ پێت وایە لە ڕێی منەوە ئەوەت بۆ ڕوون بێتەوە؟

**دیڵی:** بەدڵنیاییەوە.

[وچانێک]

**کەیت:** زۆر بەباشی ئەوم نایەتەوە یاد. تا ڕادەیەک بەتەواوی لە بیرم کردووە.

[وچانێک]

**دیڵی:** دەزانی چی دەخواتەوە؟

**کەیت:** بەهیچ جۆرێک.

**دیڵی:** لەوانەیە گیاخۆر بێت.

**کەیت:** لە خۆی بپرسە.

**دیڵی:** تازە درەنگە. تۆ مەنجەڵە خواردنەکەت ئامادەیە.

[وچانێک]

بۆچی شووی نەکردووە؟ مەبەستم ئەوەیە، بۆچی مێردەکەی ناهێنێت؟



**کەیت:** لە خۆی بپرسە.

**دیڵی:** دەبێت هەموو شتێک لە خۆی بپرسم؟

**کەیت:** دەتەوێت لە جیاتی تۆ من ئەو پرسیارانەی لێ بکەم؟

**دیڵی:** نەخێر. بەهیچ جۆرێک.

[وچانێک]

**کەیت:** بێگومان مێردی کردووە.

**دیڵی:** چۆن دەزانیت؟

**کەیت:** هەموو کەسێک هاوسەرگیری دەکات.

**دیڵی:** ئەی کەواتە بۆچی هاوسەرەکەی ناهێنێت؟

**کەیت:** نایهێنێت؟

[وچانێک]

**دیڵی:** لە نامەکەیدا ئاماژەی بەهاوسەرەکەی کردووە؟

**کەیت:** نەخێر.

**دیڵی:** تۆ پێت وایە مێردەکەی چۆن بێت؟ مەبەستم ئەوەیە، دەبێت مێردی بەچ جۆرە پیاوێک کردبێت؟ هەر هیچ نەبێت خۆ ئەو باشترین و تەنیا هاوڕێت بووە، دەکرێ شتێکی لە بارەوە بزانیت. دەبێت چ جۆرە پیاوێک بێت؟

**کەیت:** هیچی لەبارەوە نازانم.

**دیڵی:** هیچ گیانێکی خۆتێهەڵقورتاندنت تێدا نییە؟

**کەیت:** تۆ ئەوەت لە بیرت کردووە کە من ئەو دەناسم.

**دیڵی:** بەڵام تۆ بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەوت نەدیوە؟

**کەیت:** بەڵام تۆ هەرگیز ئەوت نەدیوە، ئەوەیان شتێکی ترە.

[وچانێک]

**دیڵی:** هەرچۆنێک بێ مەنجەڵە خواردنەکە بەشی چوار کەس دەکات.

**کەیت:** تۆ گوتت ئەو ڕووەکییە.

[وچانێک]

**دیڵی:** ئەو هاوڕێی زۆرە.

**کەیت:** ئوۆوو، پێم وایە هەندێکی هەبێت.

**دیڵی:** هەندێک؟ هەندێک چییە؟ تۆ هیچت نییە.

**کەیت:** یەکێک.

**دیڵی:** ئەوە سروشتییە؟

[وچانێک]

ئەو... تا ڕادەیەک هاوڕێی زۆرە، وا نییە؟

**کەیت:** بەسەدان.

**دیڵی:** تۆ ئەوان دەناسی؟

**کەیت:** هەر هەموویان نا. بەڵام پاش هەموو شتێ پێکەوە دەژیاین. هەر کات نا کاتێک میوان دەهاتن. من دەمبینین.

**دیڵی:** میوانی ئەو بوون؟

**کەیت:** چۆن؟

**دیڵی:** میوانی ئەو بوون. هاوڕێی ئەو بوون. تۆ هاوڕێت نەبوو.

**کەیت:** بەڵێ، هاوڕێی ئەو بوون.

**دیڵی:** تۆ دەتبینین.

[وچانێک]





"لە ناکاو" پێکەوە دەژیان؟

**کەیت:** ئممم؟

**دیڵی:** پێکەوە دەژیان؟

**کەیت:** بێگومان.

**دیڵی:** من ئەوەم نەزانیوە.

**کەیت:** نەتزانیوە؟

**دیڵی:** تۆ هەرگیز ئەوەت پێ نەگوتووم. من پێم وابوو ئێوە تەنیا یەکتری دەناسن.

**کەیت:** یەکترمان دەناسی.

**دیڵی:** بەڵام لە ڕاستییا پێکەوە دەژیان.

**کەیت:** بێگومان پێکەوە دەژیاین. ئەی کەوابێت چۆن دەرپێی کورتی لێ دەدزیم؟ لەسەر جادە؟

[وچانێک]

**دیڵی:** ئەوەم دەزانی سەردەمانێک لەگەڵ کەسێک دەژیایت.

[وچانێک]

بەڵام ئەوەم نەزانیوە کە ئەو بووە.

**کەیت:** بێگومان ئەو بوو.

[وچانێک]

**دیڵی:** هەرچۆنێک بێ، ئەوە کێشە نییە.

[ئانا لەبەر پەنجەرەکەوە ئاوڕ دەداتەوە، بەدەم قسەکردنەوە بەرەو لای ئەوان دێت و دواجار لەسەر تەختی دووەم دادەنیشێت.]

**ئانا:** بیرت ماوە لە ڕیزێکدا بەدرێژاییی شەو لە ژێر باراندا دەوەستاین؟ ئای خوایە، هۆڵی ئەلبێرت، باخچەی کۆڤێنت، چیشمان دەخوارد؟ کە دەگەڕێیتەوە بۆ ڕابردوو، لە نیوەشەودا ئەو شتانەمان دەکرد کە عاشقی بووین، بێگومان ئەو دەمانە لاو بووین، بەڵام چ گوڕوتینێکمان هەبوو، بەیانیانیش دەچووینە سەر کار، شەوانیش چوون بۆ کۆنسێرت و ئۆپێراو بالێ، باوڕناکەم لە بیرت چووبێتەوە؟ ئەمجا دەچووینە نهۆمی سەرەوەی پاسەکان و بەشەقامی سەرەکیی "کینگستن" دا دەڕۆیشتینە خوارێ، بلیتبڕی پاسەکە، ئەی بەهەڵەداوان شقارتە پەیاکردن بۆ ئەوەی ئاگردانەکەی پێ داگیرسێنین و بەخێرایی چەند هێلکەیەک بکەینە ڕۆنەوە، وا نەبوو؟ کێ دروستی دەکرد؟ هەردووکمان پێکەوە پێدەکەنین و قسەمان دەکرد و لە نزیک ئاگرەکەوە بووین، دوای ئەوەش دەچووینە ژووری نووستن و دەنووستین.

سەرلەنوێ بەیانییەکی تر بەخۆی و گوڕوتین و سەرقاڵییەکانییەوە و جارێکی تر ڕاکردن بەشوێن پاسدا بۆ چوونەوە سەر کار، بەدەم حیکایەت و هەواڵپرسینەوە خواردنی نیوەڕۆمان لە باخی سەوز دەخوارد، دوو کیژۆڵەی سادە بووین، دوو ڕازگری سادە. جارێکی تر ئێوارە دەهات، ئای لەو ڕۆژگارە چ خۆشی و ئاسوودەیییەکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، ئەی ئەو هەموو چاوەڕوانییەی ئێمە هەمانبوو لێی، لەگەڵ ئەوەشدا دەگەڕاین بەدوای پەناگەیەکا، زۆر هەژار بووین، بەڵام بۆ ئەوەی کچێکی هەژار بیت و لە لەندەنیشا ئەوا.... ئەی ئەو گازینۆیەی



کە دۆزیمانەوە، تا ڕادەیەک گازینۆیەکی تایبەت بوو، وا نەبوو؟ لەوێ وێنەکێش و نووسەران و هەندێ جاریش شانۆکاران گرد دەبوونەوە، سەماکاران و هەندێ کەسانی تر. بەدیار قاوەکانمانەوە بەهەناسەبڕکێوە دادەنیشتین و سەرمان دادەنەواند، بۆ ئەوەی کەس نەمانبینێ، بۆ ئەوەی کەس تەنگەتاومان نەکا و بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵمان نەکەن. بەشێنەیی گوێمان بۆ هەموو ئەو وشانە دەگرت کە دەوتران، بۆ هەموو ئەوانەی لە گازینۆکەدا بوون، بێگومان بۆ داهێنەرەکان، تۆ بڵێی ئەو شوێنە هەر مابێت؟ هیچی لە بارەوە دەزانیت؟ دەتوانیت پێم بڵێی؟

[وچانێک]

**دیڵی:** ئێمە زۆر بەکەمی دەچین بۆ لەندەن.

[کەیت، هەڵدەستێ و دەچێت بەرەو لای مێزێکی بچکۆلە و لە کترییەکەوە قاوە تێ دەکات.]

**کەیت:** بەڵێ، لە یادمە.

[شیر و شەکر دەکاتە کووپی قاوەیەکەوە و دەیبات بۆ ئانا. قاوەیەکی سادە بۆ دیڵی تێ دەکا و ئەمجا لە شوێنی خۆی دادەنیشێتەوە.]

**دیڵی:** "بۆ ئانا" براندی دەخۆیتەوە؟

**ئانا:** حەزم لە کەمێک براندی هەیە.

[دیڵی، براندی بۆ هەمووان تێ دەکات و پێکەکانیان دەداتێ. هەر لەشوێنی خۆی دادەنیشێتەوە.]

**ئانا:** گوێ بگرە. چ خامۆشییەکە، ئێرە هەمیشە ئاوا خامۆشە؟

**دیلی:** بەڵێ، بەشێوەیەکی سروشتی ئێرە ئاوا خامۆشە.

[وچانێک]

ئەگەر بەدیقەتەوە گوێ هەڵبخەیت هەندێ جار دەتوانی گوێت لە دەنگی دەریا بێ.

**ئانا:** ئێوە چەندە ئاقڵ بوون کە لەم دنیایەدا جێگەیەکی ئاواتان هەڵبژاردووە، هەردووکتان چەندە ماقووڵ و ئازان کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە خامۆشییەکی ئاوادا دەژین.

**دیلی:** بێگومان ئیشەکەم هەندێ جار لێرەم دادەبڕێت، بەڵام کەیت لێرە دەمێنێتەوە.

**ئانا:** کەسێک نییە بەژیانی ئێرە ڕاهاتبێت و بتوانێ لێرە دوور بکەوێتەوە. من نامەوێت لێی دوور بکەومەوە، من دەترسم لەوەی دوور بکەومەوە، لە دڵەڕاوکێی ئەوەی تا دێمەوە خانووەکەم نەمابێت.

**دیلی:** لە دڵەڕاوکێ؟

**ئانا:** چۆن؟

**دیلی:** وشەی دڵەڕاوکێ. ماوەیەکی دوورودرێژە ئەو وشەیەم نەبیستووە.

[وچانێک]

**کەیت:** هەندێ جار دەچمە سەر دەریا. خەڵکانێکی زۆر نایەنە ئەوێ. کەنارێکی دوورودرێژە.

[وچانێک]



**ئانا:** لەگەڵ ئەوەشا غەریبیی لەندەنم دەکرد. بەڵام بێگومان من کچی لەندەن بووم. هەردووکمان دوو کچ بووین پێکەوە.

**دیلی:** خۆزگە هەردووکتانم پێکەوە بناسیایە.

**ئانا:** حەزت دەکرد؟

**دیلی:** بەڵێ.

[دیلی براندی بۆ خۆی تێ دەکا.]

**ئانا:** مەنجەڵە خواردنێکی چاکت هەیە.

**دیلی:** چۆن؟

**ئانا:** مەبەستم ژنە. زۆر بمبەخشە. ژنێکی چاک.

**دیلی:** ئەها.

**ئانا:** ئاماژەم بۆ مەنجەڵە خواردنەکە کرد. ئاماژەم بۆ خواردنی خێزانەکەت کرد.

**دیلی:** کەواتە تۆ ڕووەکی نیت؟

**ئانا:** نەخێر. ئۆوو بەهیچ جۆرێک.

**دیلی:** بەڵێ، لەم وڵاتەدا پێویستت بەخواردنی چاکە، خواردنی زۆر باش، بۆ ئەوەی بتوانی بەردەوام بی، خۆت دەزانیت.... هەوا هەمووی.

[وچانێک]

**کەیت:** بەڵێ، منیش ئەو جۆرە شتانەم حەز لێیە، بەردەوام بە.

**ئانا:** کام جۆرە شتانە؟

**کەیت:** ئۆو، تۆ دەزانیت، ئەو جۆرە شتانە.

[وچانێک]

**دیڵی:** مەبەستت خواردن دروستکردنە؟

**کەیت:** هەموو ئەو شتانە.

**ئانا:** ئێمە لە خواردن دروستکردنا هێندە کارامە نەبووین، کاتمان نەبوو، بەڵام ناوە ناوە تاوەیەک گۆشت و سەوزەمان ئامادە دەکرد، تا مەستبوون دەمانخواردەوە و هەروەها گەلێ شەوانیش تا نیوەی شەو بە دیار خوێندنەوەی ییەتسەوە(*) شەونخونیمان دەکێشا.

[وچانێک]

[بۆ خۆی] بەڵێ جار جارێک. تاو نا تاوێک.

[ئانا ڕادەوەستێ و بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات.]

ئاسمانیش تەواو خامۆشە.

[وچانێک]

دەتوانی ئەو هێڵی ڕۆشناییە بچووکە ببینیت؟ ئەوە ڕووبارەکەیە؟ ئەوە کەناری ئاسمان نییە؟

**دیڵی:** ئێوە لە کەنارێکی زۆر جیاوازدا دەژین.

**ئانا:** بەڵێ، هەر زۆر جیاواز. من لە دوورگەیەکی بوومەلەرزاویدا دەژیم.

**دیڵی:** ئەوە دەزانم.

**ئانا:** ئۆو، ئەوە دەزانیت؟

**دیڵی:** من لەوێ بووم.

[وچانێک]

(*) مەبەستی لە ولیەم باتلەر ییەتسی شاعیرە.



**ئانا:** من زۆر ئاسوودەم کە لێرەم.

**دیڵی:** من دڵنیام کەیتیش زۆری پێ خۆشە تۆ ببینێت. ئەو هاوڕێی زۆر نییە.

**ئانا:** ئەو تۆی هەیە.

**دیڵی:** ئەو هاوڕێی زۆری نەگرتووە، لەگەڵ ئەوەشا هەموو هەلێکی لەبەردەستا بووە.

**ئانا:** هەموو ئەوەشی ئارەزووی لێی بووە لەبەردەستیا بووە.

**دیڵی:** ئەوەی فزووڵ بێ نییەتی.

**ئانا:** لەوانەیە ئاسوودە بێ.

[وچانێک]

**کەیت:** لەبارەی منەوە دەدوێن؟

**دیڵی:** بەڵێ.

**ئانا:** هەمیشە دالغە بردوویتییەوە.

**دیڵی:** حەزی لە پیاسەی دووروودرێژە. ئەوە دەزانیت. پاڵتۆ بارانییەکەی بپۆشێ و دەستەکانی توند بئاخنێتە ناو گیرفانەکانییەوە و بەڕێگەدا بڕوات. زۆرێک لەو شتانە.

[ئانا ئاوڕدەداتەوە بۆ ئەوەی تەماشای کەیت بکات.]

**ئانا:** بەڵێ.

**دیڵی:** زۆر جار ڕوخساری دەخەمە ناو لەپی دەستم و لێی دەڕوانم.

**ئانا:** بەڕاستیتە؟

**دیڵی:** بەڵێ. لێی دەڕوانم. لە ناو لەپما دەیهێڵمەوە. ئەمجا بەجۆرێک ڕێگەی دەدەم سەری شۆڕ بێتەوە، دەستم دوور دەخەمەوە و وا

دەکەم سەری بەربێتەوە.

**کەیت:** سەرم بەتەواوی ڕاست دەبێتەوە و ڕێکی دەکەمەوە.

**دیڵی:** [بۆ ئانا] بۆ خۆی بەردەبێتەوە.

**ئانا:** هەمیشە خەیاڵ بردوویتییەوە.

[ئانا دادەنیشێت.]

هەندێ جار کە لە باخچە پیاسەمان دەکرد، من پێم دەگوت، تۆ خەون دەبینیت، تۆ خەون دەبینیت، بەئاگا وەرەوە. خەون بەچییەوە دەبینیت؟ ئەمجا تەماشای لای منەوەی دەکرد و قژی ڕێک دەخستەوە و بەجۆرێک لێی دەڕوانیم وەک ئەوەی من بەشێک بم لە خەونەکەی ئەو.

[وچانێک]

ڕۆژێکیان پێی گوتم، هەموو ڕۆژی هەینی نووستم. نا وا نییە، من پێم گوت، مەبەستت چییە؟ من بەدرێژاییی هەموو ڕۆژی هەینی نووستم، ئەو گوتی. بەڵام ئەمڕۆ هەینییە، من پێم گوت، بەدرێژاییی ئەمڕۆ هەر هەینی بووە، ئیستاش شەوی هەینییە، تۆ هەموو هەینی نەنووستوویت. با نووستووم، ئەو گوتی، من تەواوی ڕۆژی هەینی نووستووم و ئەمڕۆش شەممەیە.

**دیڵی:** مەبەستت ئەوەیە بەتەواوی دڵنیا نەبووە لەوەی لە چ ڕۆژێکداین؟

**ئانا:** نەخێر.

**کەیت:** نەخێر دڵنیا بووم. شەممە بوو.

[وچانێک]

**دیڵی:** ئێمە ئیستا لە چ مانگێکداین.



**کەیت:** مانگی گەلاوێژ.

[وچانێک]

**دیڵی:** زۆرمان لێ کرد بیری لێ بکاتەوە. دەبێت زوو زوو بەدیدارتان شاد بین. ئێوە کاریگەریی باشتان هەیە.

**ئانا:** بەڵام هەمیشە هاوڕێیەکی زۆر ناسک بووە.

**دیڵی:** ژیان لەگەڵیا خۆشە؟

**ئانا:** پڕ لە خۆشییە.

**دیڵی:** دڵفڕێنە کە تەماشای بکەی، زۆر خۆشە بیناسی.

**ئانا:** ئای، هەر هەموو ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە بەردەوام دەمانخوێند، لە درەنگانێکی نیوەشەودا، لەسەر ئەرزەکە ڕادەکشاین، شتە کۆنەکان جوانن. هەندێ جار من لە ڕوخساری ورد دەبوومەوە، بەڵام ئەو هەمیشە لە نیگای من بێ ئاگا بوو.

**دیڵی:** نیگا؟

**ئانا:** چۆن؟

**دیڵی:** وشەی نیگا. ئەو وشەیەم زۆر گوێ لێ نابێت.

**ئانا:** بەڵێ، بەتەواوی بێ ئاگا بوو. سەد دەرسەد لای خۆی نەبوو.

**دیڵی:** دڵفڕێنە تەماشای بکەی، خۆشە بیناسی؟

**کەیت:** [بۆ ئانا] من ئەو گۆرانییە نازانم، ئەو گۆرانییە کامەیە؟

**دیڵی:** [گۆرانی دەڵێ بۆ کەیت] بەمیهرەبانییەوە تەماشای بکەی، خۆشە بیناسی.

**ئانا:** ئۆی، بەڵێ بێگومان ئەو گۆرانییەمان خوێندووە. هەر هەموویمان هەبوو.

**دیلی:** [گـۆرانـی دەڵێ] مــاوەیـەکی دووردرێژە، دەتبــینم بـەتەنیــا دانیشتووی.

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] ئەو شێوازەی قژتی پێ شانە دەکەی.

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] ئۆوو هەرگیز ئەوان بۆیان ناکرێ ئەوە لە من دابڕن.

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] ئۆوو تۆ بەو بزە گەرموگوڕەتەوە چەند نیانی.

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] من خاتوونێکم هەیە دێوانە بووە بۆم، خاتوونێک تا بڵێی بەو شێوازەی خەندە هێنە.

[وچانێکی کورت]

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] بەڵێنی ماچێکت بۆ بەهارێ پێ داوم.

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] ڕۆژێک دێ من ئەو ساتە بەهەشتییە ببینم کاتێ هەموو ئەو شتانەی کە هیی تۆن هیی منیشن!

[وچانێکی کورت]

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] ئیتر شەمپانیا چ چێژێکم پێ نابەخشێ، دەریای شەرابیش بە هیچ جۆرێ نامبزوێنێ، دەی پێم بڵێ ئەو ڕاستییە لە کوێوە دێ.

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] ئەوەی من لە تۆ دابڕاوم؟

[وچانێک]

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] لێیان پرسیم چۆن دڵنیای لە ڕاست و دروستیی دڵدارییە خاوێنەکەت، بێگومان بۆم دووبارە کردنەوە کە ڕازێک لە قووڵاییی ناخما هەیە بە هیچ جورێ ناتوانم حاشای لێ بکەم.



**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] کاتێ بڵێسەی ئەو عیشقە دادەمرکێ.

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] ئیتر چاوانت پڕ دەبن لە فرمێسک.

[وچانێک]

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] دیمەنی شەمەنەفەری نیوەشەو لە وێستگەیەکی چۆڵوهۆڵا.

[وچانێک]

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] باخچەی دەمی ئێوارە لەو کاتەدا کە زەنگەکان زرنگەیان دێ.

[وچانێک]

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] بزەی سەر لێوانی گاربۆ و بۆنوبەرامەی گوڵ...

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] لە دوا ساتەکانی داخستنی مەیخانەدا کە ساقییەکان فیکە دەکێشن...

**دیلی:** [گۆرانی دەڵێ] ئۆوو، تارماییی تۆ چەند میهرەبانە...

[وچانێک]

جارێکی تر بەو جۆرە بۆیان ناخولقێتەوە.

[بێدەنگی].

ئەوەی بەسەر منا هات بەم جۆرە بوو، خۆم کرد بە"فلیپیتا" بۆ ئەوەی "پیاوە سەیرەکە" ببینم. دوا نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو، خۆشم نەمدەزانی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێم. ئەوەم لە بیرە کە بیرکردنەوە لەو شوێنەدا دەربارەی دەرو دراوسێ شتێکی ئاسایییە، لە پڕێکدا ئەوەم کەوتەوە یاد کە باوکم لەو گەڕەکەدا بوو کە یەکەم پاسکیلی سێ تایەیی بۆ کڕیم، لە ڕاستییا ئەوە

تاکە پاسکیلی سێ تایەییش بوو کە من هەمبوووبێت. بەهەرحاڵ لەوێدا پاسکیل خانەیەک هەبوو لەگەڵ فلیپیتا کە پیاوە سەیرەکەیان لێ دەدا، هەروەها دوو ڕێنوێنیکار لە ڕاڕاوەکەدا وەستا بوون، یەکێکیان دەیکێشا بەمەمکی خۆیدا و ئەوی تریشیان دەیگوت "قەحبەی بۆگەن" ئەوەی کە دەستی لەسەر مەمکی دانابوو بەئیشتیهایەکی هەوەس بزوێنەوە دەیگوت "ئممم" و بەدەم هاوڕێ ڕێنوێنیکارەکەیەوە پێ دەکەنی. ئیتر لەو قرچە قرچی گەرمای هاوینەدا کە نازانی ڕوو بکەیتە کوێ، خۆم کرد بەژوورا و تەماشای "پیاوە سەیرەکە"م کرد، زۆر سەرسام بووم بەڕۆڵی ڕوبەرت نیوتن.

تا ئیستاش ئەو ڕۆڵەیم بیر ناچێتەوە. ئیستاشی پێوە بێت، ئامادەم لەسەر ئەو، پیاو بکوژم. تەنیا یەک کەسی تر هەیە لە سینەمادا، یەک کەسی تر لە هەموو دنیای سینەمادا، ئەویش ئەو خاتوونەیە.

ئەویش ئەو خاتوونە بوو، کە تا بڵێی ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و ناوداره و لە هەر شوێنێکدا کە قەرەباڵغ بێ یان نا، لە ناوجەرگەی هۆڵی کۆبوونەوەدا من ئەوە دەڵێم. هەر لە هۆڵەکە بووم و هێشتا هەر لەوێ مابوومەوە. کە فیلمەکە تەواو بوو ئەمجا منیش جوولام، دیقەتم دا ئەگەر چی جەیمس ماسۆن مردبوو، ڕێنوێنیکارەکەی یەکەم لەوەی دەکرد بەتەواوی پەشێواو بێ، لە بەر خۆرەکە بۆ قەیرێک ئێستێکم کرد و پێم وابێ لە شتێک ڕامابووم، لەو دەمەدا کیژۆڵەکە هاتە دەرێ و لام وا بێ لەوم ڕوانی و پێم گوت:



«ڕۆڵەکەی ڕۆبەرت نیوتنت بەلاوە جوان نەبوو»، ئەویش لەبەرخۆیەوە شتێکی درکاند، کە هەر مەسیح بۆ خۆی دەزانێ چی گوت، بەڵام تەماشای لای منەوەی کرد، پێم وابوو ئەوە کتومت خۆی بێ، تاکی خۆمم دۆزیبێتەوە و دەبێ لە دەستی نەدەم، کە چووینە گازینۆکە و لەوێ دانیشتین و خەریکی چاخواردنەوە  بووین، تەماشای کووپەکەی کرد و ئەمجا سەری بۆ من هەڵبڕی و پێمی گوت کە پێی وایە کەس نییە شان لە شانی ڕۆبەرت نیوتن بدات. ئەوە ڕۆبەرت نیوتنە کە ئێمەی پێک ناساند و هەر ڕۆبەرت نیوتنیش بۆ خۆی دەتوانێ لێکمان جیا بکاتەوە.

[وچانێک]

**ئانا:** ئێف جەی ماک کۆرمیکیش ڕۆڵەکەی باش بوو.

**دیڵی:** من دەزانم ئێف جەی ماک کۆرمیکیش باش بوو، بەڵام ئەو ئێمەی پێک نەناساند.

[وچانێک]

کەواتە تۆ ئەو فیلمەت دیوە؟

**ئانا:** بەڵێ.

**دیڵی:** چ وەخت؟

**ئانا:** ئۆوو... زۆر دەمێکە.

[وچانێک]

**دیڵی:** [بۆ کەیت] ئەو فیلمەت لە یادە؟

**کەیت:** ئا بەڵێ. زۆر بەباشی.

[وچانێک]

**دیلی:** پێم وابێت لەوەدا ڕاستم گوتووە کە دەڵێم جاری دواتر کە یەکتریمان دییەوە دەستی یەکترمان گوشی. کە لە تەنیشت منەوە ڕێگەی دەبڕی من دەستە ناسکەکانیم گرتبوو، من شتێکم گوت کە ئەوی خستە پێکەنین و تەماشای لای منەوەی کرد، وا نەبوو، قژی بۆ دواوە ڕێک خست و من پێم وابوو تەنانەت زۆر لە ڕۆبەرت نیوتن ئەندێشاویتر بوو.

[وچانێک]

ئەمجا دواتر ناوە ناوە جەستەی ڕووتوقووتمان پێکەوە جووت دەبوو، ئەندامی ناسک و گەرموگوڕی، زۆر دڵفرێن بوو، ئەوەی کە بەلامەوە شوێن تێرامان بوو، ئەوە بوو کە دەبێ ڕۆبەرت نیوتن چۆن بیر لەوە بکاتەوە. لەو کاتەدا کە من زۆر بەقووڵی دەستم لە جەستەی دەخشاند لەوە تێ ڕامابووم کە چۆن بیر لەوە دەکاتەوە.

[بۆ ئانا] پێت وایە ئەو بیر لە چی دەکاتەوە؟

**ئانا:** هەرگیز بەڕۆبەرت نیوتن نەگەیشتووم، بەڵام من تەواو دڵنیام لەوەی کە مەبەستت لە چییە. ڕووداوگەلێکی زۆر هەن کە ئەگەرچی ڕەنگە بە هیچ جۆرێکیش ڕوویان نەدابێ، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ ئەندێشەیان لێ بگرێ. دنیایەک شت هەن من ئەندێشەیان دەکەم کە لەوە دەکات هەرگیز ڕووشیان نەدابێت، بەڵام کە بیریان لێ دەکەمەوە جێگەیان دیارە.

**دیلی:** چۆن؟

**ئانا:** ئەو پیاوە لە ژوورەکەماندا داد و فیغانی بوو. درەنگانێکی شەو کە دەگەڕامەوە بینیم دەنووزێتەوە، لەسەر کورسییەکی قۆڵدار



دانیشتبوو دەموچاوی بەدەستەکانی داپۆشیبوو، لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە بەتەواوی خۆی گرموڵە کردبوو، کەیتیش لەسەر تەختی نووستنەکە دانیشتبوو لێوانێکی قاوەی بە دەستەوە گرتبوو، کەس خۆی لە من نەگەیاند، کەس هیچی نەگوت، کەس تەماشای نەکرد. من بۆم نەدەکرا هیچ شتێک بکەم. خۆم ڕووت کردەوە و گڵۆپەکەم کوژاندەوە و چوومە ناو جێگەی نووستنەکەم، پەردەکان زۆر تەنک بوون، ڕۆشنایی سەر شەقامەکە هاتبووە ناو ژوورەکەوە و کەیت هێشتا هەر لە شوێنەکەی خۆی نەجوولابوو، پیاوەکەش هەر دەنووزایەوە، ژوورەکە تەواو ڕۆشن بوو. هەوایەکی فێنک دەهاتە ژوورێ و پەردەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا و دەبرد، هیچی کە نەدەبیسترا تەنیا داد و فیغان نەبێت، لە پڕێکا گریانەکە وەستا. پیاوەکە بەرەو لای من هات، پەیتا پەیتا بەرەو لای من دەیڕوانییە خوارەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە من بۆم نەدەکرا هیچ شتێکی بەرانبەر بکەم، هەر هیچ.

[وچانێک]

نا، نا، من بەتەواوی هەڵە بووم. ئەو زۆر بەخێرایی نەجووڵا.. ئەوە بەتەواوی هەڵە بوو.. ئەو جووڵا..

زۆر بەهێواشی، ڕۆشناییەکە زۆر خراپ بوو، ئیتر وەستا. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا. ئەو تەماشای تەختی نووستنەکەی هەردووکمانی پێکەوە دەکرد. ئەمجا بەرەو لای من جووڵا و لە تەختی نووستنەکەی من نزیک بووەوە. بەسەر منا نووشتایەوە. بەڵام من بۆم نەدەکرا هیچ شتێکی بەرانبەر بکەم، بەدڵنیایی هیچ شتێک.

[وچانێک]

**دیلی:** ئەو کەسە پیاوێکی چۆن بوو؟

**ئانا:** بەڵام پاش قەیرێک گوێم لێی بوو کە چووە دەرەوە. گوێم لێ بوو دەرگەی دەرەوە داخرایەوە و دەنگی پێیم لە سەر شەقامەکەوە هاتە گوێ، ئەمجا بێدەنگی تەشەنەی کرد، دەنگی پێیەکە بەتەواوی دوور کەوتەوە و بێدەنگی دنیای داپۆشی.

[وچانێک]

بەڵام لە دواییدا هەندێ جار لە شەوا بەئاگا دەهاتم و تەماشای ناو ژوورەکەم دەکرد و لە تەختی نووستنەکەی ئەوم دەڕوانی و دوو تارماییم پێکەوە دەبینی.

**دیلی:** ئەو دەگەڕایەوە.

**ئانا:** لە باوەشی ئەوا لەسەر تەختی نووستنەکەی ڕاکشابوو.

**دیلی:** پیاوێک لە تاریکیدا و لە باوەشی ژنەکەما؟

[وچانێک]

**ئانا:** بەڵام لە بەرەبەیانییا... لەوێ نەدەما.

**دیلی:** سوپاس بۆ ئەوە خوایە.

**ئانا:** هەر وەک ئەوەی کە هەرگیز بوونیشی نەبووبێت.

**دیلی:** بێگومان کە بوونی هەبووە. ئەو یەک جار دەهات و دوو جار دەڕۆیشت.

[وچانێک]

باشە، ئەوە چ چیرۆکێکی کاریگەرە.

[وچانێک]



ئەو کابرایە، شێوەی چۆن بوو؟

**ئانا:** ئۆوو، نازانم، من هەرگیز بەڕوونی ڕوخساریم نەبینیوە.

**دیلی:** بەڵام ئەو...؟

[کەیت هەڵدەستێ و بەرەو لای مێزە بچکۆلەکە دەڕوات، جگەرەیەک لە سندووقێک دەردەهێنێت و دای دەگیرسێنێت. تەماشای لای ئاناوە دەکات.]

**کەیت:** تۆ وا لە من دەدوێی وەک ئەوەی من مردبێتم.

**ئانا:** نا، نا، تۆ نەمردبوویت، تۆ زۆر گورجوگۆڵ بوویت، لەوپەڕی جووڵەدا بوویت، تۆ هەمیشە پێ دەکەنیت...

**دیلی:** بێگومان تۆ هەر وابوویت. من بۆ خۆم دەمخستیتە پێکەنین، وا نەبووم؟ بەدرێژاییی شەقامەکە دەڕۆیشتین و دەستمان لە ناو دەستی یەکا بوو. تۆش هەر قاقات لێ دەدا.

**ئانا:** بەڵێ، کتومت وا بوو.... هەموو گیانی پڕ جووڵە بوو.

**دیلی:** پڕ جووڵە بوو وشەیەکی پڕ بەپێستی خۆی نییە. کاتێ کە پێ دەکەنی.. چۆن بتوانم وەسفی ئەوە بکەم؟

**ئانا:** چاوەکانی دەدرەوشانەوە.

**دیلی:** من بۆ خۆم نەمدەتوانی لەوە جوانتر وەسفی بکەم.

[دیلی هەڵدەستێ و دەچێتە سەر سندووقی جگەرەکە، هەڵی دەگرێ و بەڕووی کەیتەوە پێ دەکەنێ. کەیت تەماشای دەکات، کە جگەرەکەی دادەگیرسێنێت لێی دەڕوانێت، سندووقەکەی لێ وەردەگرێت و بۆ ئانای ڕادەگرێت و جگەرەی پێشکێش دەکات، ئانا جگەرەیەک هەڵدەگرێت.]

**ئانا:** تۆ نەمردبوویت. هەرگیز، بەهیچ جۆرێک.

**کەیت:** من گوتم تۆ وا لە من دەدوێیت هەر وەک ئەوەی من ئیستا مردبم.

**ئانا:** تۆ چۆن دەتوانی وا بڵێی؟ چۆن دەتوانی وا بڵێی لە کاتێکا من ئیستا لێت دەڕوانم؟ دەتبینم بەوپەڕی شەرم و شکۆوە بەرانبەرم وێستاویت و لێم دەڕوانیت..

**دیلی:** ئەو هەرایە ڕاگرن.

[وچانێک]

[کەیت دادەنیشێ. دیلی شەراب تێ دەکات.]

**دیلی:** من بۆ خۆم قوتابی بووم و سەرقاڵی پاشەڕۆژی خۆم بووم، لەوە ڕامابووم کە ئایا ڕەوای هەقە خۆم بە گرفتارییەکانی کیژۆڵەیەکەوە بڕەتێنم کە هێشتا لە قومات نەهاتووەتە دەرێ و تەنیا داوایەکیشی کە بەلایەوە گرینگ بێ خامۆشییە، کیژۆڵەیەک کە هیچ حەزێکی بۆ گۆڕانکاری تێدا نییە، هیچ هۆشێکی بڕیاردانی لا نییە، گوێڕایەڵی ئەو هەواوهەوەسەیە کە خۆی لەگەڵی ڕاهاتووە، نەک ئەو هەواوهەوەسەی، بەدڵنیاییەوە هەواوهەوەسی من نا، تەنیا هەواو هەوەسێ کە خۆی تێی دەگات، ئەوەش بێگومان تێگەیشتنێک نییە کە بەلایەنی کەمەوە من لەو وشەیە تێ دەگەم، بەلایەنی کەمەوە ئەوە ئەو نیگارەیە کە من لە خەیاڵما کێشاومە. نیگاری خاتوونێکی کلاسیکی، یان بەخۆمم گوت، ئەوە دانیشتنی خاتوونێکی کلاسیکییە، کە یەک شێوەی هەیە و زۆریش بەسەر چووە.

[وچانێک]



ئەوە ئەو شێوازەیە کە من بینیومە. مەبەستم ئەوەیە، ئەوە ئەو ڕاگەیاندنە حەتمییەی منە کە پێش بیست ساڵ لەمەوبەر بینیومە.

[بێدەنگی]

**ئانا:** کاتێ بیستم کەیتی شووی کردووە خەریک بوو دڵم لە خۆشییا بفڕێ.

**دیلی:** چۆن ئەو هەواڵەت پێ گەیشت؟

**ئانا:** لە هاوڕێیەکەوە.

[وچانێک]

بەڵێ، خەریک بوو لە خۆشییا بفڕێ، لەبەرئەوەی تۆ دەبینی کە من دەزانم کە ئەو هەرگیز شتێکی بە ئازادی نەکردووە یان بێ باکانە، سەرکێشانە. هەندێ خەڵک بەردیان دەگرتە ڕووبارەکە بۆ ئەوەی بزانن ئاوەکە زۆر ساردە بۆ خۆ تێفڕێدان، خەڵکانێکی تر، چاوەڕوانی شەپۆلی ئاوەکەیان دەکرد بەر لەوەی خۆیانی تێ فڕێ بدەن.

**دیلی:** خەڵکانێکی تر چییان دەکرد؟ [بۆ کەیت] ئەو وتی چی؟

**ئانا:** من دەمزانی کە کەیتی هەمیشە نەک هەر چاوەڕوانی دەرکەوتنی یەکەم شەپۆلی دەکرد بەڵکو چاوەڕوانی یەک لە دوای یەکی شەپۆلەکانی دەکرد بگەنە دەم کەنارەکە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر وەکو خۆشت دەزانی کە شەپۆلەکانی دەم کەنارەکە کتومت ئەو درەوشانەوەیە نیشان دەدا کە ڕووبارەکە هەیەتی لە گەرد بەگەردی ئاوەکەوە تا دەگاتە قووڵاییی ئاوەکە لە خوارەوە. بەڵام تەنانەت کاتێکیش کە هەستی بە ئاوەکە دەکرد، کاتێ کە

دڵنیاش دەبوو لەوەی ئاوەکە چۆنە، هێشتا لەوەی دەکرد کە خۆی فڕی نەدات. بەڵام لەو دۆخەدا ئەوە بازی داوە و هەروەها منیش دەزانم کە بەتەواوی کەوتووەتە داوی خۆشەویستییەوە و ئاسوودەشە. من پێم وایە ڕەنگە لەگەڵ تۆشا هەر بەهەمان شێوە ڕووی دابێ.

**دیلی:** مەبەستت لە شەپۆلەکانە؟

**ئانا:** ئەگەر ئەوەت پێ خۆش بێ.

**دیلی:** هەروەها مەبەستت لە شەپۆلیشە؟

**ئانا:** دەمەوێ بڵێم، تا ڕادەیەک.

**دیلی:** دەزانم.

[وچانێک]

**ئانا:** هەروەها دواتر کاتێک کە بۆم دەرکەوت ئێوە چ جۆرە پیاوێکن دوو ئەوەندەی تر خۆشحاڵ بووم لەبەرئەوەی دەزانم کە کەیتی هەمیشە حەزی بەهونەر بووە.

**کەیت:** من تەنیا جارێک حەزم بەهونەر کردووە، بەڵام ئیستاش تەواو بیرم ناکەوێتەوە کە ئەو جارەش لە کوێ بووە.

**ئانا:** پێم مەڵێ ئەو ڕۆژەت لە بیر چووەتەوە کە پێکەوە لە گەلەریی تەیت بووین؟ چۆن هەموو کەنیسە و خانووە کۆنەکانی لەندەنمان پێکەوە تەی دەکرد، مەبەستم ئەوانەن کە لە شارەکە و لە باشووری ڕووبارەکە چ لە لامبیز و چ لە گرین ویچ، لە دەست تەقینەوەکان قوتاریان بووە؟ ئای خوایە. ئەی ڕۆژنامەی یەکشەممەمان ! من هەرگیز بۆم نەدەکرا لە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی دابڕێم. ئەو شەیدایان بوو، هەروەها زۆری دەکرد



کە بچینە بینینی ئەو گەلەری، ئەو شانۆیی، یان ئەو کۆنسێرتی مۆسیقای ژوور، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە لەندەنی ئازیزدا گەلێک جموجۆڵ و چالاکی هەبوو چ بۆ بیستن و چ بۆ بینینیش، هەندێ جار شتمان زۆر لە کیس دەچوو، یان پارەمان پێ نەبوو، ئیتر گەلێک شتمان لە دەست دەچوو. بۆ نموونە، لە بیرمە یەکشەممەیەک تەماشای ڕۆژنامەی دەکرد پێی گوتم، خێراکە لەگەڵما وەرە خێرا، پەلە بکە، جانتاکانمان هەڵگرت و بۆی دەرپەڕینە دەرەوە، بەپاس چووین بۆ شوێنێکی نەزانراو کە بەتەواوی بەلامەوە نائاشنا بوو، تا ڕادەیەک جێیەکی تەریک بوو، فیلمێکی زۆر جوانمان بینی کە ناوی "پیاوە سەیرەکە" بوو.

[بێدەنگی]

**دیلی:** بەڵێ، هەندێ جار لە ڕێی ئیشەکەمەوە سەفەر دەکەم.

**ئانا:** ئەوەت پێ خۆشە؟

**دیلی:** زۆر زۆر.

**ئانا:** زۆر دوور دەکەویتەوە؟

**دیلی:** من لە ڕێی ئیشەکەمەوە سەردانی هەموو دنیا دەکەم.

**ئانا:** ئەی کە تۆ لێرە نابیت کەیتی داماو چی دەکات؟

[ئانا تەماشای کەیت دەکات.]

**کەیت:** ئۆو، من لێرە دەمێنمەوە.

**ئانا:** ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر دوور دەکەوێتەوە؟

**کەیت:** پێم وایە، هەندێ جار، وا نییە؟

**ئانا:** تۆ خێزانەکەت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەجێ دەهێڵی؟ چۆن دەتوانی؟

**دیلی:** بەڵێ، هەندێ جار لە ڕێی ئیشەکەمەوە سەفەر دەکەم.

**ئانا:** [بۆ کەیت] پێم وایە کاتێ کە ئەو سەفەر دەکات پێویست دەکات بێم و لەلات بمێنمەوە.

**دیلی:** ئەی مێردەکەت بیرت ناکات؟

**ئانا:** بێگومان، بەڵام بۆ خۆی تێ دەگات.

**دیلی:** ئیستا تێ دەگات لەوە؟

**ئانا:** بێگومان.

**دیلی:** قاپێ خواردنی ڕووەکیمان بۆ ئامادە کردووە.

**ئانا:** ئەو ڕووەکی نییە. لە ڕاستییا زۆر حەزی لە خواردن و خواردنەوەیە. ئەوە بۆ چەند ساڵێک دەبێ لە ڤێلایەکا دەژین، کە لە بەرزاییەکدایە بەسەر گردێکەوەیە.

**دیلی:** لەوێ خواردنی باش دەخۆی، وا نییە؟

**ئانا:** دەتوانم تا ڕادەیەک بڵێم بەڵێ.

**دیلی:** بەڵێ، تا ڕادەیەک سیسلی شارەزام. هەتاکو ڕادەیەک. تۆرمیناش، لە تۆرمینا دەژیت؟

**ئانا:** لە دەرەوەی تۆرمینا.

**دیلی:** لە دەرەوەی، بەڵێ. زۆر لە سەرەوە. بەڵێ لەوانەیە نیگای ڤێلاکەتانم کردبێت.

[وچانێک]

بەهۆی ئیشەکەمەوە چوومە سیسلی. ئیشەکەم گرێدراوی ژیانە



لە هەر شوێنێک بێ، وەک دەبینی لە هەر پارچە شوێنێکی ئەم گۆی زەمینە. لەگەڵ خەڵکیدا لە هەر شوێنێک بن لەسەر ئەم گۆی زەمینە. من وشەی گۆی زەمین بەکار دەهێنم؛ چونکە وشەی گۆی زەمین هەست و سۆزێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی هەیە و ڕواڵەتێکی دەروونیی هەیە و لەرینەوەیەک کە پێم باشە وەک مەسەلەیەکی هەڵبژاردن پەسەندی بکەم کە بەبێ ئەو هیچ شتێک نەکەم، یاخۆ بڵێم خۆمی لێ بەدوور بگرم، یاخۆ ئەگەر حەز بکەی ڕەتی بکەیتەوە. یەختەکە چۆن بوو؟

**ئانا:** ئۆوو، زۆر باش بوو.

**دیلی:** کاپتنەکە بەهێڵێکی ڕێک و رەوان یەختەکەی دەئاژۆیی؟

**ئانا:** چۆن خۆمان حەز و ئارەزوومان بوو، ئاوا دەیئاژۆیی.

**دیلی:** بەگەڕانەوەت خەمگینییەکەی ئینگلتەرات هەست پێ کردەوە؟

**ئانا:** تا رادەیەکی فریودەرانە ئا.

**دیلی:** تا ڕادەیەکی فریودەرانە ئا؟ [بۆ خۆی] مەبەستی لەوە چییە؟

[وچانێک]

باشە، هەر کاتێک مێردەکەت بەس ئەوەندەی چاو لەدەر نەبێ، ڕێی کەوتە ئەم ناوە ئەوا خێزانە خنجیلانەکەم خۆی بە بەختیار دەزانێت کە خواردنێکی بە تامی بخاتە بەردەم. خۆشحاڵ دەبین.

[وچانێک]

پێم وایە ئیش و کارەکەی ڕێگەی گەشتوگوزاری پێ نەدات، چی ناوە؟ جایەن کارلۆ یان پێر پاولۆ؟

**کەیت:** [بۆ ئانا] ئەرزی خانووەکەتان مەڕمەڕە؟

**ئانا:** بەڵێ.

**کەیت:** بەپێی پەتی هاتوچۆی لەسەر دەکەی؟

**ئانا:** بەڵێ، بەڵام بۆ داڵانەکە سۆل لە پێ دەکەم، لەبەرئەوەی هێشتا بە سۆلیشەوە پێ ئەزیەت دەدات.

**کەیت:** مەبەستت لە تیشکی ڕۆژە؟ گەرمی.

**ئانا:** بەڵێ.

**دیلی:** لە سیسلی گرووپێکی زۆر کارامەم لەگەڵن. وێنەگرێکی زۆر سەرنجڕاکێش. ئێرڤینگ شێلتز. لە کارەکەیدا زۆر شارەزایە. دیمەنێکی زۆر نایابی ژنێکی ڕەشپۆشمان گرت. خانمێکی خنجیلەی ڕەشپۆش. نووسین و دەرهێنانی فیلمەکە هی منە. ناوم ئۆرسن ویلسە.

**کەیت:** [بۆ ئانا] بەیانییان شەربەتی پرتەقاڵ لە داڵانەکەتان دەخۆیتەوە، یان خۆرنشینان بەدەم تەماشاکردنی دەریاوە شەراب دەخۆیتەوە؟

**ئانا:** هەندێ جار بەڵێ.

**دیلی:** لە ڕاستییا من لە پیشەکەمدا گەیشتوومەتە لووتکە، لە هەقیقەتدا من پێوەندیم بەکۆمەڵە کەسانێکی زۆر شارەزا و لێهاتووەوە هەیە و لە سەروو هەمووشیانەوە جۆرەها سۆزانی.

**کەیت:** [بۆ ئانا] حەزت لە خەڵکانی سیسلی هەیە؟

**دیلی:** من لەوێ بووم. شتێکی ئەوتۆی لێ نییە بۆ بینین، شتێکی ئەوتۆی لێ نییە بەدوایا بگەڕێی، هەر هیچ. هیچ شتێکی ئەوتۆ لە سیسلی نییە لێی بگەڕێیت.

**کەیت:** [بۆ ئانا] حەزت لە خەڵکانی سیسلی هەیە



[ئانا لێی ورد دەبێتەوە.]

[بێدەنگی]

**ئانا:** [بەهێمنی] با ئەمشەو نەچینە دەرەوە، با ئەمشەو نەچین بۆ هیچ شوێنێک، با لێرە بمێنینەوە، من خواردنێک دەم دەکەم و گۆرانییەکی دەخەینە سەرو تۆش دەتوانی سەرت بشۆی و بحەوێیتەوە.

**کەیت:** ئۆه، نازانم. لەوانەیە بچینە دەرەوە.

**ئانا:** بۆچی دەتەوێت بچیتە دەرەوە؟

**کەیت:** دەکرێ بەباخچەکەدا پیاسەیەک بکەین.

**ئانا:** باخچەکە لە شەودا خاوێن نییە، جۆرەها خەڵکانی بێسەروبەری لێ کۆ دەبنەوە، پیاوانێک لە پشتی درەختەکانەوە خۆیان حەشار دەدەن و ژنانێکیش بەدەنگە نەشازەکانیانەوە، کە بەلایاندا دەڕۆی بەسەرتا دەقیژێنن، خەڵکانێک لە ناکاو لەو دیوی تەپکە و درەختەکانەوە دەردەپەڕێنە دەرەوە و لە هەر شوێنێکەوە دەڕۆی پڕی تارمایی و پۆلیسە. کە ئەو هەموو چرایانە دەبینی و ئەو هەموو ژاوەژاو و گەڕەلاوژەیە دەبیستی کە لە دەوروپشتی چراکاندا خولقاوە و ئەو هەموو ئوتێلانە دەبینی، پیاسەیەکی خۆشت نابێ. بۆ خۆشت دەزانی کە دیمەنی ئەو دەرگە خولاوانە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشت پێ نابەخشێ. ئاسوودە نابی کە ئەو حەشاماتە لە ناو ڕۆشنایی ئەو هۆڵانەدا دەبینی تێکچڕژاون و تێکڕا قسە دەکەن و دەخولێنەوە. ئەو هەموو چلچرایانە.

[وچانێک]

ئەگەر بچنە دەرەوە ئەوا خۆزگە دەخوازن بێنەوە ماڵێ. دەتانەوێ ڕاکەنەوە ماڵێ. بۆ ناو ژوورەکەتان...

[وچانێک]

**کەیت:** ئەی کەواتە چی بکەین؟

**ئانا:** لە ماڵەوە دەمێنینەوە. دەکرێ شتێکت بۆ بخوێنمەوە؟ ئەوەت بەلاوە چۆنە؟

**کەیت:** نازانم.

[وچانێک]

**ئانا:** تۆ برسیت نییە؟

**کەیت:** نەخێر.

**دیلّی:** لە دوای ئەو تاوە گۆشت و سەوزەیە، برسیتە؟

[وچانێک]

**کەیت:** بەیانی چی لەبەر بکەم؟ ناتوانم قەرار لەسەر شتێک بگرم.

**ئانا:** جلە سەوزەکانت بپۆشە.

**کەیت:** شتێکی جوانم نییە لەگەڵی لەبەری بکەم.

**ئانا:** با هەتە. بلووسە پیرۆزەییەکە.

**کەیت:** جا پێکەوە دەگونجێن؟

**ئانا:** بەڵێ، دەگونجێن. بێگومان دەگونجێن.

**کەیت:** تاقییان دەکەمەوە.

[وچانێک]

**ئانا:** بەلاتەوە ئاسایی دەبێ کەسێک بانگ بکەم بۆ ئێرە؟

**کەیت:** وەکو کێ؟



**ئانا:** چارڵی یان جەیک؟

**کەیت:** حەزم بەجەیک نییە.

**ئانا:** باشە، چارڵی... یان...

**کەیت:** کێ؟

**ئانا:** مەکەیب.

[وچانێک]

**کەیت:** لە گەرماوەکە بیرێکی لێ دەکەمەوە.

**ئانا:** گەرماوەکەت بۆ داخەم.

**کەیت:** [بەپێوە وەستاوە] نا، ئەمشەو بۆ خۆم دام خستووە.

[کەیت بەهێواشی بەرەو دەرگەی ژووری نووستنەکە دەڕوات، دێتە دەرەوە و دەرگەکە دادەخات. دیلّی هەڵدەستێتە سەر پێ و تەماشای ئانا دەکات.

ئانا ڕووی بەرەو لای ئەوان وەردەگێڕێ. هەموویان تەماشای یەکتری دەکەن.]

[تاریکی]

## دیمەنی دووەم

ژووری نووستنە. پەنجەرەیەکی درێژکۆڵە لە ناوەندەوەیە. لە لای چەپەوە دەرگەیەک دەڕواتە سەر گەرماوەکە. دەرگەیەک بۆ ژووری دانیشتن لە لای ڕاستەوە.

[دوو قەرەوێڵە و کورسییەکی قۆڵدار.]

[کورسی و قەرەوێڵەکان بەشێوەیەکی گونجاو دانراون هەر وەکو تاقمە قەنەفەکەی دیمەنی یەکەم، بەڵام شوێنەکەی تەواو پێچەوانەی ئەوە.]

[ڕۆشنایی کزە. ئانا دەبینین لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتووە. درەوشانەوەیەکی کز لەسەر دەرگەی نەقاشی گەرماوەکەوە دەبینین.]

[بێدەنگی]

[ڕۆشنایی زیاد دەکات، دەرگەکەی تر دەکرێتەوە. دیلی بەسینییەکەوە دەردەکەوێ و دێتە ژوورەوە و سینییەکە لەسەر مێزێک دادەنێت.]

**دیلی:** ئا ئەوەتا. تازە و گەرمە. تازە و گەرم و خەستە. پێم وایە تۆ پێت خۆش بێ بەشەکر و کرێمەوە بیخۆیتەوە؟

**ئانا:** بەڵێ، دەستت خۆش بێ.

**دیلی:** [قاوە تێ دەکات] تازە و گەرم و خەستە لەگەڵ کرێم و شەکر. [کووپە قاوەکەی دەداتێ]



ژوورەکەت پێ خۆشە؟

**ئانا:** بەڵێ.

**دیلی:** ئێمە لێرە دەنووین. ئەوانە تەختی نووستنەکانمانن. ئەم قەرەوێڵانەم لەبەرئەوە پێ خۆشن کە بەئارەزووی خۆت دەتوانی بیانهێنی و بیانبەیت و شوێنەکانیان بگۆڕیت. دەتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە هەروەکو ئیستایان، یان پێکەوەیان بلکێنی و لە گۆشەیەکیان دانێیت یاخۆ یەک لە دوای یەک پێکەوە ڕیزیان کەیت و وا بنووین قاچ بنێین بەقاچی یەکەوە یان سەر بنێین بەسەری یەکەوە هەروەها دەتوانین لە پاڵ یەکیشەوە بنوین. ئەوە ئەو خلخلۆکانەن کە ئەو هەموو جووڵەیە دروست دەکەن. [بەقاوەکەوە دادەنیشێت] بەڵێ، من زۆر بەڕوونی تۆم بەیاد دێتەوە لە ڕەوتەنی.

**ئانا:** لە ڕەوتەنی؟

**دیلی:** لە مەیخانەی ڕەوتەنی، ئەوەی دەکەوێتە سەر شەقامی برامتن .

**ئانا:** ئەوە کەی بوو؟

**دیلی:** سالانێک لەمەوبەر.

**ئانا:** پێم وا نییە.

**دیلی:** ئۆوو، بەڵێ، گومانی ناوێ، تۆ بوویت. من هەرگیز لە ڕوخساردا بەهەڵەدا ناچم. تۆ بەتەواوی لە دەمی گۆشەکە دادەنیشتیت هەندێ جار بە تەنیا و هەندێ جاریش لەگەڵ خەڵکانی تردا بووی.

ئیستاش ئەوەتای لەم وڵاتەدا و لە ماڵەکەی منا دانیشتوویت. هەر هەمان ژن، سەیرە. کەسێک ناوی لووک بوو زوو زوو

دەهاتە ئەو شوێنە، دەیناسیت؟

**ئانا:** لووک؟

**دیلی:** یەکێکی کەتە بوو. قژ و ڕیشێکی خورمایی هەبوو.

**ئانا:** درۆم نەکردبێ کەسی وا ناناسم.

**دیلی:** بەڵێ حەشاماتێکی زۆر لەوانە، پیاوانی شاعیران و ئەفرێنەران. پیاوانی قۆشمە و ئەسپ سوارە، زۆرێکی تر لەو جۆرە کەسانە. تۆ قژت بەرەفتە دەبەست، بەڵێ لە یادمە، ڕەفتەیەکی ڕەش، بلوسێکی ڕەش، لەگەڵ تەنوورە.

**ئانا:** من؟

**دیلی:** گۆرەوییەکی درێژی سەر ڕان. پێم مەڵێ مەیخانەی ڕەوتەنیم لە یاد نەماوە؟ لەوانەیە ناوەکەیت لە بیر کردبێ، بەڵام دەبێ مەیخانەکەت بەیاد بێتەوە. تۆ شاجوانی ئەو مەیخانەیە بووی.

**ئانا:** تۆ خۆت دەزانی، من دەوڵەمەند نەبووم. پارەم نەبوو بۆ خواردنەوە.

**دیلی:** تۆ هاودەمت زۆر بوون. تۆ خۆت پارەت نەدەدا. کەسانێک هەبوون چاویان لێت بوو. من بۆ خۆم زۆر جار پارەی خواردنەوەم بۆ داوی.

**ئانا:** تۆ؟

**دیلی:** بەدڵنیاییەوە.

**ئانا:** هەرگیز.

**دیلی:** ئەوەم بەڕاستە. زۆر بەڕوونی ئەوەم لە یادە.

[وچانێک]

**ئانا:** تۆ؟



**دیلی:** من پارەی خواردنەوەم بۆ داوی.

[وچانێک]

ماوەی بیست ساڵێک لەمەوبەر...

**ئانا:** تۆ بۆ خۆت دەڵێیت کە من و تۆ یەکتریمان بینیوە؟

**دیلی:** بێگومان لەمەوبەر یەکتریمان بینیوە.

[وچانێک]

ئێمە لەو مەیخانەیەدا پێکەوە قسەمان کردووە، بەدڵنیاییشەوە لە گۆشەکەدا. لووک زۆر ئەوەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام ئێمە ئەومان فەرامۆش کردبوو. قەیرێکیش دوای ئەوە هەموومان چووین بۆ ئاهەنگێک لە ماڵی کەسێک بوو لە شوێنێکی وێستبۆرن گروڤ. تۆ لەسەر قەنەفەیەکی نزم دانیشتبوویت، منیش لە بەرانبەرت دانیشتبووم و دەمڕوانییە تەنوورەکەت. گۆرەوییە درێژەکانت ڕەشێکی تێر بوون لەبەرئەوەی ڕانەکانت زۆر سپیوسۆڵ بوون. بێگومان ئەوە شتێکە کە ئیستا بووەتە ڕابردوو، وا نییە، هیچ شتێک ناتوانێ بەقەد ئەوە زیندوو بێ کە بۆت دەکرێ دەستی لێوە بدەیت، تازە بەسەرچوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بەهای خۆیان هەبوو. ئەو شەوە بەهای خۆی هەبوو. زۆر بەسادەیی بیرەم دەنۆشی و نیگام دەکردی... نیگای تەنوورەکەتم دەکرد. تۆ پێت ناخۆش نەبوو، دیار بوو نیگاکانمت پێ پەسەند بوو.

**ئانا:** من لە نیگاکانت بەئاگا بووم، ئاگام لێی بوو؟

**دیلی:** مشتومڕێکی گەرموگوڕ لە ئارادا بوو، ئەوەندەی بەبیرم مابێ دەربارەی چینییەکان و شتێک بوو، وا بزانم مردن بوو،

دەربارەی چینییەکان و مردن بوو. بە تەواوی نایەتەوە بیرم کامیان بوو، من ئاگام لە دنیا نەمابوو تەنیا نیگام لەسەر دیمەنی ڕانەکانی تۆ بوو. تەنیا تۆ و ڕانەکانت کە بووبوونە جێ نیگای من. ئیستاش ئەوەتای لێرە، هەر هەمان ژن و هەر هەمان ڕان.

[وچانێک]

بەڵێ، دواتر هاوڕێیەکی خۆت هات بۆ ئەوێ، کچێک بوو، هاوڕێیەکی کچت بوو. لەسەر قەنەفەکە لە پاڵتەوە دانیشت، هەردووکتان پێکەوە قسەتان دەکرد و پێ دەکەنین، پێکەوە دانیشتبوون و منیش سەرم دانەواندبوو تا لە هەردووکتان بڕوانم، لە ڕانەکانی هەردووکتان. چرپە و پستە پست دروست بوو، تۆ بەئاگا بوویت و ئەویش بێ ئاگا، لە پڕ گرووپێک لە پیاوەکان لێم ئالان و زۆریان لێ کردم کە ڕای خۆمیان لەسەر مردن یان لە سەر چینییەکان یاخۆ هەر شتێک کە لەو کاتەدا لێی دەدوان، پێ بڵێم. ئەوان ڕێگەیان پێ نەدەدام ڕەهابم، بەخۆیان و هەناسە بۆگەنەکانیانەوە، بەخۆیان و ددانە شکاوەکانیانەوە و لووتە پڕ لە مووەکانیانەوە، خۆیان بەسەرما نووشتاندبووەوە، چینییەکان و مردن و هەروەها سمتیان لەسەر لێواری کورسییەکەم دانابوو. من زۆرم لە خۆم کرد لە جێی خۆم بەرز بوومەوە و خۆمم لێ قوتار کردن، ئەوان بەوپەڕی دڕندەییی خۆیانەوە شوێنم کەوتن هەر وەک ئەوەی مشتومڕەکەیان لەسەر من بوبێت. لە ناو دووکەڵی جگەرەدا ئاورم لێ دانەوە و خۆم گەیاندە سەر مێزەکە کە بەمشەمایەک داپۆشرابوو تا بە دوای بیرەیەکا بگەڕێم. لە ناو دووکەڵی





جگەرەدا ئاورم لێ دانەوە و چاوم بۆ دوو کیژۆڵەی سەر قەنەفەکە گێڕا، کە یەکێکیان تۆ بووی، سەرتان نابوو بەسەری یەکەوە و چرپە چرپتان بوو، بۆم نەدەکرا هیچ شتێک ببینم، نەمدەتوانی چی تر گۆرەوییەکانت و ڕانەکانت ببینم، لەو کاتەشا ئێوە دیار نەما بوون. بەنیگەرانییەوە دەمڕوانییە قەنەفەکە، کە بەخاڵی مابووەوە و لە ئاسەواری ئەو چوار سمت و کەفەڵەم دەڕوانی کە دووانیان هیی تۆ بوو.

[وچانێک]

**ئانا:** من زۆر بەکەمی چیرۆکی ئاوا خەمگینم گوێ لێ بووە.

**دیلی:** ڕاست دەکەی.

**ئانا:** من زۆر داوای لێبووردن دەکەم.

**دیلی:** گوێ مەدەرێ.

[وچانێک]

ئیتر من جارێکی تر نەمبینیتەوە. بەتەواوی لەو دیارە ون بوویت. پێم وابێت لەو ناوچەیە گواستتانەوە.

**ئانا:** نا وا نەبوو.

**دیلی:** من ئیتر جارێکی تر لە مەیخانەی ڕەوتەنی نەمبینینەوە. چیتان لێ هات؟

**ئانا:** ئۆووو، ڕەنگە لە کۆنسێرت و بالێ بووبێتم، دەبێ بیر بکەمەوە.

[بێدەنگی]

کەیت لە گەرماوەکە خەریکی خۆشتنە

**دیلی:** چاکە، دەزانی کە دەچێتە گەرماو هەر لە چی دەچێ؟

**ئانا:** بەڵێ.

**دیڵی:** حەزی لە گەرماوە، کە دەچێتە ئەوێ ئیتر هاتنە دەرەوەی بیر نامێنێ.

**ئانا:** بەڵێ، دەزانم وایە.

**دیڵی:** زۆر زۆری پێ دەچێ. چێژی لێ وەردەگرێ. هەموو گیانی خۆی دەکا بەکەفاو.

[وچانێک]

هەموو گیانی خۆی دەکا بەکەفاو و دواتر ئەوەندە ئاو دەکا بەخۆیا و لەسەرخۆ هەموو گیانی لە سابووناوەکە پاک دەکاتەوە. هەردووکیان جوان دەرکەوتبوون، من دەبێ زۆر بەهۆشیارییەوە ئەوەت پێ بڵێم. تەواو تەواو خۆی خاوێن دەکاتەوە، سەرەڕای هەر شتێک ئەوەندە خاوێن دەبێتەوە هەر دەڵێی خۆی داوە لە تەل، لەوانەیە بڕوام پێ نەکەی؟

**ئانا:** هەر زۆر خاوێن.

**دیڵی:** بڕوات پێ دەکەم. گەردێ چڵک و پیسی چییە پێوەی نامێنی. هەر وەکو میزەڵان دەبریسکێتەوە.

**ئانا:** بەڵێ، هەروەک ئەوەی سەرئاو کەوتبێ.

**دیڵی:** چۆن؟

**ئانا:** لە گەرماوەکەوە دەکەوێتە سەرئاو، هەروەک ئەوەی خەون بێ. باکی بەکەس نییە لێرە ڕاوەستابێ، بەخاولییەکەوە کە چاوەڕوانێتی، چاوەڕوانێتی خۆی تێوە پێچێ، تەواو سەرقاڵە.

[وچانێک]

تا ئەو دەمەی خاولییەکە بەسەر شانەکانیەوەیەتی.

[وچانێک]



**دیڵی:** بێگومان بەتەواوی بۆی ناکرێ خۆی بەباشی وشک بکاتەوە، ئەوەت بۆ دەرکەوتووە؟ خۆی زۆر بەباشی خاوێن دەکاتەوە، بەڵام ئایا بۆی دەکرێ بەهەمان شێوە خۆی وشک بکاتەوە؟ بەپێی ئەو شارەزاییەی کە لەوەوە وەرم گرتووە، لە ڕاستییا ئەوە مەسەلەکە نییە. تۆ هەمیشە هەندێ تۆپەڵەی ورد وردی چاوەڕواننەکراو و نەویستراوی پێوە دەبینیت کە لێی هەڵدەوەرێت.

**ئانا:** بۆچی بۆ خۆت وشکی ناکەیتەوە؟

**دیڵی:** تۆ ئەوەت پێ باشە؟

**ئانا:** تۆ ئەوەی زۆر بەباشی بۆ دەکەیت.

**دیڵی:** بەخاولییەکانی خۆی؟

**ئانا:** ئەی چۆن؟

**دیڵی:** ئەی چۆن؟

**ئانا:** ئەی چۆن دەتەوێ وشکی بکەیتەوە؟ بەبێ خاولییەکانی خۆی؟

**دیڵی:** ئەوە نازانم.

**ئانا:** چاکە، خۆت وشکی بکەرەوە، بەخاولییەکانی خۆی؟

[وچانێک]

**دیڵی:** بۆچی تۆ وشکی ناکەیتەوە بەخاولییەکانی خۆی؟

**ئانا:** من؟

**دیڵی:** تۆ ئەوەی زۆر بەباشی بۆ دەکەیت.

**ئانا:** نا، نا.

**دیڵی:** بەدڵنیاییەوە؟ مەبەستم ئەوەیە، تۆ بۆ خۆت ئافرەتی، تۆ بۆ

خۆت باشتر دەزانی چۆن و لە کوێ و لە کام شوێنی ئافرەتا تەڕایی زیاتر کۆ دەبێتەوە.

**ئانا:** هیچ دوو ئافرەتێ لەیەک ناچن.

**دیڵی:** چاکە، ئەوە تا ڕادەیەک ڕاستە.

[وچانێک]

من ئەندێشەیەکی زۆر باشم بۆ هات، بۆچی بەبۆدرە وشکی نەکەینەوە.

**ئانا:** ئەوە ئەندێشەیەکی زۆر باشە؟

**دیڵی:** باش نییە؟

**ئانا:** ئەوە تەواو وەک ئەوە وایە کە خۆت بۆدرە کەیت دوای حەمام.

**دیڵی:** ئەوە تەواو وەک ئەوە وایە کە خۆت بۆدرە کەیت دوای حەمام، بەڵام ئەوە تەواو وەک ئەوە وا نییە کە بۆدرە بکرێی، یان وایە؟ دەتوانم پێت بڵێم ئەوە لای ئێمە وانەبوو. دایکم زۆر بەباشی ئەوەی دەکرد.

[وچانێک]

گوێ بگرە. من پێت دەڵێم چی دەکەم، من بۆی دەکەم. من هەر هەمووی بۆ دەکەم. وشکیشی دەکەمەوە و بۆدرەشی دەکەم. پاش هەموو شتێ من مێردیم. بەڵام تۆ کە هەر لێرەیت دەتوانی سەرپەرشتیی هەموو شتەکان بکەیت و بەشێوەیەکی باش ڕێنیشاندەریم بکەیت. بەوەش بەبەردێ دوو چۆلەکە دەکوژیت.

[وچانێک]

[بۆ خۆی] ئای خوایە. [بەهێواشی لێی دەڕوانێ] من پێم وایە،



تۆ ئێستا دەبێ هەر چل ساڵان بی.

[وچانێک]

ئەگەر ئێستا بچمەوە مەیخانەی ڕەوتەنی و بتبینم لە گۆشەکەدا دانیشتوویت، بڕوا دەکەم نەتناسمەوە.

[دەرگەی گەرماوەکە دەکرێتەوە و کەیت بەڕۆبێکی گەرماوەوە دێتە ژووری نووستنەکە و بەڕووی دیڵی و ئاناوە پێدەکەنێ.]

**کەیت:** "بەخۆشییەکەوە" ئەهههها.

[بەرەو لای پەنجەرەکە دەڕوات و تەماشای شەو دەکات. دیڵی و ئانا تەماشای دەکەن. دیڵی بەهێواشی گۆرانی دەڵێ]

**دیڵی:** [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی کڵاوەکەت لەسەر ناوە....

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی چایەکەت دەخۆیتەوە....

**دیڵی:** [گۆرانی دەڵێ] یادەوەری هەموو ئەوانە...

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] نا، نا، بۆیان ناکرێ لێمی بشارنەوە... [کەیت ڕوو لە پەنجەرەکە وەردەگێڕێ و لەوان دەڕوانێ]

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی خەندەکەت دەگەشێتەوە...

**دیڵی:** [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی گۆرانی دەڵێی لەسەر نۆتەی مۆسیقا......

**ئانا:** [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی خەونەکانم تەوق دەدەی...

**دیڵی:** [گۆرانی دەڵێ] نا، نا، بۆیان ناکرێ لێمی بشارنەوە... [کەیت بەخەندەوە بەرەو لای ئەوان دەجووڵێ و دەوەستێ. ئانا و دیڵی خێراتر لەمەوبەر و بێباکانە بەردەوام دەبن لەسەر گۆرانی گوتن].

**ئانا**: [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی چەقۆکەت گرتووە..

**دیلی**: [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی سەما دەکەین تا سێ..

**ئانا**: [گۆرانی دەڵێ] بەو شێوازەی ژیانمت گۆڕی..

**دیلی**: نا، نا، بۆیان ناکرێ لێمی بشارنەوە... [کەیت لەسەر قەرەوێڵەکە دادەنیشێت]

**ئانا**: [بۆ دیلی] زۆر جوان نەبووە؟

**دیلی**: وا نییە؟

**کەیت**: سوپاس. هەست بەخاوێنی دەکەم. ئێرە ئاوەکەی زۆر سازگارە. زۆر لە ئاوی لەندەن سازگارترە. هەمیشە ئاوی لەندەن بۆ من ناسازگار بووە، ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە من پێم خۆشە لە گوندا بژیم. هەموو شتەکان لێرە سازترن، ئاو، ڕۆشنایی، دەنگ، دەشتودەر. لەوێ کەناری دەریای وەک ئێرەی لێ نییە. هەروەها لێرە لە نزیک دەریاوە دەژین. تۆ نازانی لەوێ شار لە کوێوە دەست پێ دەکات و لە کوێوە کۆتایی دێ. ئەوەش تووڕەیی من هەڵدەستێنێ. من گوێ نادەم بەوەی ڕێگەکان پڕ چاڵوچۆڵی بن. من زۆر نیگەرانم لەو هاژوهووژ و هەلایە. حەزدەکەم بەرەو ڕۆژهەلات بڕۆم یان هەر شوێنێک کە خۆم ئارەزووی دەکەم، شوێنێک کە لە ژێر تیشکی خۆرا داخ بووە، شوێنێک کە دەکرێ لە ژێر پەردەکوللەدا ڕاکشێیت و زۆر لەسەرخۆ هەناسە بدەیت. دەزانی.. لە شوێنێک کە بۆت بکرێ لە دەلاقەی چادرەکەتەوە بڕوانیتە قەد لمەکە و ئەو جۆرە شتانە. تاکە شتێک کە لە شاری گەورەدا سەرنجم ڕادەکێشێت ئەو کاتانەیە کە بارانی لێ دەبارێ و هەموو شتەکان لێڵ دەکات..



ڕۆشنایی چرای ماشێنەکان کزکز دەسووتێن.. وا نییە، بەری ڕوانین تەڵخ دەبێ و نمەی باران لەسەر برژانگەکانت چۆڕاوگە دەبەستێ. ئەوە تاکە شتێکی جوانە دەربارەی شاری گەورە.

**ئانا**: ئەوە تاکە شتێکی جوان نییە. دەکرێ ژوورێکی جوانت هەبێ لەگەڵ ئاگردانێکی گاز و ڕۆبێکی گەرموگوڕیشت هەبێ لەگەڵ خواردنەوەی گەرم و بەتام. کە دێیتەوە ماڵێ هەموو ئەو شتانە لە خزمەتی تۆدان.

[وچانێک]

**کەیت**: باران دەبارێ؟

**ئانا**: نەخێر.

**کەیت**: باشە، تازە هەرچۆنێک بێ، بڕیارم دا کە ئەمشەو لە ماڵەوە بمێنمەوە.

**ئانا**: ئەوە زۆر باشە، من دڵم بەوە زۆر خۆشە. ئیستا دەتوانی بەدوای خۆشتنەکەتدا کووپێ قاوەی خەستوخۆڵ بخۆیتەوە.

[ ئانا هەڵدەستێ و بەرەو لای قاوەکە دەڕوا و قاوەیەک تێ دەکات.]

دەتوانم پەڕاوێزێک بۆ کراسە ڕەشەکەت دروست بکەم. دەتوانم تەواوی بکەم و تۆش پەراوەی بکەیت.

**کەیت**: ئممممممم.

[ئانا قاوەکەی دەداتە دەست.]

**ئانا**: یان دەتوانم کتێبت بۆ بخوێنمەوە.

**دیلی**: کەیت خۆتت بەباشی وشک کردووە؟

**کەیت**: پێم وایە.

**دیڵی:** دڵنیایت؟ هەموو گیانت؟

**کەیت:** پێم وایە. هەست دەکەم تەواو وشکم.

**دیڵی:** زۆر بەتەواوی دڵنیایت؟ نامەوێ لێرە دانیشی و هەموو جێگەکە تەڕ بکەی. [کەیت بزە دەیگرێ]

ئەو بزەیە دەبینی؟ ئەوە هەمان ئەو بزەیەیە کە کاتێ من لەگەڵ ئەودا لەسەر ڕێگەوبانەکان پیاسەمان دەکرد، بزە دەیگرت، لە پاشی ئەوەی لە پیاوە سەیرەکە هاتینە دەرەوە، باشە، دوای ئەوەش بەهەمان شێوە. ڕات بەرانبەر ئەوە چییە؟

**ئانا:** ئەوە گەشاوەترین بزەیە.

**دیڵی:** ئادەی جارێکی تریش.

**کەیت:** من هێشتا بزەکەم لەسەر لێوانە.

**دیڵی:** کوا وا نییە. وەک تۆزێک لەمەوبەری خۆت ناچی، وەک ئەوە نییە کە لە پێشا کردت.

[بۆ ئانا] تۆ دەزانی من دەربارەی کام بزەیە قسە دەکەم؟

**کەیت:** ئەم قاوەیە ساردە.

[وچانێک]

**ئانا:** ئۆی ببوورە، هەر ئیستا قاوەیەکی تازە دەم دەکەم.

**کەیت:** نا، هیچی کەم ناوێ، زۆر سوپاس.

[وچانێک]

چارڵی دێت؟

**ئانا:** ئەگەر تۆ ئارەزوو بکەی دەتوانم تەلەفونی بۆ بکەم.

**کەیت:** ئەی مەکەیب؟



**ئانا:** بەڕاستی پێت خۆشە کەسێک بێت؟

**کەیت:** پێم وا نییە خۆشیم لە مەکەیب بێ.

**ئانا:** هەروەها منیش.

**کەیت:** پیاوێکی نامۆیە. شتی سەیر و نامۆم پێ دەڵێت.

**ئانا:** شتی وەک چی؟

**کەیت:** ئۆوو، جۆرەها شتی سەیر.

**ئانا:** هەرگیز خۆشیم پێی نەهاتووە.

**کەیت:** دۆنکان پیاوێکی باشترە، وا نییە؟

**ئانا:** ئا بەڵێ.

**کەیت:** حەزم زۆر بەشیعرەکانێتی.

[وچانێک]

بەڵام دەزانی زیاتر حەزم بەکێیە؟

**ئانا:** کێ؟

**کەیت:** کرستی.

**ئانا:** پیاوێکی خۆشەویستە.

**کەیت:** زۆر نەرمونیانە، وا نییە؟ ئەی شۆخییەکانی بۆ ناڵێی. دیمەنگەلێکی خۆش و بەتامی نییە؟ هەروەها پێم وایە ئەو... زۆر بەدەماخ بێ. بۆچی پێی ناڵێی سەرێک بات؟

**دیڵی:** ناتوانێت بێ. چووەتە دەرەوەی شار.

**کەیت:** ئای کە ناخۆشە.

[بێدەنگی]

**دیڵی:** [بۆ ئانا] بەتەمای ئەوەندەی کە لێرەی لە ئینگلاند سەردانی

هیچ کەسێک بکەیت؟ خزم و کەسوکار؟ ئامۆزایەک؟ برایەک؟

**ئانا:** نەخێر بێجگە لە کەیت من لێرە هیچ کەسێکی تر ناناسم.

[وچانێک]

**دیلی:** هەستت پێ کرد کە گۆڕاوە؟

**ئانا:** ئۆهـ، زۆر کەم، زۆر نەگۆڕاوە. [بۆ کەیت] شەرمنییەکەت هێشتا هەر ماوە، وا نییە؟

[کەیت لێی دەڕوانێ]

[بۆ دیلی] بەڵام کاتێ کە من ناسیم هەر زۆر شەرمن بوو، شەرمنییەکەی بەشەرمنیی منالێک دەچوو، بەڕاستی وا بوو. کاتێ کە خەڵکی لێی دەهاتنە پێشێ بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵا بکەن هەر ئەوە نەبوو کە لە شوێنی خۆیا چاڵێ هەڵکەنێ و بچێ بەناخا. ئیتر ئەو هەر بەو جۆرە دەمایەوە و سەخت بوو ئەم لەوان نزیک بێتەوە و ئەوانیش بۆیان نەدەکرا لێی نزیک ببنەوە. ئەو لە شوێنی خۆی دەچوو بە ناخی ئەرزا و ئیتر ئاسان نەبوو کەسێک بتوانێ لێی نزیک بکەوێتەوە. ئیتر خۆم تەرخان کرد بۆ پەروەردەکردنی، هەر وەک کچی قەشەکە. لە ڕاستیشا مامەڵەیەکی دۆستانەی وەک برۆنتیانەشی(*) لەگەڵ کرا.

**دیلی:** کچی قەشەکە ئەو بوو؟

**ئانا:** ئەگەر بێتو بەبرۆنتی بشوبهێنم ئەوا لە ڕازگرییا نەبێ کە بەو دەچوو، پێم وا نییە لە هەست و سۆزا بەبرۆنتی چووبێ، هەتا

(*) لێرەدا پینتەر پێوەندیی ئانا و کەیت بەپێوەندیی چارلوت برۆنتی و ئەمیلی خوشکی دەشوبهێنێت، چۆن چارلوت خۆی تەرخان کرد بۆ پەروەردەکردنی ئەمیلی خوشکی و دواجار ئەو ڕۆماننووسە گەورەیەی لێ دەرچوو.



بڵێی سەرسەخت بوو.

[وچانێکی کورت]

من یەکەم سوورهەڵگەڕانیم لە یادە.

**دیلی:** چۆن؟ ئەوە چۆن بوو؟ مەبەستم ئەوەیە بۆچی وا بوو؟

**ئانا:** من یەکێ لە دەرپێ کورتەکانیم لێ خواستبوو بۆ ئەوەی بچمە ئاهەنگێ. درەنگانێکی ئەو شەوە ئەوەم لا درکاند. ئەوە سەرکەشییەک بوو لە منەوە. بەناڕەزاییەکەوە لێی ڕوانیم، پێم وابوو ئەو ڕوانینەی بۆ خۆی پڕ بوو لە قسە. بەڵام من پێم گوت لە ڕاستییا لە ئاهی ئەو گوناهەما هەر زوو سزای خۆم لە لایەن پیاوێکەوە وەرگرتووەتەوە کە لە ئاهەنگەکەدا هەموو ئێوارەکەی بەتەماشاکردنی تەنوورەکەی منەوە بردووەتە سەر.

[وچانێک]

**دیلی:** لە تاوی ئەوەدا سوور هەڵگەڕا.

**ئانا:** زۆر بەقووڵی.

**دیلی:** لەبەرئەوەی لە تەنوورەکەتەوە تەماشای دەرپێ کورتەکەی ئەوم کردووە. ئمممم.

**ئانا:** بەڵام لەو شەوەوە تاوناتاوێ زۆری لێ دەکردم کە دەرپێ کورتەکانی لێ بخوازم کە ئەو زۆر زیاتری لە من هەبوون و دنیایەک جۆری جیاواز جیاواز و هەر جارێکیش کە ئەوەی مەبەست دەبوو، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا، بەڵام هەرچۆنێک بووایە ئەوەی مەبەستی بوو دەیگەیاند. بەڵام کە دەگەڕامەوە ماڵێ، هەر کاتێک کە شتێکم دەبوو پێی بڵێم، شتێک کە جێ سەرنج بووایە بۆم باس دەکرد.

**دیڵی:** هەر ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا.

**ئانا:** من ئیتر هەرگیز بۆم نەدەکرا بیبینم. من درەنگانێکی شەو دەهاتمەوە و ئەو لە ژێر چرادا سەرقاڵی خوێندنەوە بوو و کە هەوڵم دەدا بۆی باس بکەم ئەو پێی دەگوتم نا و گڵۆپەکانی دەکوژاندەوە و ئیتر لە تاریکییا بۆم باس دەکرد. پێی باش بوو لە تاریکییا شتەکانی بۆ بگێڕمەوە. بەڵام بێگومان خۆ هەرگیز ژوورەکە بە تەواوی تاریک نەبووە، ڕۆشنایی چ لە ئاگردانەکەوە بووبێ یان لە پەردەکەوە هەر هاتووەتە ژوورێ، ئەوەی کە ئەو لێی بێ ئاگابوو، ئەوە بوو کە من بەو ئارەزووەی ئەو دەزانم. شوێنێکم لە ژوورەکە دیاری دەکرد کە لێوەی بتوانم لە ڕوخساری ورد ببمەوە و ئەو بۆی نەکرێ من ببینێت. ئەو تەنیا دەیتوانی گوێی لە دەنگم بێ. ئەو گوێی لێ دەگرتم و منیش تەماشای گوێگرتنەکەیم دەکرد.

**دیڵی:** لەوە دەچێ کتومت ژن و مێرد بووبن.

**ئانا:** ئێمە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین.

[وچانێک]

**دیڵی:** تۆ گوتت ئەو برۆنتی بووە لە ڕازگرییا نەک لە هەست و سۆزا. ئەو لە هەست و سۆزا چۆن بووە؟

**ئانا:** هەست دەکەم ئەوە پسپۆڕیی خۆت بێ.

**دیڵی:** تۆ هەست دەکەی ئەوە پسپۆڕیی خۆم بێت؟ باشە، تۆ لەوەدا کتومت ڕاست دەکەیت. ئەوە پسپۆڕیی منە، من ئاسوودەم کە کەسێک لە کۆتاییدا کەمێک ئەو هەقیقەتەی خستە ڕوو. بێگومان ئەو پسپۆڕییە گەورەیە هی منە. من مێردی ئەوم.



[وچانێک]

مەبەستم ئەوەیە کە دەمەوێ پرسیارێ بکەم. ئایا من تەنیا کەسێکم کە ئەو هەموو تاڵاییە بنۆشم؟

**ئانا:** بەڵام تۆ چیت بینیوە کە تاڵایی بێت؟ من لە ڕۆماوە فڕیوم بۆ ئێرە تا پاشی بیست دانە ساڵ هاوڕێیەکی کۆنی خۆم ببینمەوە و مێردەکەی بناسم. ئەمە چ شتێکی تێدایە کە تۆ نیگەران بکات؟

**دیڵی:** ئەوەی کە منی نیگەران کردووە ئەندێشەی مێردەکەتە کە لە ڤێلایەکی گەورە و فراوانا بەتەنیایی و دەستەپاچەیی بەدیار چەند هێلکەیەکی کوڵاوەوە بەدەوری خۆیا دەخولێتەوە و ناشزانێ یەک وشەی نەعلەتیی ئینگلیزی بڵێ.

**ئانا:** ئەگەر پێویست بکات من بۆی وەردەگێڕم.

**دیڵی:** باشە، بەڵام تۆ لێرەیت لەگەڵ ئێمە. ئەویش لەوێ بەتەنیا لە هەیوانەکەدا هەر دێت و دەچێ و جێ بەخۆی ناگرێ و چاوەڕوانی کەشتییەکی تیژڕۆیە، چاوەڕوانی کەشتییەکی تیژڕۆیە کە هەر هیچ نەبێ خەڵکانێکی ناسکی لێوە بێنە دەرێ. خەڵکانێکی ناسکی سەر دەریای ناوەڕاست. چاوەڕوانی هەموو ئەو شتەی جۆرێکە لە قەشەنگی کە ئێمە هیچی لێوە نازانین، ناوقەد باریکێکی "کۆد دازەر" شتێک کە ئێمە بەدڵنیایی هیچی لەبارەوە نازانین. کوللەیەکی دەریایی و کوللەیەکی ئەندێشەیی بەتام کە ئێمە هیچ شتێکی لەبارەوە نازانین. درێژترین ڕانی دنیا، کۆمەڵە دەنگێکی هەر زۆر نەرمونیان کە ئێستا دەتوانم گوێم لێیان بێ. مەبەستم ئەوەیە با بیخەینە بەر باسوخواس. من چاوم لەسەر چەندین ترپەی لێدانی دڵە، ترپەی لێدانی

دڵەکان لە هەموو گۆی زەمین، بێ بەشی و بێ ڕێزی کردن، بۆچی من دەبێ بۆ گوێگرتن بۆ دوو کەس بە نرخترین ماوەی خۆم بەفیرۆ بدەم...

**کەیت:** [لە ناکاوێک] ئەگەر تۆ ئەوەت پێ خۆش نییە بڕۆ.

[وچانێک]

**دیلّی:** بڕۆم، دەتوانم بۆ کوێ بڕۆم؟

**کەیت:** بڕۆ بۆ چین یان بۆ سیسلّی.

**دیلّی:** نە کەشتیی تیژڕۆم پێیە و نە چاکەتی سپییش بۆ نانی شێوان.

**کەیت:** کەواتە بەرەو چیین.

**دیلّی:** دەزانی لە چیین ئەگەر بەچاکەتی سپی نانی شێوانەوە بمبینن، چیم لێ دەکەن. بێ سێ و دوو دەمکوژن. دەزانی ئەوانە لەوێ لە چی دەکەن.

[وچانێکی کورت]

**ئانا:** تۆ هەر کاتێ بێی بۆ سیسلّی ئەوا زۆر بەگەرمی بەخێر بێی، هەردووکتان، بشبنە میوانی من.

[بێدەنگییەکی کورت]

[کەیت و دیلّی دەڕواننە ئانا.]

**ئانا:** [بۆ دیلّی زۆر بەکپی] من دەمەوێ ئەوە تێ بگەن کە من نەهاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی نیگەرانتان بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی ئاسوودە بین.

[وچانێک]

ئاهەنگ بگێڕین بۆ هاوڕێیەتییەکی زۆر کۆن و پڕ بەها، شتێک



کە ڕۆژگارێک لەمەوبەر بەرلەوەی تۆ بێیتە ژیانمانەوە لە نێوانمان بەرەو لە یادچوونەوە دەچوو.

[وچانێک]

من ئەوم ناسی. ئەو لە میانەی ئاشنابوونی منەوە گەلێک کەسانی باشی ناسی. من ئەوم برد بۆ گازینۆ، هەڵبەت گازینۆ تایبەتییەکان ئەوانەی کە نووسەر وێنەکێش و هەندێ جار ئەکتەرەکانیشی لێ خڕ دەبوونەوە، کەسانێکی تریش وەک سەماکارەکان، زۆر بەئاستەم دادەنیشتین و لەگەڵ قاوەکانمان هەناسەمان دەدا و گوێمان بەو ئەو ژینگەیەی دەوروبەری خۆمان هەڵدەخست. هەموو ئەوەی بۆ ئەوم هیوا دەخواست بەختەوەریی ئەو بوو، ئیستاش هەر ئەوەی بۆ دەخوازم.

[وچانێک]

**دیلّی:** [بۆ کەیت] دەزانی من و ئانا پێشتر یەکترمان دەناسی.

[کەیت تەماشای دەکات.]

بەڵێ، لەسەر گۆشەکەی مەیخانەی ڕەوتەنی یەکترمان ناسی. خۆشەویستیی خۆی نیشان دام. بێگومان ئەو ڕۆژگارە سەرقاڵی کردبووم بەخۆیەوە. هەر زۆر نیان بوو. نیگایەکی خەمزەدی بەشانوشکۆی هەبوو، قژێکی لوول. چەندین جار ژوانمان کردووە پێکەوە. بێ خواردنەوە نە دەژیا و گیرفانیشی ئەوەی هەڵنەگرت، من خواردنەوەم بۆ دەکڕی. بەدوو چاوی گەورەوە کە جۆرێک لە شەرمی تێ زابوو لێمی دەڕوانی. لەو کاتەدا هەوڵی دەدا خۆی وەک تۆ نیشان بدا، زۆر بە لێهاتووییش ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا. هەروەها لەو کاتەشا دەرپێیە

کورتەکەی تۆی لە پێ کردبوو. بەوپەڕی خۆشنودییەوە ڕێگەی پێ دام کە سەرنجی لێ بگرم. خێرخواییەکی پاکنیهادانە کە ئەوە لەلای ژنان زۆر پەسەندە. چووین بۆ ئاهەنگێ کە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە ساز کرابوو. گرووپێکی خراپ نەبوون. گرووپی ئێدوار ڕۆد بوون . گرووپێکی بەدەماخ بوون. ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ هیچیانم نەدیوە. هاوڕێی کۆن بوون هەمیشە بەئەندێشەدا ڕۆچووبوون و دەربارەی بیروڕای خۆیان دەدوان. ئەوانە کەسانێکن من زۆر غەریبییان دەکەم. ئەوانە هەموویان مردوون. بەهەرحاڵ من هەرگیز جارێکی تر ئەوانم نەبینییەوە. گرووپی مەیداڤالی. ئیریکی گەورە و تۆنیە پچکۆل کە لە شوێنێک لە نزیک کتێبخانەی پادینگتۆنەوە دەژیان. لە ڕێگەی چوونمان بۆ ئاهەنگەکە من ئەوم کرد بەقاوەخانەیەکدا و کووپێ قاوەم بۆ کڕی. ئەو خۆی پێی وابوو کە تۆیت، هێواش هێواش قسەی دەکرد. لەوانەیە ئەو تۆ بوویبێت. ڕەنگە ئەوە تۆ بوویبێت کە لەگەڵ منا قاوەت دەخواردەوە و هێواش هێواش قسەت بۆ دەکردم.

[وچانێک]

**کەیت:** پێت وایە چی ئەو سەرنجی ڕاکێشابووی؟

**دیلی:** نازانم چی بوو.

**کەیت:** ڕوخساری تۆی ناسک بینیوە، ئاسان بووە کاری تێ بکا.

**دیلی:** ئەو وای کردووە؟

**کەیت:** ئارەزووی کردووە سەرنجت ڕابکێشێ، بەشێوازێک کە تەنیا ژنان دەتوانن ئەوە بکەن.





**دیلی:** ئەو وای کردووە؟

**کەیت:** ئۆو، بێگومان.

**دیلی:** ئارەزووی کردووە سەرنجم ڕاکێشێ، بەشێوازێک کە تەنیا ژنان دەتوانن ئەوە بکەن؟

**کەیت:** خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی خۆیت بەسەرا بسەپێنێ.

**دیلی:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم؟

**کەیت:** کەوتبووە داوی خۆشەویستیتەوە.

**دیلی:** لەگەڵ منا؟

**کەیت:** تۆ کە لە هیچ کەسێکی تر ناچی. ئێمە پیاوان دەناسین کە چەنە کێوی و نەفامن.

**دیلی:** باشە بەڕاستی پیاوانی لەو جۆرە هەن؟ پیاوانی نەفام؟

**کەیت:** تەواو نەفام.

**دیلی:** بەڵام من نەفام بووم، نەفام نەبووم کە تەماشای تەنوورەکەیم کردووە؟

**کەیت:** ئەوە نەفامی نییە.

**دیلی:** ئەی ئەگەر ئەوە تەنوورەی ئەو بووایە، ئەی ئەگەر ئەو بووایە.

**ئانا:** [بەساردییەکەوە] ئۆه، ئەوە تەنوورەی من بوو، ئەوە من بووم. من زۆر بەباشی ڕوانینەکانی تۆم لە یادە. من زۆر باش تۆم لە یادە.

**کەیت:** [بۆ ئانا] بەڵام من تۆم لە یادە. من لە یادمە تۆ مردبووی.

[وچانێک]

من لە یادمە تۆ بەمردوویی ڕاکشابووی. تۆ ئاگات لێ نەبوو کە

من تەماشام دەکردی. من بەسەرتا نووشتابوومەوە. ڕوخسارت زۆر پیس بوو. تۆ بەمەردوویی ڕاکشابووی. ڕوخسارت هەر هەمووی پیسایی بوو، هەموو جۆرێک لە دروشم و نووسین و نیشانە کە نەسڕابوونەوە و لە ناوچەوانتەوە بۆ لای قورگت بەسەر ڕوخسارتا دەهاتن و دەچوون. سەرچەفەکەت زۆر پاکژ بوو. من زۆر ئاسوودە بووم. من زۆر نیگەران دەبووم ئەگەر لاشەکەت لە بان سەرچەفێکی ناشایستە دابنرایە. ئەوە دەبووە جێی شەرمەزاری، مەبەستم لەوەیە ئەوەندەی کە من بەتەنگەوە دەهاتم، ئەوەندەی کە ژوورەکەم بەتەنگەوە دەهات. بەهەرحاڵ تۆ لە ژوورەکەمدا مردبووی. کاتێ بەئاگا هاتی چاوەکانم لێت ورد دەبوونەوە و دەیانڕوانییە خوارەوە بەرەو لای تۆ. هەوڵت دەدا یەکێ لە شۆخییە چکۆلەکانی من یاری بکەی، یەکێ لەو شۆخییانەی کە لە منت خواستبوو، خەندە کورتخایەنە ناسکەکەم، خەندە کورتخایەنە ناسکە پڕ لە شەرمنییەکەم، کە کەمێک سەرم بۆی دەنووشتاندەوە و چاوێکم لەگەڵی دەنووقاند، کە هەردووکمان زۆر باش پێی ئاشناین و بۆت نەدەکرا جوان لاسایی بکەیتەوە و پیسایی بەسەر دەم و لێوتا شۆڕبووبووە خوارێ و وشک بووبووەوە و پێکەنینەکەتی شێواندبوو. هەوڵم دا بۆت بگریم بەڵام فرمێسک لە چاوانم نەهات. چاوەکانت بێ گلێنە بوون. هەموو ئێسکەکانی ڕوخسارت تێک شکا بوون. بەڵام هەموو شتێک ئارام بوو. هیچ ئازارت نەدەکێشا. هەر وەک ئەوەی لە شوێنێکی تر ڕوویان دابێ، هەستم دەکرد پێویستیی بەپرسەدانان و ماتەمینی گێران نەدەکرد. هەستم



دەکرد کات و سەردەم تەواو لەبارە و تەنیا بەمردن و بەو بۆگەنییەی کە هەتە پڕاو پڕ بەحیشمەتەوە دەجووڵایتەوە. کاتی ئەوە بوو بچم خۆم بشۆم. ماوەیەکی دوورودرێژ لە گەرماوەکە مامەوە. هاتمە دەرەوە. بەناو ژوورەکەدا هاتم و چووم، ڕۆشن بووبوومەوە، کورسییەکم دانا و بەڕووتی لە پاڵتەوە دانیشتم و تەماشام دەکردی.

[وچانێک]

کاتێ کە ئەوم هێنایە ژوورەکەوە لاشەکەی تۆ بەدڵنیاییەوە لەوێ نەمابوو. ئەوەی کە ئارامی کردمەوە ئەوە بوو کە لاشەیەکی تەواو جیاواز لە ژوورەکەمدا بوو، لاشەی پیاوێک بوو کە زۆر جیاواز هەڵسوکەوتی دەکرد، هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە ئەوان دەیانکرد، ئەوانەی ئەوان پێیان وابوو باش بێ، وەک ئەوەی لەسەر یەک قاچ لە بان قۆڵی کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشت. ئێمە دەبوو یەکێ لەو دوو تەختی نووستنانە هەڵبژێرین، تەختی نوستنەکەی تۆ یان ئەوەکەی من تا لەسەری ڕاکشێین یان دانیشین. ئەو خۆشی بەتەختی نووستنەکەی تۆ هات و پێی وابوو لەوێدا زیاتر دەحەوێتەوە لەبەرئەوەی پیاوە. بەڵام شەوێک پێم گوت ڕێگەم بە شتێک بکەم، شتێکی چکۆلە، شۆخییەکی چکۆلە. ئەو پیاوە لەوێدا لەسەر تەختی نووستنەکەت ڕاکشا و بەچاوەڕوانییەکی گەشاوەوە تەماشایەکی منی کرد. زۆر ئاسوودە بوو. ئەو پێی وابوو لە فێربوونی من کەڵکی وەرگرتووە. ئەو پێی وابوو کە من لە ڕووی جەستەییەوە زۆر کراوەم و پەیمانێکی درێژخایەنی لەگەڵ

دەبەستم. دەستم کرد بەهەڵکەندنی تاقی پەنجەرەکە، لەو شوێنەی کە تۆ گوڵە وەنەوشە گەشاوەکەمانت چاندبوو، کە ئینجانەکەت پڕ کردبوو لە خاک و خۆڵ و هەموویشت بەجارێ کردبوو بەرشانەوە. پیاوەکە شڵەژابوو، زارەترەک بووبوو، بەرەنگاری دەکرد، بەهەموو هێزێکی خۆیەوە بەرەنگاریی دەکرد. پیاوەکە ڕێگەی پێ نەدەدام ڕوخساری پیس بکەم، ڕێگەی پێ نەدەدام دەموچاوی پیس بکەم. ئەو لە جیاتی ئەوە داوای ئاهەنگی دەکرد و داوای دەکرد ژینگەکە بگۆڕین.

[وچانێکی کورت]

ئەوە کێشەیەک نەبوو.

[وچانێک]

ئەو جارێکیان لێی پرسیم، هەر لەو کاتەدا بوو، کێ پێش ئەو لەسەر تەختی ئەو نووستنە خەوتووە. پێم گوت هیچ کەسێک. بەگشتی هیچ کەسێک.

[بێدەنگییەکی درێژ]

[ئانا هەڵدەستێ، بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات، دەوەستێ، پشتی لەوانە.]

[بێدەنگی]

[دیڵی زۆر بە کپی دەست دەکات بەگریان.]

[ئانا لە شوێنی خۆی ئارامە. ئانا ئاوڕ دەداتەوە، چراکان دەکوژێنێتەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی دادەنیشێ و ئەمجا ڕادەکشێ. گریانەکە نامێنێ.]

[بێدەنگی]



[دیڵی هەڵدەستێ و چەند هەنگاوێک دەجووڵێ و تەماشای هەردوو قەرەوێڵەکە دەکات، بەرەو لای قەرەوێڵەکەی ئانا دەڕوات و لێی ورد دەبێتەوە. ئانا ئارامە.]

[بێدەنگی]

[دیڵی بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات و دەوەستێ، پشتی لەوانە، دیڵی ئاوڕ دەداتەوە و بەرەو لای قەرەوێڵەکەی کەیت دەڕوات و لەسەر قەرەوێڵەکە دادەنیشێ و لە تەنیشتییەوە ڕادەکشێ.]

[بێدەنگییەکی درێژ]

[ دیڵی زۆر بەهێواشی بەرز دەبێتەوە و لەسەر قەرەوێڵەکە هەڵدەستێ و زۆر بەهێواشی بەرەو لای کورسییە قۆڵدارەکە دەڕوات. دادەنیشێ و دەکەوێت.]

[چراکان دادەگیرسێن و ژوورەکە ڕۆشن دەبێتەوە.]

[دیڵی لەسەر کورسییە قۆڵدارەکەیە.]

[ئانا لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشاوە.]

[ کەیت لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتووە.]

## دوو کەس لە مەیخانەیەکدا باسی ڕابردوو دەکەن

لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٩ دا بەرلەوەی لە برۆدوای دەست بەنمایشی "ناپاکی" بکەن، پاش نیوەڕۆیەک من و پینتەر لە باڵێکی ئۆتێلی نیویۆرک یەکمان دی. من پێشتر لە تەممووزدا لە شانۆی نەتەوەیی "ناپاکی"م بینیبوو، هەستم کرد لە ڕووی بابەت و میزاجەوە زیاتر بە "کاتە بەسەرچووەکان" و "خاکی بێخاوەن" دەچوو. مێشکم بەوەوە سەرقاڵ بوو، بۆیە یەکەم پرسیاری خۆمم لەو ئاراستەیەوە دەست پێ کرد.

گەساو: دەکرێ کەسێک بڵێ ئەو یەکەمین، شەش شانۆییە درێژەتان، دوو سێینە بن. یەکەم سێینەیان مامەڵە لەگەڵ گرفتارییەکانی چینی خوارەوە یان چینی ناوەند دەکات، کە هەڵسوکەوتی بێ ئەرزش بەشێکە لە رەفتاری کارەکتەرەکان. سێینەی دووەمیشیان خوێنەر بەگشتی مامەڵە لەگەڵ زەمینەیەکی هونەری و ئەدەبی و پەخشخانە دەکات، یەکەمین سێینە کۆمیدیای توندوتیژییە و سێینەی دواییشیان مامەڵە لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی یادەوەریی و فەوتانی یادەوەری، خۆشەویستی و لەدەستدانی خۆشەویستی دەکا. دیمەنێکی سروشتی و خامۆشی دوو شانۆیین کە دەکرێ وەک قۆناخی گواستنەوە تەماشا بکرێن، ئایا ئەوە شتێکە کە خۆت هەستت پێی کردبێت؟

پینتەر: من بۆم ناکرێ ئاوڕ لە بەرهەمەکانم بدەمەوە و هیچ جۆرە



دادوەرییەکیشیان لەسەر بکەم. سەبارەت بەوەی کە ئێوە دەیڵێن من هەست بەوە دەکەم کە هەندێک جیاوازی هەبێت لە نێوان ئەو شانۆییانەی کە لە کۆندا نووسراون و ئەوانەی کە تازە نووسراون، بەڵام ئایا ئەوە بۆ خۆی قۆناغێکی سروشتی نییە لە هەڵکشانی هەر نووسەرێکا؟

گەساو: مەرج نییە وابێت. بەدڵنیاییەوە لای نووسەرانێک کە گەشە ناکەن.

پینتەر: باشە من دەڵێم ئێمە هەموومان دەگۆڕێین [وچانێک] نەفرەتی لێ بێت.. ئەوە پێوەستە بەتەمەنەوە. کەی بوو "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"م نووسی؟ وا بزانم ساڵی ١٩٥٧ بوو.

گەساو: کاتێ کە لە بیست ساڵییەکانی تەمەنی خۆتا بوویت، شانۆیی داهاتووشت ئەو کاتە بوو کە لە سی ساڵییەکانی تەمەنی خۆتا بوویت و سێ شانۆییەکانی دواتریشت کەوتوونەتە چلّ ساڵییەکانی تەمەنتەوە.

پینتەر: ئەوە ڕاستە. ئێستاش وا خەریکە پێ دەنێمە پەنجاکانەوە. [پێ دەکەنێ]

گەساو: ئایا گۆڕاویت؟ ئایا کاتێک کە دەنووسن بەپرۆسێسێکی جیاوازدا تێ دەپەڕن؟

پینتەر: کتومت هەر هەمان شتە. ئەوەی کە هەمیشە ڕوو دەدات هەر ئەوەیە کە ئەندێشەیەک یان یەک دوو ڕستەم بۆ دێت و ئیتر من لەوێوە دەست پێ دەکەم. من هەمیشە لە سەرەتای شانۆییەکەوە دەست پێ دەکەم. ئەوە ساڵانێکە من هەر لە سەرەتای شانۆییەکەوە دەست پێ دەکەم.

گەساو: لە کۆتاییشا کۆتاییی پێ دەهێنیت؟

پینتەر: لە کۆتاییشا کۆتاییی پێ دەهێنم.

گەساو: ئەندێشە بەراییەکانی "ناپاکی" چی بوون؟

پینتەر: لە دوای ڕۆژگارێک دوو کەس.... لە مەیخانەیەکدا یەکتر دەبیننەوە.

گەساو: ژن و پیاوێک؟

پینتەر: بەڵێ.. بەڵێ.

گەساو: ئایا دەزانیت لە کوێی شانۆییەکەدا بوو؟

پینتەر: نەخێر، لە ڕاستیدا ئەوەم بۆ دەرنەکەوت. [وچانێ] لە یادم دێ کە "خاکی بێ خاوەن"م نووسی، شەوێک بوو من لە تەکسیدا بووم و لە شوێنێکەوە دەگەڕامەوە، لە پڕێک چەند ڕستەیەک، چەند وشەیەک خۆی خزاندە ناو مێشکمەوە. قەڵەمم پێ نەبوو. گەڕامەوە ماڵێ و ئەو ڕستانەم نووسی. نایەتەوە بیرم کام بەشەی بوو، بەڵام بەشێک بوو کە هەر زۆر لە سەرەتای شانۆییەکەدا بوو، ناشزانم کێ ئەو وشانەشی دەگوت. وەک خۆت دەزانیت من هیچ سیستەم و تیئۆرەیەک ناگرمە بەر.

گەساو: لەگەڵ "ناپاکی" دا ئایا بەڕاستی دوو کەست دی کە لە مەیخانەیەکا دانیشتبن یان هەر بەتەنیا ڕووداوێکی ئەندێشەیی بوو؟

پینتەر: نەخێر. خوا هەر بۆ خۆی دەزانێ ئەوە چی بوو.

گەساو: کەی بوو بڕیارت دا کە سەبارەت بەکات لە جێی ئەوەی وەک هەمیشە بەرەو داهاتوو بچی بەرەو دواوە بگەڕێیتەوە؟

پینتەر: دوای ئەوەی کە بۆم دەرکەوت دەربارەی چی دەدوێن. ئەوان



دەربارەی ڕابردوو دەدوان. ئیتر، بیرم لەوە کردەوە کە باشترە بگەڕێمە دواوە و ببینم لەوێدا چی ڕووی داوە.

گەساو: لە "کاتە بەسەرچووەکان"دا تۆ بەتەواوی لە هەنووکەدا مایتەوە و ئەوەت نیشان نەداین کە چی ڕووی دابوو. دەربارەی ئەوە دواویت کە لەوە دەچێ ڕووی دابێ.

پینتەر: لەو بارودۆخەدا کاتێک کە ناواخنی شانۆییەکەم بۆ ڕوون بووەوە، زانیم کە تەنیا یەک ڕێگە هەیە بۆ چوونە پێشەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بەرەو دواوە. دیار بوو ساختومانی هەقیقی شانۆییەکە خۆی، خۆی دەدا بەدەستەوە. دوو کەست هەیە لە مەیخانەیەکدان و تۆش ئارەزوو دەکەی، بزانی کە بۆ یەکەم جار کەی یەکتریان دیوە، ئەوە لە کوێ بووە؟ کاتێک کە بۆم ڕوون بووەوە کە چی دەگوزەرێ، ئەو جووڵەیە لە کاتا، وای لێ کردم کە تەواو بورووژێم.

گەساو: کەی بوو کە زەمینەی ناپاکی لای ئێوە سەری هەڵدا؟

پینتەر: کەم و زۆر تا ڕادەیەک کە ئەوەم بۆ روون بووەوە تەنیا سێ کارەکتەری سەرەکی لە ئارادا هەن و سەرقاڵی شتێکن.

گەساو: شانۆییەکە جۆرەها شێوەی ناپاکی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، دەکرێ ئەوە بڵێی کە کامیان خراپترینیانە؟

پینتەر: بەدڵنیاییەوە نەخێر [پێدەکەنێ] خەون بەوەوە نابینم کە هیچ جۆرە دادوەرییەکی خۆیی بخوڵقێنم.

گەساو: تۆ بەو نیگەرانییە دەستت پێ کردووە ئەگەر ژنەکە ناپاکیی لە خۆشەویستەکەی نەکردایە، بەوەی مناڵێکی لە مێردەکەی هەبێت، یان بەوەی کە دەربارەی پێوەندیی خۆی بەخۆشەویستەکەیەوە بۆ مێردەکەی بدوێ، بەبێ ئەوەی خۆشەویستەکەی ئاگەدار بکاتەوە لەوەی

کە بەنیازە شتێکی وا لای مێردەکەی بدرکێنێ.

پینتەر: پیاوەکەش هەروەها هەندێک ناپاکی ئەنجام دەدات. من نامەوێ هەموو ئەوانە بخرێنە ئەستۆی ژنەکە.

گەساو: کەسێک دەکرێ بپرسێ کە ناپاکیی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی پیاوەکان لەبەرئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە دوو هاوڕێی نزیکی یەک بوون و ئەو هاوڕێیەتییەش هەر بەردەوامە.

پینتەر: پێم وایە. بەڵام هاوڕێیەتییەکە هەر وەک خۆی نامێنێتەوە.

گەساو: ئەوان هێشتا هەر لە کاتەکانی نانخواردنی نیوەڕۆدا یەکتر دەبینن و دەربارەی نووسەرەکان دەدوێن و لەوەش دەچێ کە هەمیشە دەربارەی ئەوە لەگەڵ یەکترا ناکۆک بن. چاوت بەوەدا نەگێڕاوەتەوە کە نووسەرەکان بهێنیتە ناوەوە؟

پینتەر: من زۆر لە بەرەوە ئەوەم دەزانی کە هەر بەتەنیا سێ کارەکتەر بوونیان دەبێ.

گەساو: ئایا تۆ هەمیشە پیشەی کارەکتەرەکانت پێ دەزانی؟

پینتەر: نا. ئەوەم لە پاش ماوەیەکی زۆر لا خوڵقا. هەر ئەوەندەی جێری لە دیمەنی یەکەمەوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کەیسی نووسەری ئەوە. ئەوەم لا ڕوون بووەوە کە ڕۆبەرت دەبێتە پەخشکەرەکەی.

گەساو: دەستەواژەیەک هەیە کە مارتن ئیسلن دەربارەی ناپاکی بەکاری هێناوە – شیانی بەهەڵەداچوونی یادەوەری – چ لە کاتە بەسەرچووەکان دا و چ لە "ناپاکی" و چ لە "خاکی بێ خاوەن"دا، تۆ هەرگیز نازانی کە گەلێک شت هەن ئایا ڕوویان داوە یان ڕوویان نەداوە. لەوە دەکات کە بابەتگەلی یادەوەری جار لە دوای جار زیاتر سەرنجی تۆی ڕاکێشابێت. قەت خۆتت بینیوە کە بیر لە ڕابردووی



خۆت بکەیتەوە؟ ئایا ئەو کارکردنەت لە پرۆستا بۆ شاشەی سینەما، لە گەڕانەوەی یادەوەریی شتەکاندا لێرەدا خۆی بەبەرپرسیار نابینێتەوە؟

پینتەر: من بەر لەوەی پرۆست بۆ شاشە بنووسم، دیمەنێکی سروشتی و خامۆشی و کاتە بەسەرچووەکانم نووسیبوون و ئەوەش ڕاستە کە ئەو شانۆییانە سەروکاریان لەگەڵ یادەوەری و ڕابردوودا هەیە. بەڵام پرۆست دەروازەکانی ئەو دنیا نەفرەتییەی بۆ خستمە سەر گازی پشت. لە ڕاستییا ئەوە ساڵێکی مەزن بوو لە ئیشکردن لەگەڵ پرۆستا، لەگەڵ ئەوەشا کاری شاشە هەرگیز بۆی ناکرێ کە ململانێی ئەو دەقە بکات کە بۆی نووسرابوو کە لە ڕاستیدا شاکارێک بوو بۆ خۆی. هەر لەو ڕووەوە من کارێکی ترم بۆ شاشە کرد، ژنی سەرهەنگە فەرەنسییەکە، کە ئەوە بۆ خۆی کارێکی زۆر زۆر دژوار بوو. ئەوە کتێبێکی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو کێشانەی کە هاتنە ڕێگەی گواستنەوەی دەقەکە بۆ سەر شاشە گەلێک ئاستەنگی گەورە بوون. خۆی وا نیشان دەدا کە ڕۆمانێکی ڤکتۆری "ئەمە قۆناغێکی نووسینی ڕۆمانە کە ناولێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاژنە ڤکتۆریا" بێت، بەڵام وا نییە و ئەوە ڕۆمانێکی هاوچەرخانەیە و ئەوەش لەلایەن نووسەرەکەیەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئیستا دەینووسێت و، هەموو بیرۆکەکانیش دەبێ بەپارێزراوی بمێننەوە.

گەساو: تۆ چیت لێ کرد؟ ئایا ڕۆماننووسەکە بۆ خۆی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە؟

پینتەر: ئەها، باشە، من نهێنیی کارەکەت پێ ناڵێم. من و کێرڵ ڕییزس "ڕێژسۆر"ەکە پێکەوە بەدوای ڕێگەیەکا گەڕاین کە بتوانین

لێوەی بڕوانینە ڕۆمانەکە، کە هیوام وایە ئاوێنەیەک بێ بۆ ئەوەی کە نووسەرەکەی "جان فەولس" ویستوویەتی لە دەقە ئەسڵییەکەیدا بیکات.

گەساو: هەر دەربارەی ئەو پرسیارە، کە تۆ مامەڵە لەگەڵ ڕابردووا، لەگەڵ یادەوەرییا دەکەی، لەگەڵ یادەوەرییا چۆنیت؟

پینتەر: من جۆرە یادەوەرییەکی زۆر سەیرم هەیە. لە ڕاستییا پێم وایە کە زۆربەی کاتەکان ئاوڕ بۆ جۆرێک لە تەمومژ دەدەمەوە و شتەکان لەو تەمومژەوە دێنە دەرێ. زۆر شت هەن کە دەبێ زۆر لە خۆم بکەم بۆ ئەوەی کە بەیادیان بهێنمەوە. بەهۆی جۆرێک لە خواستەوە "ئیرادە" دەیانهێنمەوە دەرێ. دەمترسێنێ بەوەی کە بەڕاستی شتەکانم لە بیر چووبنەوە کە لەو کاتەدا مانای ئەوە دەدات کە ڕێکەوتنێکی مەزن بێت بۆم.

گەساو: ئایا شانۆییەکانت زیاتر لەوەی کە ئێمە پەی پێ دەبەین پابەندن بەژیانتەوە؟

پینتەر: ئەوان زیاتر لەوەی کە خۆم پەی پێ دەبەم پابەندن بەژیانمەوە [وچانێکی درێژ] گەلێک کارەکتەر هەن کە بوونەتە بەشێک لە من. لەوەوبەر نەمدەناسین، بەڵام ئێستا دەیانناسم. بوونیان هەیە.

گەساو: بەڵام وەک کارەکتەری ئەندێشەیی؟

پینتەر: بەڵێ. هەڵە دەکەم ئەگەر بڵێم دەربارەی شتگەلێک نووسیومن کە وەک کەسێتیی خۆم بتوانم بەیادیان بهێنمەوە. [وچانێکی درێژ] تەنیا ئەوەیە کە پێم وایە هەموو ئەوانە بەسەر هەمووانا هاتوون.

گەساو: ئایا ئەوە هەقیقەتە کە بەرلەوەی "ناپاکی" بنووسیت، ژیانی



هاوبەشت پێک هێنا لەگەڵ ڤیڤیان مێرچەند کۆتایی پێ هات، ئایا ئەو ڕووداوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نووسینی ئەو شانۆییە هەیە؟

پینتەر: من زۆر ئاسوودەم ئێوە ئەو پرسیارەتان ئاراستە کردم، لەبەرئەوەی دەتوانم پێتی بڵێم کە بەهیچ جۆرێک پێوەندی بەوەوە نییە. شتێک کە بەدڵنیاییەوە هیچ پێوەستبوونێکی بە شتەکانی ترەوە نییە؟

گەساو: هۆیەک بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەو مەسەلەیەیان گەورە کرد ئەوە بوو کاتێ کە شانۆییەکە لە شانۆی نەتەوەیی نمایش کرا، لە پرۆگرامەکەدا ئاماژەت دا بەو پێوەندییە نوێیەتان لەگەڵ خاتوو ئەنتۆنیا فرێزەر . خەڵکیش گوتیان [شانۆییەکە پێوەندیی بەوەوە هەیە]

پینتەر: باشە، لە ڕاستییا ئەوە هیچ مانایەکی نییە. بەشێوەیەکی سروشتی لە پرۆگرامدا دەڵێن ئەوە فلان ژنی هێناوە و زانیاری دەدرێ. بەڵام من تەنیا وەک ڕاگەیاندنێک گوتم کە ئەوە ئیتر من لەگەڵ ئەنتۆنیا فرێزەر دەژیم. من زۆر بەئاسانی بڕیارم دا کە شتەکان ڕوون و ئاشکرا بن؛ چونکە ئەوە ڕاستییەکەیە. ئەوانی تر ئیتر هەموو پڕوپاگەندەیە. پێم وابوو باشترە کە مەسەلەکە بەڕێکوڕەوانی بخرێتە چوارچێوەیەکەوە، کە لە ڕاستییا ئەوەش مەبەستی تێبینی پرۆگرامەکە بوو. بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە هیچ پێوەندییەکی بەشانۆییەکەوە نەبوو.

گەساو: من تێبینیی ئەوەم کرد کە ئەو سێ شانۆییەی دواییتان پێشکێش کرابوون بەپیتەر هال و جێمی واکس و سایمن گرەی، دیارە کە ئەوانە کەسانێکی زۆر گرینگن بەلای ئێوەوە. دەتوانی یەک لە دوای یەک شتێکیان دەربارە بڵێیت و باسی ئەو کاریگەرییە بکەی کە ئەوان لەسەر نووسین و ژیانی ئێوە بەجێیان هێشتووە.

پینتەر: جێمی واکس نمایندەی منە. من زۆر جار بەقەشە واکس ئاماژەی بۆ دەکەم، لەبەرئەوەی من بڕوام وایە کە پیاوێکی زۆر زیرەک و فامیدەیە. ئەو هەر زۆر لە سەرەتاوە نمایندەی من بووە. لە ژوورێک لە شاری برستڵ یەکترمان ناسی کە من لە گەشتێکدا لەگەڵیان بووم کە خەریکی نمایشی شانۆییەکی کۆمیدی بوون و کە من تا ئەو کاتە هەر "ژوور"م نووسیبوو. ئەو کەسەی کە من لە ژوورەکەدا لەگەڵیا دەژیام پێشنیازی پێ کردم کە "ژوور"ی بۆ بخوێنمەوە، منیش بۆم خوێندەوە و ئیتر لەو دەمەوە دۆستایەتییەکی نزیک کەوتە نێوانمانەوە.

من لە ساڵی ١٩٦٣ وە پێوەندیم لەگەڵ هاڵدا هەیە، پرسی پێ کردم کە لەگەڵی بێم بۆ ئالدویچ و لەوێ لە کۆمپانیای ڕۆیاڵ شەکسپیر پێکەوە کۆ بووینەوە. وای دەبینم کە ئەو لە شانۆییەکانی منا بەوپەڕی تێگەیشتن و دەسەڵاتی تەواوەوە کار دەکات. من دەربارەی ئەو چیرۆکێکم لە یادە کە یەکجار ئاسوودەم دەکات. ئەو نموونەی پیاوێکی تەواوە. ئێمە لە گەشتێکی شانۆییدا کە "شادبوونەوە بەماڵ"مان نمایش دەکرد، چووبووینە برایتن، لەوەدا بووین کە شانۆییەکە بەرەو لەندەن بگوازینەوە، دوایین هەفتەمان برایتن بوو، گەشتەکەمان تەواو گەشتێکی دوورودرێژ بوو. ئێمە دەچووین بۆ هۆڵی شانۆییەکە بۆ ئەوەی ئەکتەرەکان ببینین، پێم گوت "لە ڕاستییا پیتەر من پێم وایە کە ئەکتەرەکان تێبینیی زۆریان پێ درابێت، بۆچی بەتەنیا لێیان نەگەڕێین، لەبەرئەوەی من وایان دەبینم کە بۆیان نەکرێ ئەو هەموو تێبینییانە وەرگرن. بۆچی ڕێگەیان پێ نەدەین کە درێژە بەکارەکەیان بدەن و پێش ئەوەی بڕۆین بۆ لەندەن بۆ خۆیان بۆ چەند ڕۆژێک نمایشی بکەن؟"

ئەو گوتی «باشە پێم وابێ تۆ تەواو لەسەر هەق بی لەوەدا»



چووین بۆ شانۆکە و ئەو بەئەکتەرەکانی گوت «من تەواو لەگەڵ ئەوەدا نیم لەوەی کە ئەم بەیانییە هیچ تێبینییەکتان پێ بدەم، لەبەرئەوەی لەوە دەچێ تێبینیی تەواوتان پێ درابێت. تەنیا ئەوەیە ئەگەر شتێکم هەبێت پێتان دەڵێم»

ئێمە لەوێ بووین بۆ دوو سێ کاتژمێر، تێبینی دەستی پێ کرد، تێبینی بەدوای تێبینییا داباری. بەڵام بێگومان ئەو ڕاستی دەکرد.

دەربارەی سایمن گرەیش، بۆ ئەوەی ئەو سێینەیە کامڵ بکەم. ئەو ڕێزێکی زۆری لای من هەیە. هەمیشە کاتێکی لە کۆتا نەهاتووم هەیە بۆ دەرهێنانی شانۆییەکانی.

گەساو: لە کۆتا نەهاتوو؟

پینتەر: بەڵێ، لە کۆتا نەهاتوو. ئێمە هەروەها دوو هاوڕێی زۆر نزیکین.

گەساو: هیچ نزیکییەک لە نێوان ئیشەکانتانا هەیە؟

پینتەر: بڕوام وایە کە ئیشەکانمان تەواو جیاواز بن. ئەو گەلێک نیشان و تایبەتمەندی هەیە کە من نیمە. زیرەکییەکەی. لەوانەیە جار جار من توانای خەڵک هێنانە پێکەنینم هەبێ، بەڵام ئەو لە شێوازی شادی بەخشینا توانایەکی سەیری هەیە. ئەو دەتوانێ لە یەک ڕستەدا ئەوە بکات.

لە شانۆی "هەمیشە سەرقاڵ"دا، کاتێک کە براکەی سایمن هێنچ، سایمن تۆمەتبار دەکات بەوەی کە بەهەموو هاوڕێ شارنشینە لە خۆباییەکانی گوتووە کە «من و خێزانەکەم گەمژەین»

سایمنیش دەڵێ «ستیڤن، سوێندت بۆ دەخۆم تا ئیستا ئەوەم بەمردوویەک نەگوتووە»

ئەوە ڕستەیەکی زۆر پێکەنین هێنەرە، کە من ڕێزێکی زۆری لێ دەگرم.

گەساو: چی ڕوو دەدات ئەگەر سایمن هێنچ و بێن بێرلی بێنە ناو یەکێک لە شانۆییەکانی ئێوەوە؟

پینتەر: پێشنیازی ئەوە دەکەیت کە ئێمە دوو جار شانۆییەک بنووسین.

گەساو: بەدەرهێنانی شانۆییەکەی ئەو، وەک ئەوە وایە کە جارێکی تر بینووسی.

پینتەر: نەخێر. کاتێک کە کاری دەرهێنان بۆ دەقێکی شانۆیی ئەو دەکەم. من هەرگیز مەودا و هێڵی ئەو ناخوازم. ئەوەی کە ئێمە هەردووکمان پێکەوە لێی ورد دەبینەوە، بڕینە، خۆ بەدوورگرتنە لە درێژدادڕی لە تێکستدا. شانۆییەکانی ئەو کورتن و ئەوانەی من وا دەکەونە ڕوو کە زۆر درێژ بن، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوانەی ئەو تەواو بچکۆلەن. [پێدەکەنێ] ئەوەش جیاوازییە لە تەکنیکدا. ئەو چاوەڕێی کاتی ڕاهێنان دەکات بۆ ئەوەی دەقەکەی ڕێک بخاتەوە.

گەساو: بەڵام تۆش بەرلەوەی دەست بەپرۆڤە بکەی ڕێکی دەخەیتەوە.

پینتەر: بەڵێ منیش بڕوام بەوە هەیە.

گەساو: لە کاتی ڕاهێناندا هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام دەدەن.

پینتەر: لە کاتی ڕاهێنانی "خاکی بێ خاوەن"دا هەندێک بڕینی کەمم ئەنجام دا، هەروەها لە شاد بوونەوە بەماڵیشدا.

گەساو: لە "ناپاکی"دا هیچ گۆڕانکارییەکت ئەنجام داوە.

پینتەر: لە کاتی ڕاهێناندا لە لەندەن، سێ شتم گۆڕی. یەک



وشەی"بەیارمەتی"م لابرد، یەک وچانم لابرد و یەک وچانیشم بۆ زیاد کرد.

گەساو: ئەوە هیچ گۆڕانکارییەکی گەورەی خوڵقاند.

پینتەر: ئەوە گۆڕانکارییەکی نەفرەتیی خوڵقاند.

گەساو: بەم زووانە لە پاریس لەگەڵ بێکێتدا قسەم کرد. ئەو ئەوەی گوت کە لە ڕاستییا ماندووە لە قسەکردن لەسەر بەرهەمەکانی. هەستم بەوە کرد کە ئەو بەتەواوی مەبەستی ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێک نایەوێت جارێکی تر لەبارەیانەوە قسە بکات.

پینتەر: باشە، منیش هەروەها بەهیچ جۆرێک خۆشحاڵ نیم لەبارەی بەرهەمەکانمەوە قسە بکەم. منیش هەرگیز نازانم کە دەتوانم چییان لەبارەوە بڵێم کە جێ بەها و بایەخێکی هەقیقیی ئەوتۆ بن.

گەساو: بەدڵنیاییەوە قەت هەوڵی نەداوە کە هەندێک نهێنی و شارراوە ڕۆشن بکاتەوە؟

پینتەر: پێم وایە چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر بێکێت بۆ خۆی بوو گوتی کە ئەو لە تاریکیدا دەنووسێت، منیش لەوە تێ گەیشتم. چ نەفرەتێک هەیە لەوێدا بیدرکێنی؟

گەساو: شۆگەلێکی هەبوو بۆ ئەوەی بیدرکێنێ.

پینتەر: ئەها، شۆ، بەڵێ. هەرچەند ئێوە لەسەر ئەوە هاوڕان، من هیچ شتێکم نییە بیڵێم.

گەساو: کاتێک کە کاری دەرهێنان بۆ شانۆییەکانی خۆت دەکەیت، دەبێ بۆ ئەکتەرەکانت بدوێی. دەبێ شتێکیان پێ بڵێی دەربارەی شانۆییەکە.

پینتەر: من زۆر بەخۆشنوودییەوە ئەوە جێبەجێ دەکەم، لەبەرئەوەی

کە لەوێدا لەگەڵ کۆمەڵێک هەقیقەتی تایبەتیدا مامەڵە دەکەیت کە کردارێکی تەواو هەستپێکراوی ڕاهێنانە. کاتێک کە لەگەڵ ئەکتەردا لە ڕاهێناندام، بەهیچ جۆرێک شەرم ناکەم و دەربارەی کارەکتەر و هەموو ئەوەی کە من ئیمانم پێیەتی کە دەبێ جێبەجێی بکەن دەدوێم. بەڵام من بەهیچ جۆرێک ئاسوودە نیم کە بۆ جەماوەر هیچ ڕابگەیەنم. ئێمە لەوە دەچێت کە هەمیشە زۆر بەسادەیی پێکەوە بدوێین، بەڵام بڕوام پێ بکە، ئەو خاڵە هاوبەشانە نابینمەوە. هەروەها هەندێ هەڵوێستە کردنیشم هەیە دەربارەی هەندێ پرسیاری توێکڵدار یان ئەوانەی کە بەخۆدا هەڵگوتنی لێ دەکەوێتەوە.

گەساو: ئەگەر تۆ دەربارەی ئەوە قسە بکەیت، ئیتر خۆی دەدات بەدەستەوە....

پینتەر: باشە من دەربارەی ئەوە دەدوێم. لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا بەوە دەستمان پێ کرد کە من بەئاگام لەوەی کە هەر شتێک لەو بابەتە بێتە دەرێ.

گەساو: ئایا ئەوە وەک نەخشی سەر بەرد وایە؟

پینتەر: ئەوە چاپ دەکرێ.. من لەلایەن هاوڕێیەکەوە لێرە داوام لێ کرا کە بچمە زانکۆی کۆلۆمبیا و بۆ کەسانێکی دیاریکراو قسە بکەم. من نەمتوانی ئەوە بکەم. نازانم دەبێ باس لە چ دۆزەخێ بکەم. من لە ژیانما دوو گوتارم داوە. دواین دانەیان ڕۆژگارێکی زۆر لەمەوپێش بوو، هەر لەو کاتەدا بوو کە من و تۆ دواین گفتوگۆمان ئەنجام دا "واتە هەشت ساڵ بەر لە ئێستا، ساڵی ١٩٧١" چووم بۆ ئەڵمانیا، پاداشتێکی شەکسپیرم لەوێ پێ بەخشرا و بۆ ئەوەی ئەو شتە نەفرەتییە وەربگرم، دەبوو گوتارێک بدەم، گوتاردانەکە تووشی



دڵەڕاوکێی نەکردم، بەڵکو نووسینەکەی بوو. ئەوە ئارەقی پێ دەکردمەوە "لێرەدا پینتەر مەبەستی لە گرانیی بەخۆدا هەڵگوتنە". لە دوای دواین گفتوگۆمانەوە، تەنیا یەک دیدارم ساز داوە. ئەویش کاتێ کە شانۆی نەتەوەیی دەقی "داخرانی شانۆ"ی پێشکێش دەکرد، هەستم کرد کە ناچارم بۆ ئەوەی شتێک بڵێم. بەڵام پێم باشە شتێک بێ بۆ بەردەوامیدان بەئیش و کار بێ.

گەساو: بەڵام ساڵی پار ئێوەم لە شانۆی نەتەوەیی بینی کە شیعرتان دەخوێندەوە.

پینتەر: بەڵام ئەوە شتێکی جیاوازە. من چێژ لەوە دەبینم. پێم خۆشە کە شیعر بەدەنگی بەرزەوە بخوێنمەوە، هەمیشە ئەوەم کردووە. من ڕێزێکی زۆرم بۆ شیعر هەیە. پایزی داهاتوو من فیلمێکم هەیە بۆ تیڤی دەربارەی سێ شاعیر، کە ئەوانیش جۆرج بارکەر، جان هیز ستابس و ولیەم سیدنی گراهام، کە ئەوانە بۆ ماوەی پەنجا ساڵە شیعر دەنووسن و لەسەر ئاستی ئینگلتەرە و ئەمریکاش کەمتر ناسراون، ئەوانە کەم نین و کۆمەڵێک کەسایەتیی گەورە و شیعری زۆر مەزنیان نووسیوە.

گەساو: ئایا هەندێک جار پێت خۆش نییە کە ژیانێکی شاعیرانەت هەبووایە؟ ئایا ئەو جۆرە ژیانە زیاتر لە ژیانی نووسەرێکی شانۆیی نەبووەتە خواست و ئارەزووتان؟

پینتەر: هەڵبەت.

[وچانێک]

گەساو: قورسە وەک شاعیرێک بژین.

پینتەر: من زۆر دەترسێم. چۆن ئەو پیاوە ئاماژە بۆ کراوانە

توانیویانە ئەوە بکەن، لە ڕاستییا بۆ خۆشم نازانم. هیز ستابس پیاوێک بوو بەتەواوی کوێر. گراهامیش لە کوخێکی بچکۆلە دەژیا لە هەرێمی کۆرن وڵ. ئەوەی کە جێی خوشنوودیی ئەوان بوو، زمان بوو. بەبێ ئەوەی شکست بخۆن. من سەرسامم پێیان. ئەو پیاوانە بەمانای وشە شاعیر بوون. من شاعیرێکی هاکەزاییم. ئەوە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە... منیش هەروەها خوشنوودیم بەزمان دێ. زمان بووەتە نیگەرانی من.

گەساو: سالآنێک لەمەوبەر کێنەس تاینن، ئاماژەی دابوو بە "دەستەواژەی دووبارە بوونەوەی بێ هۆ"

پینتەر: بێ هۆ؟

گەساو: دەستەواژەی دووبارەبوونەوەی بێ هۆ.

پینتەر: باشە ئەو لە دەربڕینی بیروڕاکەی خۆیدا تەواو ئازادە. بەڵام هەروەها منیش دەڵێم هیچ شتێکم بەبێ ئەو نەنووسیوە. هەر ڕستەیەکی خڕکە بەردێکە و دەکرێ بەدەستییەوە بگریت یان هەر شتێک کە خۆت دەتەوێ لەگەڵ خڕکە بەردێکا بیکەیت و بڵێی، ئەمە بوونی هەیە و باجی بوونی خۆی دەدات و ئەمەش پێویستە.

گەساو: تۆ وشە بەفیڕۆ نادەیت.

پینتەر: من هەوڵ دەدەم وشە بەفیڕۆ نەدەم.

گەساو: چەندی خایاند تا ناپاکیت نووسی؟

پینتەر: هەر وەک ئەو ڕیتمە سروشتییەی خۆم کە هەر سێ مانگێکی خایاند، دەگەمە ئەو شوێنەی کە بەخۆم دەڵێم ئیتر لەوە زیاتر ناتوانم هیچ لەگەڵ ئەم نەفرەتییەدا بکەم، ئیتر ئەوە هەموو شتێکە.



گەساو: لەمەوبەر باسی ئەوەمان کرد کە کاتێ تۆ لە نووسینی شانۆیەک دەبیتەوە، ئایا تۆ هەمیشە دەتەوێ جارێکی تر تێ هەڵچیتەوە لە نووسینی، ئایا هەرگیز جارێکی تر هەوڵ دەدەی بەئامێری چاپ بینووسیتەوە؟

پینتەر: نا ئەوە تا ڕادەیەک ئەندێشەییە، بەڵام من مامەڵە لەگەڵ ئەو هەقیقەتە دەکەم کە ئایا ئەو دەقە خاوەنی بوونی خۆیەتی، ئەگەر خاوەنی بوونی خۆی بێت، ئەوا دەبێ ڕێز لە ژیانی بگرم.

گەساو: لەگەڵ ئەو سروشتەی ناپاکیدا، لەگەڵ خۆت نەگەشتیتە کێشمە کێشی ئەوەی کە دیمەنێکی کەی بۆ زیاد بکەیت و چەند ساڵێکی تر بگەڕێیتەوە دواوە.

پینتەر: لەسەر وەختی نووسینی دیمەنەکانی "ناپاکی"دا، زۆر بەوریایی ئاگەداری ئەوە بووم کە بۆم دەکرێ بەزۆر ڕووکاری ترا دەروازەی تر والآ بکەم و بەدڵنیاییەوە گەلێ دیمەنی تریش هەبوون کە دەکرا بنووسرێن و ژیانیان پێ ببەخشرێ. زۆر بەوریاییەوە تەماشای ئەوەم کرد و گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە ئەوەی تا ئیستا بەدەستم هێناوە کیفایەتە و لە ڕاستییا لەوە زیاتر گەڕان بەدوای زەمینەی ترا دەبێتە زێدەکاری و قورسکردنی تایەکانی ڕێڕەوەکە.

گەساو: لە کوێدا شانۆییەکانت کۆتاییان پێ دێت؟

پینتەر: تۆ بۆ خۆت دەزانی. لە ڕاستییا زۆر ئاسانە کە شانۆییەک کۆتاییی پێ بهێنیت.

گەساو: هەرگیز ڕێت کەوتووەتە ئەوەی کە بۆت نەکرێ؟

پینتەر: هەرگیز دڵنیا نیم لەوەی کە ئایا بۆم کراوە هەقی تەواو بدەم بەو کارانەی کە تا ئیستا نووسیومن. لەوەدەچێ ئەوە مەحاڵ بێت. من

هیچ کارێک بەکامڵ و تێروپڕ نابینم، تۆ دەڵێی چی؟ لەم ماوەیەدا لە لەندەن مەرگی دێوەرەیەکی ئارسەر میللەرم بینی، کە هەر وەک هەمیشە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بەجێ هێشت. بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە کامڵ و تێروپڕ بێت. من دڵنیام کە ئارسەر میللەریش بۆ خۆی لەوەدا لەگەڵم هاوڕا بێت.

گەساو: لەوانەیە ئارسەر میللەر لەوەدا لەگەڵت هاوڕا نەبێ. لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کە بەرهەمەکەی بێ خەوش بێت.

پینتەر: [پێدەکەنێ] تا ڕادەیەک بێ خەوشە.

گەساو: چاوەڕوانیی گۆدۆ بێ خەوشە، ئەی کۆتاییی گەمەکە.

پینتەر: من بەدڵنیاییەوە لەو باوەڕەدام کە کۆتاییی گەمەکە بێ خەوش بێت. [وچانێک]

گەساو: ئایا هاملێت بێ خەوشە؟

پینتەر: نەخێر، هاملێت کارێک نییە بێ خەوش بێت.

گەساو: دەبوو جارێکی تر بیگوشێت و پێدا بچێتەوە؟

پینتەر: نەخێر. من خوشنوودم کە لەوێدا وازی لێ هێناوە. بێ خەوشبوون مانای چی دەبەخشێت؟ چۆن دەکرێت ئەوە بەدەست بهێنرێت؟ هەرگیز بێ خەوشبوون بوونی نییە، ئەگەرچی پێشتریش ئەوەم ڕاگەیاند کە کۆتاییی گەمەکە کارێکی بێ خەوشە. [پێ دەکەنێ]

گەساو: با قسە لەسەر کارێک بکەین کە پلەیەک لە بێ خەوش خوارترە، بۆچی ئەوەت هەڵبژارد کە کاری دەرهێنان بۆ شانۆی "گیانێکی میهرەبان" بکەیت؟ ئایا پێوەستە بەوەوە کە نوئیل کۆواردتان خۆش دەوێت؟



پینتەر: باشە، بەڵێ. ناتوانم بڵێم کە کۆواردم زۆر خوێندووەتەوە، بەڵام لەلایەن پیتەر هالەوە ڕاسپێردرام کە شانۆییەک دیاری بکەم. ئیتر من ئەوەم خوێندەوە و پێم وابوو کە شتێکی خۆش دەبێ ئەوە بکرێ. بەڵام شتێکی خۆش نەبوو، بەڵکو هەر زۆر زۆر دژوار بوو.

گەساو: ئایا هەست بەهیچ نزیکییەک دەکەی لەگەڵ کۆواردا؟

پینتەر: هەست زۆر بەنزیکی ناکەم. بەڵام حەزم بەمامەڵەکردنە لەگەڵ کۆوارد. پیاوێکە کە نرخ و بەهای خۆی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ خۆشی و پێکەنین بخوڵقێنێ. من حەزم بەو یاری و خۆشییەی دەقی "گیانێکی میهرەبان"ە. دەتوانی ئەوەی تێدا ببینیتەوە کە نووسەرێکە وشە بەفیڕۆ نانووسێت و چووەتە ناو ڕاڤەکردنێکەوە کە کاری تەواوی تێدا کردووە و کەسێک ناتوانێ لەوە زیاتر هیچی لەگەڵ بکات. پرسیار دەربارەی کەم و زیادکردنی ناکرێت. شانۆگەرییەکە دەکرێ لەگەڵیا بژیت.

گەساو: ئایا زیاتر لە ڕاتیگن حەزتان بەکۆواردە؟

"سێر تیرنس مێرڤن ڕاتیگن، شانۆ نووسێکی ئینگلیزییە لە ساڵی ١٩١١ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٧ دا بەسەرەتانی ئێسقان کۆچی دوایی کردووە، سەردەمانێک پشتگوێ خراوە و لە دوای پانزە ساڵ بەسەر کۆچیا جارێکی تر شانۆییەکانی سەرنج ڕادەکێشنەوە و بەیەکێک لە باشترین شانۆنووسەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ"

پینتەر: من ئەو کاتەی کە وەک ئەکتەرێک کارم دەکرد وەک خۆت ئاگات لێیە، زۆر ئیشم لە بەرهەمەکانی ڕاتیگنا کردووە. پێم وایە ئەو نووسەرە هەقی خۆی پێ نەدراوە و بەتەواوی گومناوییان کردووە. هەر وەک خۆشت ئاگات لێیە زۆر بەدژواری و لە پڕێکا پشتیان تێ کرد.

لەلایەن خەڵکانێکەوە کە ئەو مافەیان نەبوو کارێکی وا بکەن.

گەساو: ڕەخنەگرانی لەندەن زۆر دڵڕەق بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ نمایشی شانۆی "گۆشەی دوا لاپەڕە" و "داخرانی شانۆ" و "ناپاکی" کە دوو شانۆی یەکەم لە نووسینی گرەی و ئەوەی دواییشیان لە نووسینی خۆتانە. ئایا ئەو کێشەیە لە مەسەلەی ئەو پێشبینیکردنەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە نووسەری شانۆ هەیانە؟

پینتەر: بەرەنگارییەکی دیار و سەرنجڕاکێش لە لایەن ڕەخنەگرانی لەندەنەوە بەرانبەر نووسەرانێک هەست پێ دەکرێ کە ئارەزووی خوڵقانی جیاوازییان هەیە. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ئەوەیان بەرانبەر بەشانۆی سەرایدار ئەنجام دا. لە ڕاستییا من هەرگیز زۆر بەباشی لە لایەن ڕەخنەگرانەوە هەڵنەسەنگێنراوم. لە ڕاستییا ڕەخنەگران شانۆی "ب"یان بەمێشکا ناچێت، بەڵام هەمیشە هەر ئەوەندەی شانۆی "ج" گەیشتە جێ، ئیتر دەکەونە پەسندانی شانۆی "ب" و ئەوەی "ج"یان پێ قبووڵ ناکرێ و بەلادانی دەدەنە قەڵەم. ئەمە بەدرێژاییی هەموو سەردەمەکان وا بووە. خاڵی دووەم پێوەندیی بەکێشەی نەوەی تازەوە هەیە. ئەوە من بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە دەنووسم، لەم چەند ساڵانەی دواییشا لە ئینگلتەرا شەپۆلێکی گەنجانەی زۆر زۆر بەهێزی نووسەرانی شانۆی سیاسی دەستی پێ کردووە. لە هەندێ ڕووەوە بەشێوەیەکی تەندروست ڕێزیان لەو شەپۆلە ناوە، بەڵام لەوەدەچێ ژمارەیەک لەو ڕەخنەگرانە هەست بەوە بکەن کە پیاوێک لەو تەمەن و سروشت و میزاجەی من بەتەواوی بەدەرە لە پێداویستییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ. ئەوان ئەو هەقیقەتە تووڕەیان دەکات کە من کتومت بەردەوامم لەو شێوە نووسینەی کە خۆم دەمەوێت، بەڵام لە ڕاستییا من بەهیچ جۆرێک بەوە تەنگەتاو نەبووم. تۆ ئاگات لێیە من لە



قوتابخانەیەکی زۆر سەخت و دژواردا گەشەم کرد. ئەگەر چی لە ساڵی ١٩٥٨ دا نمایشی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" تەنیا هەفتەیەک بەردەوام بوو، بەڵام لە دواییدا ڕێگەیەکی باشی دۆزییەوە بۆ ئەوەی لە دنیای شانۆدا جێگەی خۆی بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٥٨ دا شانۆی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون بەوە تاوانبار کرا کە قابیلی تێگەیشتن نییە، کەچی ئیستا دەرگەکانی هەموو شانۆی دنیای لە بەردەمدا ئاوەڵایە و شایەنی تێگەیشتنیشە. هەندێک لە شتەکان گۆڕان و بەڵام شانۆییەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی. شانۆییەکە هەر لە شوێنی خۆیایەتی.

گەساو: ئیستا بەچییەوە سەرقاڵی؟

پینتەر: یەک دوو مانگ بەر لە ئیستا لە پرێکا دەقێکی شانۆیی خۆم دۆزییەوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر نووسیبووم، شانۆییەکی درێژە و لە کاتی خۆیدا خستبوومە لاوە، لە پێش سەرایداردا و لە دوای شانۆی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون نووسیبووم. فرێم نەدابوو، بەڵکو هەر زۆر بەسادەیی خستبوومە لاوە. تا ڕادەیەک لە بیرم چووبووەوە، لە دوای بیست ساڵ کە خوێندمەوە زۆرم بەلاوە سەیر بوو و لە ڕاستییا زۆرم پێکەنین پێی هات. لە ئەنجامدا بەهیوام کاری دەرهێنانی بۆ بکەم، ناوی "تیمارستانە". کە شوێنێکە، ماڵێکە بۆ هەندێک نەخۆشی دەروونی، بەڵام تەنیا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی شوێنەکە دەبینین. کەس نەخۆشەکان نابینێ بەڵام هەمووویان لەوێن. لەگەڵ خوێندنەوەیداهەستم بەئەزموونێکی سەیر کرد و هەندێک ئیشم تێدا کردەوە و گۆڕانکارییەکی کەمم تێدا ئەنجام دا. تێبینیم کرد لە کاتی نووسینیا هەندێک زیادەڕۆییم تێدا کردووە.

گەساو: هەر وەکو شانۆییيە کۆنەکانت وان؟

پینتەر: دەتوانم هەندێک سیمای تایبەتی جیا بکەمەوە، هەندێک ڕەوانی لە دلاوەرییەکی کێوییانە، دیالۆگەکانی ئەو نارۆشنییەی مایکم بیر دەهێنێتەوە لە سەرایداردا. دەمەوێ زۆر بەئارامی لە یانەی شانۆی هامپستەد کاری تێدا بکەم. پێم وایە خۆشنوودییەکی زۆرم پێ دەبەخشی.

گەساو: کەواتە ئەوە بۆ یەکەم جارە کە یەکێک لە دەقە شانۆییيەکانی خۆتان بۆ شانۆ دەربهێنن.

پینتەر: بەڵی ئەوە بۆ یەکەم جار دەبێ. زۆر بە سادەیی ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە. [ وچانێک] خوێندنەوەیەکی ناوازە دەبێ. چەند جارێک لە شەستەکانا یەک دوو سکێچم لەو شانۆییيە وەرگرتووە.

دەمەوێ هەوڵ بدەم کە ئایا دەتوانم چی تری لێوە بهێنمە دەرێ.

گەساو: بەهیوا نین کار لە شانۆییيەکی تازەدا بکەن؟

پینتەر: نەخێر، نەخێر بەهیچ جۆرێک. نەخێر، نەخێر، ساڵی داهاتوو بۆ من ساڵێکی پڕ لە کار دەبێت. بۆیە بۆم ناکرێ هیچی تێدا بنووسم. ئایا بۆم دەکرێت لەوەی کە شانۆییيەکی تازەی تێدا بنووسم. وەڵامی من ئەوەیە کە ناتوانم. لەوە دەچێ کە بەچوار پێنج ساڵ جارێ شانۆییيەکی تێدا بنووسم. پێم وایە شانۆییيەکی تر لە کاتێکا هەر بنووسم.

ئەم وتووێژە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی:

two people in a pub talking about the past
Mel gussow, conversation with Pinter.
Grove press New York

# ناپاکی

Betrayal
Harold Pinter Plays four
Faber and Faber
London. Bostn

ناپاکی بۆ یەکەم جار لە پانزەی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٨ دا لەلایەن شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن نمایش کراوە بەم گرووپەی خوارەوە.

ئێما..... پینۆلۆپی ویلتن

جێری.... میشێل گامبن

ڕۆبەرت..... دانیەڵ ماسی

سفرەچی..... ئارتۆ مۆریس

جان بێری، کاری نەخشەسازیی بۆ کردووە و پیتەر هاڵ بۆ شانۆی دەرهێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ دا ئێما تەمەنی ٣٨ ساڵە و جێری و ڕۆبەرتیش ٤٠ ساڵن.

دەکرێ شانۆی ناپاکی بەبێ قۆناغبەندی نمایش بکرێت، یان لە دوای دیمەنی چوارەمەوە قۆناغبەندی بکرێ.



١٩٧٧

## دیمەنی یەکەم

نیوەڕۆیەکی بەهاری ساڵی ١٩٧٧. لە مەیخانەیەکدا.

[ئێما لەسەر گۆشەی مێزێک دانیشتووە. جێری بەدوو پێک خواردنەوەوە دەردەکەوێت. پێکێ بیرە بۆ خۆی و پێکێ شەراب بۆ ئێما. دادەنیشێت. هەردووکیان پێ دەکەن، بەهێمنی پێکەکانیان هەڵدەگرن و دەخۆنەوە. جێری پاڵ دەداتەوە و لە ئێما دەڕوانێ.]

**جێری:** باشە...

**ئێما:** تۆ چۆنیت؟

**جێری:** زۆر باشم.

**ئێما**: زۆر باش دێیتە پێش چاوم.

**جێری:** باشە، لە ڕاستییا ئەو زۆر باشە نیم.

**ئێما:** بۆچی؟ چی ڕووی داوە؟

**جێری:** سەرئێشەی دوای خواردنەوە.

[جێری پێکەکەی بەرز دەکاتەوە.]

بەخۆشیت!

[جێری دەخواتەوە.]

تۆ چۆنیت؟

**ئێما:** من باشم.

[ ئێما بۆ ناو مەیخانەکە دەڕوانێ و دواجار بۆ لای جێری.]

هەر وەکو ڕۆژانی ڕابردووم.

**جێری:** ئمممم، ڕۆژگارێکی دوورودرێژە.

**ئێما:** بەڵێ.

[وچانێک]

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بیرم لە تۆ دەکردەوە.

**جێری:** ئای خوای گەورە بۆ؟

[ئێما پێ دەکەنێ.]

بۆچی؟

**ئێما:** باشە، شتێکی خۆشە هەندێ جار بیر لە ڕابردوو بکەیتەوە، وا نییە؟

**جێری:** بەدڵنیاییەوە.

[وچانێک]

هەموو شتێک باشە؟

**ئێما:** ئۆو، زۆر خراپ نییە.

[وچانێک]

دەزانیت لەکەیەوە یەکتریمان نەدیوە؟

**جێری:** ئەها، هاتم بۆ گەلەرییەکە، ئەوە کەی بوو...؟

**ئێما:** نا مەبەستم ئەوە نییە.



**جێری:** ئەها، مەبەستت خۆم و خۆتە بەتەنیا.

**ئێما:** بەڵێ.

**جێری:** ئۆووو.

**ئێما:** دوو ساڵە.

**جێری:** بەڵێ، پێم وایە وا بێ. ئمممم.

[وچانێک]

**ئێما:** ماوەیەکی زۆرە.

**جێری:** بەڵێ، وایە.

[وچانێک]

گەلەرییەکەت چۆن دەڕوات بەڕێوە؟

**ئێما:** پێت وایە دەبێ چۆن بێ؟

**جێری:** زۆر باش، بەلای منەوە دەبێ زۆر باش بێ.

**ئێما:** من دڵم زۆر خۆشە کە تۆ وا بیر دەکەیتەوە. باشە، لە ڕاستییا من زۆر خۆشیی لێ دەبینم.

**جێری:** ئەو شێوەکارانە زۆر سەرنجڕاکێشن، وا نییە؟

**ئێما:** هەر هەموویان نا.

**جێری:** هەموویان وا نین؟ ئەوە خەمبارم دەکا.

[وچانێک]

ڕۆبەرت چۆنە؟

**ئێما:** دواین جار کەی بوو ئەوت بینی؟

**جێری:** ئەوە چەند مانگێک دەبێ ئەوم نەدیوە، نازانم بۆچی؟ بەڵام بۆ

دەپرسی؟

**ئێما:** بۆ دەپرسم؟

**جێری:** بۆچی لە بارەی دوایین یەکتر بینینمانەوە پرسیار دەکەی؟

**ئێما:** تەنیا پرسیارێ بوو و هیچی تر. سام چۆنە؟

**جێری:** مەبەستت جودسە.

**ئێما:** جودس؟

**جێری:** ئەو داوونەریتەت پاراستووە، کە من هەواڵی مێردەکەت دەپرسم تۆش هەواڵی ژنەکەم دەپرسی.

**ئێما:** بەڵێ، بێگومان ژنەکەت چۆنە؟

**جێری:** زۆر باشە.

[وچانێک]

**ئێما:** سام لەوانەیە باڵای بەرز بێ.

**جێری:** باڵای بەرزە، تەواو بەرزە. خولیای ڕاکردنی هەیە، بۆ مەودای زۆر دوورودرێژ ڕادەکات. حەزی لەوەیە ببێتە زانای ئاژەڵناسی.

**ئێما:** ئا بەڕاستە؟ چاکە. ئەی سارا؟

**جێری:** دە ساڵانە.

**ئێما:** خوایە. وایە ئیستا گەورە بووە.

**جێری:** بەڵێ، گەورە بووە.

[وچانێک]

ئەبێ ئیستا نێد پێنج ساڵان بێ، وا نییە؟

**ئێما:** لە یادت نەچووە.



**جێری:** چاکە، ئەوەم لە یاد ناچێت.

[وچانێک]

**ئێما:** وایە.

[وچانێک]

تۆ باشیت، وا نییە؟

**جێری:** ئا، بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

[وچانێک]

**ئێما:** یادی من دەکەی؟

**جێری:** پێویست ناکات یادی تۆ بکەم.

**ئێما:** ئەها؟

**جێری:** پێویست ناکات یادی تۆ بکەم.

[وچانێک]

بەهەرحاڵ من باشم. ئەی تۆ چۆنیت؟

**ئێما:** لە ڕاستییا، باشم. زۆر باشم.

**جێری:** زۆر جوان بووی.

**ئێما:** بەڕاستە؟ سوپاست دەکەم. خۆشحاڵ بووم بەبینینت.

**جێری:** هەروەها منیش. مەبەستم بەبینینت.

**ئێما:** تاوناتاوێ بیرم دەکەیت؟

**جێری:** تاوناتاوێ بیرت دەکەم.

[وچانێک]

لەم ماوەیەدا شارلۆتم بینی.

**ئێما:** بەڕاستە؟ لە کوێ؟ ئەی باسی نەکرد.

**جێری**: له ڕێگەوبان، ئەو ئاگای له من نەبوو.

**ئێما**: بەڵام ساڵانێک دەبێ تۆ ئەوت نەبینیوە.

**جێری**: ناسیمەوە.

**ئێما**: چۆن بۆت کرا؟ چۆن زانیت ئەوە خۆیەتی؟

**جێری**: ئیتر ناسیمەوە.

**ئێما**: پێت وابوو له کێ دەچێت؟

**جێری**: کتومت بەخۆت دەچێ.

**ئێما**: نە، بەڕاستی چۆن بینیت؟

**جێری**: بەدڵنیاییەوە زۆر نازدارە.

**ئێما**: بەڵێ، زۆریش... زۆر شۆخە. سیانزە ساڵانە.

[وچانێک]

ئەو ڕۆژانەت له یادە... ئای لەو ڕۆژگارە... له باوەشت دەگرت و و بەرزت دەکردەوە بۆ ئاسمان و دەتگرتەوە؟

**جێری**: زۆر سووکوسۆڵ بوو.

**ئێما**: باوەڕ دەکەی ئەوانەی له یاد ماوە.

**جێری**: بەڕاستە؟

**ئێما**: ئممم، کە بەرزت دەکردەوە.

**جێری**: بیری زۆر تیژە.

[وچانێک]

ئەو بەنێوانی ئێمە نازانێ، ئاگای لێیە؟

**ئێما**: بەدڵنیایی نایزانێ. ئەو تەنیا تۆی له یادە، هەر وەکو هاوڕێیەکی کۆن.



**جێری**: تێ گەیشتم.

[وچانێک]

بەڵێ، ئەو ڕۆژە هەمووان لەوێ بوون، له یادم ماوە، ژنەکەم، شووەکەت، هەموو منداڵەکان لەو نزیکانەوە ڕاوەستابوون.

**ئێما**: کام ڕۆژە بوو؟

**جێری**: ئەو کاتەی من ئەوم هەڵدەدا بۆ ئاسمان. ئەوە له ناندینەکەی ئێوە بوو.

**ئێما**: ئەوە له ناندینەکەی ئێوەیا بوو.

[بێدەنگی]

**جێری**: ئازیز

**ئێما**: ئەوەم پێ مەڵێ.

[وچانێک]

ئەوە هەموو...

**جێری**: بەوە دەکات کە ڕۆژگارێکی زۆر بەسەرچووبێ.

**ئێما**: وای دەبینی؟

**جێری**: ئەی تۆ؟

[جێری شووشەکان دەباتەوە بەرەو باڕەکە، ئێما هەر لەشوێنی خۆیەتی. جێری دەگەڕێتەوە و خواردنەوەی تری هێناوە. دادەنیشێ.]

**ئێما**: لەم ڕۆژانەدا بیرم له تۆ دەکردەوە.

[وچانێک]

بەماشێن بەرەو کیلبۆرن دەچووم، له پڕێکا بەخۆم زانی کە

لەوێدام. ئیتر وەستام و ئەمجا دەستم بەرەو شەقامی کینسەیڵ شکاندەوە و ڕووم کردە وێسس گروڤ. بەلای خانووەکەدا تێ پەڕیم و هەروەکو جارانی خۆمان، پەنجا هەنگاوێک لە دوورەوە وەستام، لە بیرت ماوە؟

**جێری:** بەڵێ.

**ئێما:** خەڵکانێک لە خانووەکە دەهاتنە دەرێ و بەرەو ڕێگەکە دەڕۆیشتن.

**جێری:** چ جۆرە خەڵکانێک بوون؟

**ئێما:** ئۆوو، هەرزەکار بوون... ئەوجا لە ماشێنەکە هاتمە دەرێ و بەقاڵدرمەکانا چوومە سەرێ و تەماشای زەنگی دەرگەکەم کرد. ئەو ناوانەی بەدوو توێی زەنگی دەرگەکەوە هەڵواسرابوون.

بۆ ناوەکانی خۆمان گەڕام.

[وچانێک]

**جێری:** بەسەوز نووسرابوو.

[وچانێک]

ناوەکانی ئێمە نەمابوون، وا نییە؟

**ئێما:** نەخێر.

**جێری:** ئەوە لەبەرئەوەی ئێمە چی تر لەوێ ناژین. ئەوە چەند ساڵێک دەبێ ئەوێمان بەجێ هێشتووە.

**ئێما:** نەخێر لەوێ ناژین.

[وچانێک]

**جێری:** بیستوومە کە جارجار لەگەڵ کەیسی یەکتر دەبینن.



**ئێما:** چۆن؟

**جێری:** کەیسی. ئەوە بوو بیستم کە جار جار ئەو دەبینی.

**ئێما:** ئەوەت لە کوێ بیست؟

**جێری:** ئۆوو، خەڵک... قسە دەکەن.

**ئێما:** ئای خوایە.

**جێری:** تەنیا شتێکی پێکەنینهێنەر ئەو شتە بوو کە لە ڕاستییا من هەستم بەنائارامی کرد، نائارامی بەرانبەر ئەوەی کە لە ڕابردوودا هیچ کەسێک بەوجۆرە بەدگۆیی دەرهەق نەکردووین. تا ئەو ڕادەیەی خەریک بوو بڵێم، تەماشا کە، ئیستا لەوانەیە لەگەڵ کەیسی خەریکی شەراب نۆشین بن، کێ باکی بەوەیە، بەڵام من و ئەو بۆ ماوەی حەوت ساڵ پێوەندیمان هەبوو کەچی هیچ زۆڵێک لە ئێوە ئەوەندەی نووکە دەرزییەک پەی بەوە نەبرد کە چی ڕوو دەدات.

[وچانێک]

**ئێما:** گومانم هەیە، گومانم هەیە لەوەی کە خەڵکی ئاگای لە هەموو شتێک بووبێ.

**جێری:** خۆت گێل مەکە. ئێمە لێزان بووین. کەس ئاگای لێمان نەبوو. بێجگە لە خۆم و خۆت کێی تر لەو ڕۆژانەدا ڕێی دەکەوتە کیلبۆڕن؟

[وچانێک]

بەهەرحاڵ ئەو شتانە چین لە بارەی تۆ و کەیسی دەگوترێن؟

**ئێما:** مەبەستت چییە؟

**جێری:** چی دەگوزەرێ؟

**ئێما:** ئەگەر ڕێکەوتی یەک بکەین پێکەوە دەخۆینەوە.

**جێری:** پێم وابوو حەزت لە نووسینەکانی نییە.

**ئێما:** من وەک جاران نەماوم یان ڕەنگە ئەو نووسینەکانی گۆڕابێ. تووشی ئیرەیی بوویت؟

**جێری:** لە چی؟

[وچانێک]

بۆم ناکرێ لە ئاست کەیسییا تووشی ئیرەیی بم. من نمایندەی ئەوم لە مەسەلەی تەڵاقدانەکەشی من ئامۆژگاریی دەکەم. هەموو ڕەشنووسەکانی ئەوم خوێندووەتەوە. من هانی مێردەکەتم دا کە یەکەم ڕۆمانی بۆ بڵاو بکاتەوە. هەر منیش بووم کە ڕێگەی ئۆکسفۆردم پێ نیشان دا تا لە یەکێتی نووسەران کوڕ بگێڕێت. ئەو... ئەو شاگردی خۆمە. ئەو کاتەی کە شیعری دەنووسی من ئەوم ناساند، ئەوەش ڕۆژگارێکی نەفرەتیی گەلێک کۆنە.

[وچانێک]

تەنانەت کە دەگەڕایەوە بۆ ساوزئامپتن بۆ سەردانی دایک و باوکی منی لەگەڵ خۆی دەبرد. بۆم ناکرێ لە ئاست کەیسییا تووشی ئیرەیی بم. بەهەرحاڵ خۆ ئیستا نێوانمان گەرموگوڕ نییە، وایە؟ ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ کە ژوانمان نەگرتووە. لە ڕاستییا ئاسوودەیی تۆ بەئاسوودەیی خۆم دەزانم.

[وچانێک]



ئەی دەنگوباسی ڕۆبەرت؟

[وچانێک]

**ئێما:** ئەها... لەوە دەچێ لێک جیا بینەوە.

**جێری:** بەڕاستە؟

**ئێما:** دوێنێ شەو دەمبۆڵەیەکی زۆرمان بوو.

**جێری:** دوێنێ شەو؟

**ئێما:** دەزانی دوێنێ شەو چیم بۆ دەرکەوت؟ چەندین ساڵە ناپاکیی لەگەڵ کردووم. چەندین ساڵە لە پشتی منەوە نێوانی لەگەڵ ژنانی تردا هەبووە.

**جێری:** وا مەڵێ. ئای خوای گەورە.

[وچانێک]

بەڵام ئێمەش چەندین ساڵە لە پشتەوە ناپاکیمان لەگەڵ کردووە.

**ئێما:** ئەویش چەندین ساڵە ناپاکیی دەرهەق کردووم.

**جێری:** باشە من هەرگیز بەوەم نەزانیوە.

**ئێما:** هەروەها منیش.

[وچانێک]

**جێری:** کەیسی ئاگای لەوە هەیە؟

**ئێما:** هیوام وایە چی تر بەکەیسی بانگی نەکەیت. ئەو ناوی ڕاجەرە.

**جێری:** بەڵێ. ڕاجەر.

**ئێما:** تەلەفونم بۆ کردی. بۆ خۆشم نازانم بۆچی.

**جێری:** ئەو مەخسەرەیە چییە ڕوو دەدات. خۆ ئێمە من و ڕۆبەرت

هاوڕێی گیانیی بەگیانیی یەک بووین، وا نەبوو؟ هەتا ئەگەر بێتو بۆ چەند مانگێکیش لە یەکتری دابڕابین، ئەی ئەو هەموو ساڵانەی کە نان و ئاومان بێ یەک نەخواردووە و هەمیشە پێکەوە بووین. ئەگەرچی من تا ئیستا دەرکم بەوە نەکردووە... هەرگیزیش گومانم لێی نەکردووە... کە بێجگە لە تۆ کەسێکی تر لە ژیانیا هەبووبێ.. هەرگیز. بۆ نموونە کاتێک کە تۆ لەگەڵ هاوڕێیەکیت لە مەیخانەیەک یان لە چێشتخانەیەک، بۆ نموونە جار جارێک بە بیانووی میزکردنەوە چوویتەتە دەرەوە، دەبینی، کێ ئەوەی نەکردووە. بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە لەو کاتانەدا بەدزییەوە تەلەفۆنی بەملا و لادا کردبێ، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە هەستی پێ دەکرێ و ئەو جرتوفرتەت بەسەرا تێ ناپەڕێ. چاکە من هەرگیز ئەوەم لەگەڵ ڕۆبەرتا نەکردووە. ئەویش هەرگیز ئەو جرتوفرتی تەلەفونەی لە هیچ مەیخانەیەکا نەکردووە، ئەوەندەی کە منی لەگەڵا بووبێتم. مەخسەرە ئەوەیە کە ئەوە من بووم، ئەو جرتوفرتی تەلەفۆنەم لەگەڵ تۆیا کردووە کاتێ کە ئەوم بەجێ هێشتووە و لە مەیخانەدا تەواو سەرخۆش بووم. ئەوە تەواو مەخسەرەیە.

[وچانێک]

کەی هەموو ئەو شتانەی پێ گوتیت؟

**ئێما:** دوێنێ شەو. پێم وایە بەدرێژاییی شەو نەخەوتین.

[وچانێک]

**جێری:** بەدرێژاییی شەو دەمبۆڵەتان بوو؟

**ئێما:** بەڵێ. ئۆۆو بەڵێ.



[وچانێک]

**جێری:** خۆ ناوی من نەهاتە ناو ناوانەوە، هات؟

**ئێما:** چۆن؟

**جێری:** تەنیا من....

**ئێما:** هەر ئەوە بوو وەک خۆت دەزانی کە تەنیا ئەم بەیانییە تەلەفونم بۆ کردیت، لەبەرئەوەی من.... چونکە ئێمە هاوڕێی کۆنین... بەدرێژاییی شەو نەنووستووم... هەموو شتێک کۆتاییی هات، لە پڕێکا هەستم بەوە کرد کە پێم خۆشە تۆ ببینم.

**جێری:** چاکە، بڕوانە، من خۆشحاڵم کە تۆ دەبینم. من داوای لێبووردن دەکەم، دەربارەی...

**ئێما:** ئەوەت لە یاد ماوە؟ مەبەستم، ئەوەت لە یاد ماوە؟

**جێری:** لە یادمە.

[وچانێک]

**ئێما:** لە ڕاستییا ئەو کاتەی کە وێسس گروڤمان بەکرێ گرت باری داراییی تۆ ئەوەی پێ هەڵنەدەسووڕا.

**جێری:** ئۆو خۆشەویستی جێ و ڕێ بۆ خۆی خۆش دەکا.

**ئێما:** من پەردەکانم کڕی.

**جێری:** تۆ ئاسانکاریت کرد.

**ئێما:** گوێ بگرە، نامەوێ تۆ ببینم بۆ ئەوەی ڕابردوو بەیاد بهێنینەوە. دەزانی مەبەستم چی بوو؟ تەنیا ئەوە بوو کە بزانم تۆ چۆنیت. بەڕاستی. تۆ چۆنیت؟

**جێری:** ئۆوو، ئەوە چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟

[وچانێک]

خۆ دەربارەی من هیچت بەڕۆبەرت نەگوتووە، وا نییە؟

**ئێما:** دەبووایە.

[وچانێک]

هەموو شتێکی پێ گوتم، منیش هەموو شتێکم پێ گوت. بەدرێژاییی شەو نەخەوتین. لەو قسانەدا بووین کە نێد هاتە خوارەوە. ئیتر دەبوو من بیبەمەوە ناو جێگەکەی خۆی. جارێکی تر هاتمەوە خوارێ. پێم وابوو بۆڵە بۆڵی ئێمە خەوی لێ زڕاندبوو. دەزانی.....

**جێری:** هەموو شتێکت پێ گوت؟

**ئێما:** دەبووایە.

**جێری:** دەربارەی خۆمان..... هەموو شتێکت پێ گوت؟

**ئێما:** دەبووایە.

**جێری:** بەڵام ئەو کۆنترین هاوڕێمە. مەبەستم ئەوەیە من لە ناندینەکەی خۆمانا کچەکەیم لە باوەش گرتووە و هەڵم داوە بۆ ئاسمان و گرتوومەتەوە. ئەو بۆ خۆی تەماشای کردووم.

**ئێما:** ئەوە هیچ گرفتێک نییە، تازە هەموو شتێ بەسەرچوو.

**جێری:** بەڕاستە؟ هەرچی هەیە؟

**ئێما:** هەموو شتێ بەسەرچوو.

[ ئێما دەخواتەوە.]



کاتێکی دواتری ١٩٧٧

## دیمەنی دووەم

[بەهاری ١٩٧٧ ژووری خوێندنەوەیە لە ماڵی جێری. جێری دانیشتووە. ڕۆبەرت بەپێوە ڕاوەستاوە و پێکێکی پێیە]

**جێری:** زۆرم پێ باش بوو کە هاتی.

**ڕۆبەرت:** سوپاس.

**جێری:** بەڵێ، بەڵێ، دەزانم کە سەخت بوو... تێ دەگەم... منداڵەکان...

**ڕۆبەرت:** کێشەیەک نییە. هیچ ڕووی داوە.

**جێری:** نا، کەسێکت پەیا کرد، پێم بڵێ؟

**ڕۆبەرت:** چۆن؟

**جێری:** بۆ منداڵەکان.

**ڕۆبەرت:** ئا، ئا، بەدڵنیاییەوە. هەموو شتێک ئامادەیە. بەهەرحاڵ شارلوت منداڵ نییە.

**جێری:** نەخێر.

[وچانێک]

ناتەوێ دانیشیت؟

**ڕۆبەرت:** باشە، بەهیوام، هەر ئێستا دادەنیشم.

[وچانێک]

**جێری:** جودس لە نەخۆشخانەیە... بەشەو ئیش دەکات. منداڵەکان... لێرەن... لە سەرەوەن.

**ڕۆبەرت:** ئێ.. ئێ.

**جێری:** دەبێ قسەت لەگەڵا بکەم، شتێکی گرینگ هەیە.

**ڕۆبەرت:** بۆم باس بکە.

**جێری:** بەڵێ.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** تەواو نایەیتە پێش چاوم.

[وچانێک]

کێشەکەت چییە؟

[وچانێک]

پێوەندیی بەتۆ و ئێماوە هەیە، وا نییە؟

[وچانێک]

هەموو شتێکی لەبارەوە دەزانم.

**جێری:** بەڵێ. هەموو شتێکی بۆ باس کردم.

**ڕۆبەرت:** ئەها.

[وچانێک]

باشە، ئەوەندە مەسەلەیەکی گرینگ نییە، وایە؟ ئەوە چەندین ساڵێ بەسەرا تێ پەڕیوە، وا نییە؟

**جێری:** بەلای منەوە زۆر گرینگە.

**ڕۆبەرت:** بەڕاستتە؟ بۆچی؟

[جێری هەڵدەستێ و پیاسە دەکات.]



**جێری:** پێم وابوو ئەوە بەرەو شێتبوونم دەبات.

**ڕۆبەرت:** ئەمە کەی؟

**جێری:** ئەم ئێوارەیە. هەر ئێستا. دوودڵ بووم لەوەی تەلەفونت بۆ بکەم. هەر دەبوو تەلەفونت بۆ بکەم. دوو کاتژمێری ویست... تا گەیشتمە ئەوەی تەلەفونت بۆ بکەم. بەڵام تۆ لەگەڵ منداڵەکانا سەرقاڵ بوویت... پێم وابوو کە بۆم نالوێ بتبینم... پێم وابوو کە بەتەواوی بەرەو شێتبوون دەچم.

سوپاسگوزاری هاتنی تۆم.

**ڕۆبەرت:** سوپاس بۆ خوا! تەماشا بکە، بەڕاستی دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟

[وچانێک]

جیری دادەنیشێت.

**جێری:** من تێ ناگەم بۆچی ئەوەی پێ گوتوویت. من تێ ناگەم کە چۆن توانیویەتی ئەوەت پێ بڵێ. ناتوانم لەوە تێ بگەم. گوێ بگرە، دەزانم بەلای تۆشەوە.... تەماشاکە، ئەمڕۆ ئەوم بینی.. پێکەوە خواردمانەوە... من ئەوم نەبینیوە بۆ ماوەی.. ئەو پێی ڕاگەیاندم کە، خۆت دەزانیت، تۆ کەوتوویتە کێشەوە، ئێوە هەردووکتان... هەروەها بەردەوامیش دەبێت. من ئەوە دەزانم. مەبەستم ئەوەیە من داوای بەخشین دەکەم.

**ڕۆبەرت:** پێویست بە بەخشین ناکات.

**جێری:** بۆچی نا؟

[وچانێک]

مەسەلەکە ئەوەیە کە هیچ تێ ناگەم، بۆچی ئەوەی بەلاوە

گرینگ بووە کە پاشی ئەو هەموو ساڵە دوێنێ شەو، ئاوا لە ناکاوێکا ئەوەت پێ بڵێ.

**ڕۆبەرت:** دوێنێ شەو؟

**جێری:** بەبێ ئەوەی پرس و ڕایەکم پێ بکات. تەنانەت بەبێ ئەوەی ئاماژەیەکم پێ بدات. سەرباری ئەوەش کێ، من و تۆ...

**ڕۆبەرت:** دوێنێ شەو ئەوەی پێی نەگوتم.

**جێری:** مەبەستت لە چییە؟

[وچانێک]

من ئاگام لە دوێنێ شەو هەیە. ئەو بۆی باس کردم. دوێنێ شەو خەو نەچووەتە چاوتان، وا نەبووە؟

**ڕۆبەرت:** ئەوە ڕاستە.

**جێری:** هەروەها دوێنێ شەو... ئەو هەموو شتێکی دەربارەی من و خۆی... بۆ گێڕاویتەوە. بۆی نەگێڕاویتەوە؟

**ڕۆبەرت:** نەخێر، شتی وا نەبووە. ئەو دوێنێ شەو باسی خۆی لەگەڵ تۆ بۆ نەگێڕاومەتەوە. بەڵکو چوار ساڵ لەمەوبەر باسی خۆی لەگەڵ تۆ بۆ گێڕاومەتەوە.

[وچانێک]

لەبەرئەوە پێویستی نەکردووە دوێنێ شەو جارێکی تر بۆم دووبارە بکاتەوە. چونکە دەیزانم. بۆخۆشی دەزانێ کە من دەیزانم لەبەرئەوەی چوارساڵ لەمەوبەر بۆ خۆی ئەوەی بۆ باس کردم.

[بێدەنگی]





**جێری:** چۆن؟

**ڕۆبەرت:** ئەمەوێ دانیشم.

[ڕۆبەرت دادەنیشێ.]

گومانم هەبوو کە دەیزانی.

**جێری:** چی دەزانم؟

**ڕۆبەرت:** ئەوەی کە من دەیزانم. ئەوەی کە من بۆ چەندین ساڵ دەبێ دەیزانم. من گومانم هەبوو کە تۆ دەیزانی.

**جێری:** تۆ گومانت هەبوو کە دەیزانم.

**ڕۆبەرت:** ئەو گوتی کە تۆ نایزانی. بەڵام من باوەڕم بەوە نەدەکرد.

[وچانێک]

بەهەرحاڵ بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ تۆ ئەوە بزانی. بەڵام تۆ دەڵێی کە نەتزانیوە؟

**جێری:** ئەو کەی پێی گوتی؟

**ڕۆبەرت:** باشە، من بۆم دەرکەوت. ئەوەی کە ڕووی دا بەم جۆرە بوو. من بەوم گوت کە گومانێکی وام لا دروست بووە و ئەمجا ئەویش پشتگیری لە ڕاستییەکە کرد.

**جێری:** کەی؟

**ڕۆبەرت:** ئۆوو،

**جێری:** ئەوە زۆر دەمێکە.

[وچانێک]

**جێری:** بەڵام ئێمە بەدرێژاییی ئەو چوار ساڵە دۆستی یەک بووین... نێوانمان گەرموگوڕ بوو. نمەکی یەکترمان کردبوو.

**ڕۆبەرت:** هەرگیز پشتم لە ئەرز نەداوی.

**جێری:** من نزیکترین هاوڕێت بووم.

**ڕۆبەرت:** باشە، بەدڵنیاییی وایە.

[جێری لێی ورد دەبێتەوە و ئەمجا بەهەردوو دەستی سەری خۆی دەگرێ.]

ئۆوو، خۆت تەنگەتاو مەکە. ئەوە ناهێنێت.

[بێدەنگی]

[ جێری باری دانیشتنەکەی دەگۆڕێ.]

**جێری:** بەڵام بۆچی خانم پێی نەگوتووم؟

**ڕۆبەرت:** بەڵام هاوڕێی ئازیز من خانم نیم.

**جێری:** ئەی بۆ تۆ پێت ڕانەگەیاندووم؟

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** من پێم وابوو ڕەنگە خۆت بیزانی.

**جێری:** بەڵام تۆ بەتەواوی لەوە دڵنیا نەبووی، وا نییە؟ تۆ ئەوەت نەدەزانی!

**ڕۆبەرت:** نەخێر.

**جێری:** باشە بۆ نەهاتی پێم بڵێی؟

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** چیت پێ بڵێم؟

**جێری:** حەرامزادە ئەوەی خۆت دەتزانی.

**ڕۆبەرت:** ئۆوو، جێری پێم مەڵێ حەرامزادە.

[وچانێک]



**جێری:** ئێستا ئێمە چی بکەین؟

**ڕۆبەرت:** من و تۆ هیچ شتێک ناکەین. ژیانی هاوسەریی من کۆتایی هات. تەنیا ئەوەم لەسەرە ڕێوڕەسمی جیابوونەوەکە ڕاپەڕێنم، هیچی تر. مناڵەکانیش.

**جێری:** بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە ئەوە بەجودس بڵێی؟

**ڕۆبەرت:** چی بەجودس بڵێم؟ ئۆوو، دەربارەی تۆ و ئێما. مەبەستت لەوەیە کە ئەو ئاگای لە هیچ نییە؟ جا تۆ بەتەواوی لەوە دڵنیای؟

[وچانێک]

نەخێر، لە ڕاستییا بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە بەجودس بڵێم. لەوە ناچێ تۆ لەوە تێ بگەیت. لەوە ناچێ تۆ لەوە تێ بگەیت کە من هیچ نرخێک بۆ ئەو شتە هیچوپووچانە دانانێم. ئەوە ڕاستە یەک دوو جار من لە ئێمام داوە. بەڵام لەسەر پارێزگاریکردنی ڕەوشت و ئەو شتانە نەبووە. ئەوەی من کردوومە بەهیچ جۆرێک پێوەندیی بەکێشەی ڕەوشتپەرستییەوە نەبووە. هەست دەکەم تەنیا هەر ئەوە بووبێ کە حەزم کردووە تەمێی بکەم. هاوڕێ هەژاوەکەم... لەوە تێ گەیشتی.

[وچانێک]

**جێری:** بەڵام تۆ بۆ ساڵانێک دەبێ ناپاکیت لەگەڵیا کردووە، وا نییە؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ وایە.

**جێری:** هەرگیزیش بەوەی نەزانیوە. زانیویەتی؟

**ڕۆبەرت:** نەیزانیوە؟

[وچانێک]

**جێری:** منیش نەمزانیوە.

**ڕۆبەرت:** نەخێر، تۆ شتێکی ئەوتۆت دەربارەی هیچ شتێک نەزانیوە، بەڕاستی زانیوتە؟

[وچانێک]

**جێری:** نەخێر.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ زانیوتە.

**جێری:** بەڵێ زانیومە. من لەگەڵیا ژیاوم.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ. پاش نیوەڕۆیان.

**جێری:** هەندێ جار پاش نیوەڕۆیانی گەلێک دووروودرێژ. بۆ ماوەی حەوت ساڵ.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، تۆ بەدڵنیاییەوە هەموو شتێک لەبارەی ئەوەوە دەزانی. لەبارەی پاش نیوەڕوانی ئەو حەوت ساڵە. بەهیچ جۆرێک من هیچ شتێکی لەبارەوە نازانم.

[وچانێک]

هیوام وایە زۆر بە ناسکی لەگەڵت هەڵسوکەوتی کردبێ.

[بێدەنگی]

**جێری:** یەکتریمان خۆش دەویست.

**ڕۆبەرت:** ئێمەش هەروەها.

[وچانێک]

لەم ڕۆژانەدا لووتم بوو بەلووتی پیرە کەیسییەوە. بڕوا دەکەم کە جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ ژنەکەما هەبێ. بۆ ساڵانێکی زۆرە من و کەیسی پێکەوە تێنسمان نەکردووە. جاران زوو زوو یاریمان دەکرد.



**جێری:** کێشی زۆر زیادی کردووە.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، منیش وای دەبینم.

**جێری:** خەریکە بەتەواوی بەسەر دەچێ.

**ڕۆبەرت:** تۆ بڵێی؟

**جێری:** تۆ پێت وا نییە؟

**ڕۆبەرت:** لە چ ڕوویەکەوە؟

**جێری:** نووسینەکانی، کتێبەکانی.

**ڕۆبەرت:** ئۆو، کتێبەکانی. هونەرەکەی. هونەرەکەی لەوەدەچێ بەرەو فەوتان بچێ، لەوە ناچێ؟

**جێری:** هێشتا فرۆشی ماوە.

**ڕۆبەرت:** ئۆو، فرۆشی زۆر باشە. لە ڕاستییا فرۆشی باشە. بۆ ئێمە باشە. بۆ تۆش و بۆ منیش.

**جێری:** بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** کەسێک بۆی گێڕامەوە.. ئەوە کێ بوو.. دەبێ یەکێک بووبێ لەوانەی کە لە هۆبەی ڕاگەیاندن کار دەکەن.. ئەو ڕۆژە بوو کە کەیسی چووبوو بۆ یۆرک بۆ ئیمزاکردنی دواین کتێبی لەگەڵ کتێبفرۆشییەکە، خۆت دەزانی لەگەڵ باربارا سپرنگ، دەزانی کە خەڵکانێک بۆ چەندین کاتژمێر نۆرەیان گرتبوو تا ئیمزایەکیان لەسەر کتێبەکانیان بۆ دانێ، لە کاتێکا تەنیا پیرەژنێک و سەگەکەی لەو ڕیزەدا بوون کە دەبوو باربارا سپرنگ ئیمزا لەسەر کتێبەکەی خۆی بکات. من وای دەبینم کە باربارا سپرنگ... زۆر باشە، وا نییە؟

**جێری:** بەڵێ.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** هێشتا ئێمە دەستکەوتێکی باشمان بەهۆی کەیسییەوە دەست دەکەوێ، وا نییە؟

**جێری:** زۆر باش.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت**: بەم زووانە هیچ کتێبێکی باشت خوێندووەتەوە؟

**جێری:** من ییەتسم دەخوێندەوە.

**ڕۆبەرت:** ئەها. ییەتس، بەڵێ.

[وچانێک]

**جێری:** جارێکیان تۆ ییەتست لە تۆرسیللۆ خوێندبووەوە.

**ڕۆبەرت:** لە تۆرسیللۆ؟

**جێری:** لە یادت نەماوە؟ چەند ساڵێک لەمەوبەر. لە بەرەبەیانییەکدا بەتەنیا چووبوونە تۆرسیللۆ و لەوێ ییەتست خوێندبووەوە.

**ڕۆبەرت**: بەڵێ وابوو. شتێکی وام بۆ باس کردووی، وایە.

[وچانێک]

بەڵێ.

[وچانێک]

ئەم هاوینە بەهیوان بەخێزانەوە لە کوێ بەسەربەرن؟

**جێری:** لە نزیک دەریاچەوە.



١٩٧٥

## دیمەنی سێیەم

زستانی ١٩٧٥ باڵەخانەیەکە، جێری و ئێما دانیشتوون.

[بێدەنگی]

**جێری:** باشە بەهیوای چی بکەیت؟

[وچانێک]

**ئێما:** لە ئێستا بەدواوە ئیتر نازانم، بەتەواوی دڵنیا نیم لەوەی بەهیواین چی بکەین، ئەوە هەموو شتێکە.

**جێری:** ئممممم.

[وچانێک]

**ئێما:** مەبەستم ئەم باڵەخانەیەیە...

**جێری:** بەڵێ.

**ئێما:** تۆ کتومت ئەوەت بەیاد دێتەوە کە بۆ دواجار کەی لێرە بووین؟

**جێری:** لە هاوینا بوو، وابوو؟

**ئێما:** باشە، تۆ وای دەبینی؟

**جێری:** وا بزانم لەوە دەچێ...

**ئێما:** لە سەرەتای مانگی گەلاوێژا بوو.

**جێری:** باشە، ئەوە لە هاوینا بوو، وانەبوو؟

**ئێما:** لە ڕاستییا زۆر سارد بوو، تازە پایز دەستی پێ کردبوو.

**جێری:** ئێستا زۆر ساردە.

**ئێما:** دەچووین بۆ ئەوەی هیتەرێکی کارەبایی تر بکڕین.

**جێری:** بەڵێ، ئەوە بوو نەمکڕی.

**ئێما:** ئەوەندە بەلامانەوە گرینگ نەبوو مادامەکێ کە ئیتر ئێمە هەرگیز لێرە نابین.

**جێری:** ئێمە ئێستا لێرەین.

**ئێما:** لە ڕاستییا وا نییە.

[بێدەنگی]

**جێری:** چاکە، هەندێ گۆڕانکاری ڕوویان دا، تۆ بەهۆی ئێشەکەت و چەند شتێکی ترەوە سەرقاڵیت بۆ هاتە پێش.

**ئێما:** باشە، دەزانم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە حەزم لێی بوو ئەو کارە بکەم.

**جێری:** نا، ئەوە شتێکی مەزن بوو. بۆ تۆ سەرنجڕاکێش بوو. بەڵام تۆ نەدەبوو...

**ئێما:** ئەگەر تۆ بەرپرسی گەلەرییەک بیت دەبێت بەباشی بیبەیت بەڕێوە، دەبێت لە کاتی خۆیا لەوێ بیت.

**جێری:** بەڵام تۆ دوانیوەڕوانیش ئازاد نیت، وایە؟

**ئێما:** نەخێر.

**جێری:** ئەی کەواتە چۆن یەکتر ببینین؟

**ئێما:** بەڵام تۆش تەماشای ئەو کاتانە بکە لە دەرەوەی وڵاتی. تۆ هەرگیز لێرە نیت.



**جێری:** بەڵام دەمانێک کە لێرەم تۆ پاش نیوەڕوان بەتاڵ نیت. لەبەرئەوە هەرگیز یەکتر نابینین.

**ئێما:** دەکرێ بۆ خوانی نیوەڕوان یەکتر ببینین.

**جێری:** دەکرێ بۆ خوانی نیوەڕوان یەکتر ببینین، بەڵام ئەوە ناکرێ ئەو هەموو ڕێگەیە بۆ خواردنێکی پەلەی نیوەڕوان ببڕین. من تەمەنی ئەوەم پێوە نەماوە.

**ئێما:** من پێشنیازی وام نەکردووە.

[وچانێک]

دەزانی، لە ڕابردوودا ئێمە داهێنەر بووین، ئێمە سوور بووین لەسەر ئەوەی دەیکەین، ئەو کاتە وابوو، لەوە دەچوو مەحاڵ بێ ژوان بگرین، مەحاڵ بێ لەگەڵ ئەوەشا ژوانمان دەگرت. لێرە یەکترمان دەبینی، ئەم باڵەخانەیەمان بەکرێ گرت و کردمانە ژوانگەی خۆمان لەبەرئەوەی هەردووکمان ئەوەمان دەویست.

**جێری:** بۆ خۆمان چۆنمان ئارەزوو بکردایە وابوو، ئەوە نەبووبووە کێشەیەک ئەگەر تۆ لە دوانیوەڕوانیشدا ئازاد نەبوویتایە و منیش لە ئەمریکا بوومایە.

[بێدەنگی]

ئەوە شەوان هەر پرسیاری تێدا نەبوو تو بۆ خۆشت ئەوە دەزانی. من خێزانم هەیە.

**ئێما:** منیش خێزانم هەیە.

**جێری:** من زۆر بەباشی ئەوە دەزانم. من بەیادت دەهێنمەوە کە مێردەکەت هاوڕێیەکی کۆنمە.

**ئێما:** مەبەستت لەوە چییە؟

**جێری:** هیچ مەبەستێکم لەوە نییە.

**ئێما:** بەڵام دەتەوێ لە ڕێی ئەوەوە چی تر بدرکێنیت؟

**جێری:** خوایە. من نامەوێ هیچ شتێک بدرکێنم. زۆر بەوردی ئەوەی ویستم بیڵێم گوتم.

**ئێما:** باشە.

[وچانێک]

هەقیقەتەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەخزاینە نێو ئەندێشەوە و شەوانەمان دادەنا بۆ لێوردبوونەوە و هەموو ئامادەباشییەکمان بۆ دەخست تا خۆمان بکەین بەئوتێلێکدا.

**جێری:** ئەرێ. وامان دەکرد.

[وچانێک]

بەڵام ئەوە لە پێشا.... لە سەرەتادا بوو، بەرلەوەی ئەم باڵەخانەیە بەکرێ بگرین.

**ئێما:** شەوانێکی زۆرمان لێرەیا ڕانەبواردووە... لەم باڵەخانەیەدا.

**جێری:** نەخێر.

[وچانێک]

لە ڕاستییا بەهەرحاڵ شەوانێکی زۆر نا.

[بێدەنگی]

**ئێما:** بۆت دەکرا مانگ لە دوای مانگ کرێ باڵەخانەکە هەڵسووڕێنیت؟

**جێری:** ئۆوو...



**ئێما:** بەهەدەر دانە. کەس نایەتە ئێرە. لە ڕاستییا تەنیا ئەوەیە حەوسەڵەی ئەوەم نییە کە بیر لەوە بکەمەوە. تەنیا پووچییە. هەموو شەو و ڕۆژێک. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و شەو لە دوای شەو. مەبەستم چینی و فەخفووری و پەردەکان و کەلوپەلی سەر تەختی نووستن و ئەو شتومەکانەیە. هەروەها ئەو سەرمێزەی کە لە ڤینیسیا کڕیم [پێ دەکەنێ] هیچوپووچییە.

[وچانێک]

تەنیا هەر ماڵێکی پووچە.

**جێری:** ئەوە ماڵەکە نییە.

[وچانێک]

من دەزانم، من دەزانم تۆ چیت دەوێ، بەڵام ئەوە هەرگیز نابێ.. لە ڕاستییا ببێ بەماڵ. تۆ ماڵت هەیە. منیش ماڵم هەیە، لەگەڵ پەردە و هەموو ئەو شتانەی تر، لەگەڵ منالا، دوو منال لە دوو ماڵدا. ئێرە منالی لێ نییە، بۆیە ئێرە وەک ماڵێکی ئاسایی وا نییە.

**ئێما:** هەرگیز ئەوە ڕووی نەداوە کە ئێرە وەک ماڵێکی لێ بکرێ، وا نەبووە؟

[وچانێک]

تۆ هەرگیز ئێرەت وەک ماڵێک تەماشا نەکردووە و هیچ جۆرە هەستێکیشت بۆی نەبووە، وایە؟

**جێری:** تۆ خۆت دەزانی.... من هەر وەک شوێنێکی دانیشتن لێرەم ڕوانیوە.

**ئێما:** تەنیا بۆ ڕابواردن.

**جێری:** نەخێر بۆ خۆشەویستی.

**ئێما:** بەڵام شتێک بەناوی خۆشەویستییەوە بوونی نەماوە، بوونی هەیە؟

[بێدەنگی]

**جێری:** من لەو باوەڕەدا نیم کە ئێمە یەکترمان خۆش نەوێ.

[وچانێک]

**ئێما:** ئێ باشە.

[وچانێک]

دەتەوێ چی لە هەموو ئەو کەلوپەلانە بکەی؟

**جێری:** چۆن؟

**ئێما:** شتومەکەکان؟

[بێدەنگی]

**جێری:** دەکرێ شتێکی زۆر ئاسان بکەین ئەگەر بۆ خۆمان بمانەوێ.

**ئێما:** مەبەستت ئەوەیە کە بەنرخێکی هەرزان بیفرۆشین بەبانکس خان، ئەویش وەک باڵەخانەیەکی پڕ لە کەلوپەل بیدا بەکرێ؟

**جێری:** بەڵێ وایە. تەختی نووستنەکە لێرایا نەبوو؟

**ئێما:** گوتت چی؟

**جێری:** تەختی نووستنەکە؟

**ئێما:** تەختی نووستنەکەمان کڕی. هەموو شتێکمان کڕی. تەختی نووستنەکەمان پێکەوە کڕی.

**جێری:** ئەرێ، وابوو.



**ئێما:** کەوابوو تۆ بۆ خۆت ئەو کارە لەگەڵ بانکس خانا دەبڕێنیتەوە؟

[وچانێک]

من بۆ خۆم هیچ شتێکم ناوێت. هیچ شوێنێکم نییە شتی لێ دانێم، بۆ خۆت دەزانی بۆ خۆم ماڵم هەیە و سەرمێز و هەموو ئەو شتانەی تریشم هەیە.

**جێری:** من بۆ خۆم ئەوە لەگەڵ بانکس خانا تەواو دەکەم، بۆ پارەکەشی، بۆ خۆت دەزانی کە...

**ئێما:** نا من هیچ پارەیەکم ناوێت، زۆر سوپاست دەکەم.

[بێدەنگی.]

[ پاڵتۆکەی لەبەر دەکات]

من ئیستا دەڕۆم.

[جێری ئاوڕی لێ دەداتەوە و تەماشای دەکات]

ئەها ئەوەش کلیلەکەی منە.

[ئەڵقەی کلیلەکە دەردەهێنێ و هەوڵ دەدات کلیلەکەی لێ بکاتەوە.]

ئای خوایە.

[زۆر لە خۆی دەکا کلیلەکە دەربهێنێ، ئەڵقەکە هەڵدەدات بۆ جێری.]

هەوڵ بدە کلیلەکە دەربهێنیت.

[کلیلەکە دەگرێتەوە، تەماشای دەکات.]

بەیارمەتی دەکرێ تۆ ئەوە بکەی؟ من دەچم شارلوت لە قوتابخانەوە هەڵدەگرم و دەچینە بازاڕ.

[جێری کلیلەکە دەردەهێنێ]

ئاگات لە خۆت هەیە کە ئێستا دوا نیوەڕۆیە؟ لە خۆت ناپرسی چۆنە من لێرەم؟ ئەم دوانیوەڕۆیە گەلەرییەکەمان نەکردەوە، هەموو نیوەڕۆیەکی پێنج شەمموان پشووی گەلەرییەکەیە. دەکرێ ئەڵقەی کلیلەکانم بدەیتەوە؟

[جێری ئەڵقەی کلیلەکانی دەداتەوە.]

سوپاس. گوێ بگرە. پێم وایە کە بڕیارێکی تەواو دروستمان دا.

[ئێما دەچێتە دەرەوە.]

[جێری لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە.]



١٩٧٤

## دیمەنی چوارەم

[ماڵی ڕۆبەرت و ئێمایە. ژووری دانیشتنە. پایزی ١٩٧٤ڕۆبەرت خواردنەوە بۆ جێری تێ دەکات و دواتر بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات.]

**ڕۆبەرت:** ئێما! جێری لێرەیە!

**ئێما:** [دەنگی دێ] کێ؟

**ڕۆبەرت:** جێری.

**ئێما:** ئێستا دێمە خوارەوە.

ڕۆبەرت خواردنەوە دەداتە دەست جێری.

**جێری:** بەخۆشیت!.

**ڕۆبەرت:** بەخۆشیت. ئێما خەریکی نواندنی نێدە. پێم وایە هەرئەوەندەی تۆزێک ئیتر بۆ خۆی دەفڕێ.

**جێری:** بۆ کوێ دەفڕێ؟

**ڕۆبەرت:** بەرەو سەرزەمینی خەو.

**جێری:** ئەهها. بەڵێ، لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا خەوت چۆن بوو؟

**ڕۆبەرت:** چۆن؟

**جێری:** خەوت هەر وا خراپە؟ مەبەستم بەهۆی نێدەوە؟

**ڕۆبەرت:** ئەهها، تێگەیشتم. نا باشە، نەخێر ئیستا باشتر بووە. بەڵام دەزانی بۆ ئەوە چی دەڵێن؟

**جێری:** چی دەڵێن؟

**ڕۆبەرت:** دەڵێن کوڕان لە کچان خراپترن.

**جێری:** خراپ؟

**ڕۆبەرت:** ساوا. دەڵێن ساوای نێرینە لە ساوای مێینە زیاتر دەگری.

**جێری:** تۆ بڵێی وابێ؟

**ڕۆبەرت:** هەستتان بەوە نەکردووە لای ئێوەش هەمان مەسەلە هەبووبێ؟

**جێری:** ئەها.. با. هەستمان پێ کردووە، ئێوەش؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ. چی لەوە هەڵدەکرێنیت؟ پێت وایە بۆچی دەبێ ئەوە وا بێت؟

**جێری:** باشە بۆ ئەوە دەچم، بەو هۆیەوە بێ کە کوڕان زیاتر نائارامتر بن.

**ڕۆبەرت:** ساوای نێرینە؟

**جێری:** بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** باشە توخوا پێم ناڵێی دەبێ لەو تەمەنەیا نائارامی چی بن، تۆ چۆن ئەوە دەبینی؟

**جێری:** ڕەنگە ئەوە بێ کە ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە. پێم وابێ بەجێهێشتنی ڕەحم و ئەو جۆرە مەسەلانە.

**ڕۆبەرت:** ئەی چی دەربارەی ساوای مێینە دەڵێی؟ خۆ ئەوانیش لە ڕەحم جیا نابنەوە.



**جێری:** ئەوە ڕاستە. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە کەس ئەوەندە خۆی لە قەرەی ساوای مێینە نەداوە کاتێ ڕەحمی دایکیان بەجێ دەهێڵن، کەس خۆی لە قەرەی ئەوە داوە؟

**ڕۆبەرت:** من خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکەم.

**جێری:** ئێ باشە. دەتەوێ بڵێی چی؟

**ڕۆبەرت:** من پرسیارێکم لێ کردی؟

**جێری:** پرسیاری چی؟

**ڕۆبەرت:** بۆچی زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگری کە ساوای نێرینە گیروگرفتاویتر لە ساوای مێینە ڕەحمی دایکیان بەجێ دەهێڵن؟

**جێری:** من پێ داگیریم لە شتی وا کردووە؟

**ڕۆبەرت:** تۆ زیاتر لەوە پێت لێ داگرتووە و وامان تێ دەگەیەنی کە مناڵی نێرینە لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانا نیگەرانییان لە مناڵی مێینە زیاترە.

**جێری:** تۆ بۆ خۆت بڕوا بەوە دەکەی کە ئەوە مەسەلەیەک بێ؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، دەیکەم.

[وچانێک]

**جێری:** چۆن بیر لەو مەسەلەیە دەکەیتەوە؟

**ڕۆبەرت:** وەڵامم بۆی نییە.

[وچانێک]

**جێری:** پێت وایە ئەوە شتێک بێ کە سەروبەندی بەجیاوازی ڕەگەزەوە هەبێ؟

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** ئای خوای گەورە، تۆ زۆرباشی بۆ چوویت. دەبێ هەر ئەوە بێ.

[ئیما دێتە ژوورەوە]

**ئێما:** بەخێربێی. ئەوە چۆن بوو.

**جێری:** لەگەڵ کەیسییا چامان دەخواردەوە.

**ئێما:** لە کوێ؟

**جێری:** ئا لێرە لە نزیکی ئەم گۆشەیەی ماڵی ئێوەوە.

**ئێما:** پێم وابوو ئەو ئیستا لە هامپستەد یان لە جێیەکی تر بژی.

**ڕۆبەرت:** تۆ لە گوێی گایا نووستوویت.

**ئێما:** من؟

**ڕۆبەرت:** لەگەڵ سۆزانا جیابوونەوە. لەم نزیکانە هەر خۆی بەتەنیا دەژی.

**ئێما:** ئۆووو.

**ڕۆبەرت:** خەریکی نووسینی ڕۆمانێکە لەسەر پیاوێک کە ژنەکەی و سێ منداڵی بەجێ دەهێڵێ و دەڕوات لە بەشێکی تری لەندەنا بەتەنیا بژی و ڕۆمانێک لەسەر پیاوێک بنووسێ کە ژنەکەی و سێ منداڵی خۆی بەجێ دەهێڵێ...

**ئێما:** هیوام وایە لە ڕۆمانەکەی تری باشتر بێ.

**ڕۆبەرت:** ئەوەی پێشووتری؟ ئەها، ئەوەی پێشووتری. ئەوە نەبوو کە دەربارەی پیاوێک دەدوا کە لە خانوویەکی گەورەدا لە هامپستەد لەگەڵ ژنەکەی و سێ منالا دەژیا و ڕۆمانێکی



دەنووسی دەربارەی....

**جێری:** [بۆ ئێما] بۆچی حەزت پێی نەبوو؟

**ئێما:** لە ڕاستییا ئەوەم بۆ باس کردووی.

**جێری:** پێم وایە ئەوە باشترین شتێک بێ کە ئەو نووسیویەتی.

**ئێما:** لەوانەیە ئەوە باشترین شتێک بێ کە ئەو نووسیویەتی، بەڵام هێشتا بەتەواوی ڕاستگۆ نییە.

**جێری:** ڕاستگۆ نییە؟ لە چ ڕوویەکەوە ڕاستگۆ نییە؟

**ئێما:** لە ڕاستییا ئەوەم بۆ باس کردووی.

**جێری:** بۆت باس کردووم؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ بۆی باس کردووی. ئەو جارە بوو کە هەموومان پێکەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد، لە یادمە، من و تۆ و ئێما و جودس، ئەوە لە کوێ بوو، لە کاتی شیرینی خواردنا ئێما لەسەر ناڕاستگۆیی لای کەیسی قسەی دەکرد بەتایبەتی لەسەر دواین ڕۆمانی" وشکبوونەوە" ئەو ڕۆمانەی کە زۆر ڕەواجی هەبوو. بەداخەوە دەبوو جودس لە نیوەی قسەکانمانا بەجێمان بێڵێ و بچێ بۆ ئیشەکەی لە نەخۆشخانە. بەو بۆنەیەوە جودس چۆنە؟

**جێری:** زۆر باشە.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** کەی بچین بۆ ئەوەی یارییەکی تێنسی سەر زەوی بکەین؟

**جێری:** تۆ لەوەدا زۆر باشی.

**ڕۆبەرت:** بەهیچ جۆرێک. من بەهیچ جۆرێک لەوەدا باش نیم. تەنیا ئەوەیە لە تۆ بەدەستوبردترم.

**جێری:** بەڵام بۆچی؟ بۆچی لە من بەدەستوبردتری؟

**ڕۆبەرت:** لەبەرئەوەی من یاریزانی تێنسم.

**جێری:** ئەها، تۆ بەردەوام یاری دەکەیت؟

**ڕۆبەرت:** ئممم.

**جێری:** لەگەڵ کێ؟

**ڕۆبەرت:** زیاتر لەگەڵ کەیسییا.

**جێری:** کەیسی؟ ئای خوای گەورە. باش یاری دەکات؟

**ڕۆبەرت:** هەتا بڵێی یاریزانێکی لێهاتووی تێنسە. نەخێر لە ڕاستییا چەند ساڵێک دەبێ یاریمان نەکردووە، دەبێ یاری بکەین. هەروەها تۆش باشی.

**جێری:** بەڵێ، منیش زۆر باش بووم. چاکە. پێوەندیت پێوە دەگرم.

**ڕۆبەرت:** بۆچی پێوەندیم پێوە دەگری؟

**جێری:** تا ڕۆژێک دیاری بکەین.

**ڕۆبەرت:** باشە.

**جێری:** بەڵێ دەبێ ڕۆژێک دیاری بکەین.

**ڕۆبەرت:** پاشی ئەوەش من داوەتت دەکەم بۆ نانی نیوەڕۆ.

**جێری:** نا، نا من داوەتی نانی نیوەڕۆت دەکەم.

**ڕۆبەرت:** ئەوەی بردییەوە با ئەو داوەت بکات.

**ئێما:** دەتوانم تەماشاتان بکەم.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** وتت چی؟

**ئێما:** بۆچی نابێ من تەماشاتان بکەم و دوای ئەوەش هەردووکتان



بەرم بۆ نانی نیوەڕۆ؟

**ڕۆبەرت:** چاکە، بۆ ئەوەی تەواو ڕاستگۆ بم، ئێمە لە هەقیقەتا نامانەوێ ژن لە دەوروپشتمان بێ، جیرێ تۆ دەڵێی چی؟ مەبەستم ئەوەیە کە یاریی تێنس هەر یارییەکی تێنس نییە و هیچی تر، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە. وەک دەبینی لەپێشا یاری دەکەی ئەمجا دوای ئەوە ئاوێک دەکەی بەخۆتا، ئەمجا خاڵ گرتن هەیە، دوای ئەوەش نانی نیوەڕۆ هەیە. پاشی هەموو شتێک دەبێ هەوڵی بردنەوە بدەی، ئەوەش مەیدانی جەنگە. ئەوەی چاوەڕێی دەکەیت خاڵی زۆر و نانی نیوەڕۆیە. لە ڕاستییا پێت خۆش نییە ژن نانی نیوەڕۆت بۆ بکڕێ. هەقیقەتت دەوێ پێت خۆش نییە بەچەند فرسەخیش ژن لەو شوێنەوە نزیک بێ، بەڵکو هەر ناتەوێ لەو ناوچەیەشەوە نزیک بێ. پێت خۆش نییە ژن لە خانەی تێنسەکەتا بێ، ناتەوێ ژن لە گەرماوەکەتا ببینی، لە یانەکەتا بێ و بچێ. تەنانەت لە چێشتخانەکەش. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا دەتەوێ لەگەڵ هاوڕێیەکەتا بەبێ ترس و بەبێ ئەوەی کەس خەریکت بکا باسی تێنس و پێشبڕکێی تێنس بکەی، یان باسی کتێب و دووریش نییە باسی ئافرەتیش بکەین. تۆ دەڵێی چی، جێری؟

**جێری:** بۆ چەند ساڵ دەچێ یاریی تێنسم نەکردووە.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** باشە با بیخەینە هەفتەی داهاتووەوە.

**جێری:** هەفتەی داهاتوو ناتوانم، لە نیویۆرک دەبم.

**ئێما:** بەڕاستتە؟

**جێری:** من لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرەکانی خۆما دەچم بۆ ئەوێ؟

**ئێما**: ئەوە کێیە؟

**ڕۆبەرت:** کەیسی. کەسێک دەیەوێت ئەو ڕۆمانەی کە تۆ خۆشیت پێی نایە، بکاتە فیلم. دەچینە ئەوێ تا قسە لەسەر ئەوە بکەین. چەندوچوونی زۆری تێ دەکەوێت چ لە لای ئێمەوە و چ لەلای ئەوانیشەوە. کەیسی خۆشی زۆر بەو گەشتە دێ.

**ئێما:** ئەی بەلای تۆوە؟

**جێری:** چۆن؟

**ئێما:** ئەو گەشتەت پێ خۆشە؟

**ڕۆبەرت:** جودس لەگەڵت دێ؟

**جێری:** نەخێر. بۆ خۆشی ناتوانێ بەتەنیا بڕوات. کە گەڕامەوە یاریی تێنسەکەمان دەکەین پێکەوە. هەفتەی داهاتوو یان بەلایەنی کەمەوە دە ڕۆژی تر.

**ڕۆبەرت:** زۆرم پێ خۆشە.

**جێری:** [بۆ ئێما] لای ئێوەم خۆش. سوپاس بۆ خواردنەوەکە.

**ئێما:** خوات لەگەڵ.

[ڕۆبەرت و جێری دەچنە دەرەوە.]

[ئێما بەتەنیا دەمێنێتەوە.]

ڕۆبەرت دەگەڕێتەوە. ئێما ماچ دەکات. ئێماش پێی خۆشە و خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە و سەری دەخاتە سەر شانی، بەهێواشی دەگری. ڕۆبەرت لە باوەشی دەکات.



١٩٧٣

## دیمەنی پێنجەم

هاوینی ساڵی ١٩٧٣ ژووری ئوتێلێکە لە ڤینیسیا. ئێما لەسەر تەختی نووستنەکە دەخوێنێتەوە. ڕۆبەرت لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات. ئێما بۆ تاوێک لە ڕۆبەرت دەڕوانێ و سەری دەخاتەوە سەر کتێبەکەی.

**ئێما:** بەیانی لە تۆرسیللۆین؟

**ڕۆبەرت** :چۆن؟

**ئێما:** بەیانی ناڕۆین بۆ تۆرسیللۆ؟

**ڕۆبەرت:** ئەرێ، دەڕۆین.

**ئێما:** زۆر خۆش دەبێ.

**ڕۆبەرت:** ئممم.

**ئێما:** ئەمشەوم لێ ناڕوا .

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** ئەو کتێبە باشە؟

**ئێما:** ئممم. باشە.

**ڕۆبەرت:** کتێبی چییە؟

**ئێما:** کتێبێکی تازەی ئەو کابرایەیە، سپانکس.

**ڕۆبەرت:** ئێ ئێ دەزانم، جێری بۆی باس کردم.

**ئێما:** جێری بۆی باس کردووی؟

**ڕۆبەرت:** هەفتەی ڕابردوو لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بۆی باس کردم.

**ئێما:** بەڕاستتە؟ پێی باش بوو؟

**ڕۆبەرت:** سپانکس ئەو گەنجەیە کە خۆی ناسی کردووە.

**ئێما:** ئۆوو، من ئەوەم نەزانیوە.

**ڕۆبەرت:** دەستنووسەکەی تا بڵێی بێزارت دەکات.

[وچانێک]

تۆ پێت وایە باشە، وا نییە؟

**ئێما:** ئەرێ، پێم باشە. زۆرم حەز لێیە.

**ڕۆبەرت:** هەروەها جێریش پێی باش بوو. وا پێویست دەکا ڕۆژێک لەگەڵمان ئامادەی خوانی نیوەڕۆ بی و گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**ئێما:** ئایا ئەوە پێویست دەکات؟

[وچانێک]

ئەوە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش نییە.

**ڕۆبەرت:** مەبەستت ئەوەیە کە پێت باش نییە لەگەڵ من و جێری ئامادەی خوانی نیوەڕۆ بی و گفتوگۆی لەبارەوە بکەین؟

**ئێما:** تۆ پێم ناڵێی باسی چی دەکەی؟

**ڕۆبەرت:** دەبێ بۆ خۆم جارێکی تر بەچاپکراوی بیخوێنمەوە.

**ئێما:** جارێکی تر؟

**ڕۆبەرت:** جێری دەیەوێت بۆی چاپ بکەین.



**ئێما:** ئەها بەڕاستتە؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ بێگومان. بەهەرحاڵ من پشتگوێم خستووە.

**ئێما:** بۆچی؟

**ڕۆبەرت:** ئۆو، لە ڕاستییا ئەو بابەتە هی ئەوە نییە زۆر قسەی لەسەر بکەین؟

**ئێما:** دەبێ بابەتەکەی بەلای تۆوە چی بێ؟

**ڕۆبەرت:** ناپاکی.

**ئێما:** نەخێر، شتی وا نییە.

**ڕۆبەرت:** شتی وا نییە؟ ئەی کەوابێ چییە؟

**ئێما:** من هێشتا تەواوم نەکردووە. دوایی ئاگەدارت دەکەمەوە.

**ڕۆبەرت:** چاکە، هەر کاتێ تەواو بووی پێم بڵێ.

[وچانێک]

بێگومان، ڕەنگە من لەگەڵ کتێبێکی ترا بەهەڵەدا چووبم.

[بێدەنگی]

لەبیرم چوو پێت بڵێم، دوێنێ چووم بۆ پۆستەخانەی ئەمریکی.

[ئێما تەماشای دەکات.]

**ئێما:** ئێ؟

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، چووم چەکێکی گەشتوگوزار بکەم بەپارە. دەزانی لەوێ نرخی پارەکە لە چاو ئوتێلەکە زۆری زیاترە.

**ئێما:** ئۆوو، بەڕاستتە؟

**ڕۆبەرت:** ئەها بەڵێ. بەهەرحاڵ، لەوێ نامەیەکی لێ بوو بۆ تۆ هاتبوو. دەربارەی ئەوە پرسیاریان لێ کردم کە هیچ پێوەندییەکم لەگەڵ

تۆ هەیە، گوتم ئەرێ. ئیتر داوایان لێ کردم کە دەتوانم نامەکەت بۆ بهێنم. مەبەستم ئەوەیە دایان بەدەستی منەوە. بەڵام من پێم گوتن نەخێر، من لەگەڵ خۆمی نابەم. نامەکەت لێ وەرگرتن؟

**ئێما:** بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** پێم وایە دوێنێ ئێوارە کە چوویت بۆ بازاڕ لەوێوە چوویت ئەویشت وەرگرتبێ.

**ئێما:** بەڵێ وابوو.

**ڕۆبەرت:** ئێ ئێ زۆر چاکە، پێم خۆشە وەرت گرتووە.

[وچانێک]

تا لەگەڵت ڕاستگۆ بم، زۆرم بەلاوە سەیر بوو کە داوایان لێم کرد نامەکەت بۆ وەربگرم. شتی وا هەرگیز لە ئینگلتەرە ڕوو نادات، بەڵام ئەم ئیتالییانە... زۆر بێ باکن و گوێ بەهیچ نادەن. مەبەستم ئەوەیە هەر لەبەرئەوەی کە ناوی باپیرەی من دۆنزە و ناوی باپیرەی تۆش دۆنزە، ئیتر ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە ژن و مێرد بین و هەمان ئەو خاتوو دۆنز و کاک دۆنزە بین کە لە قەدی نامەکە نووسراوە، بەڵام بەگاڵتەجاڕییەکەیاندا کە گاڵتەجاڕییەکی تایبەت بەدەریای سپیی ناوەڕاست بوو وایان نیشان دەدا کە ئێمە ئەو ژن و مێردە بین. بەڵام لە هەقیقەتا زۆریش دوور نییە کە تەواو بێگانە بین بەیەکتری. کەواتە با گریمانی ئەوە بکەین کە من، ئەو کەسەم کە گاڵتەجاڕییەکەیان وای نیشان دەداکە مێردی ئێوەبم، خۆم وەک مێردی ئێوە دەناسێنم و نامەکەیان لێ وەردەگرم. بەڵام لە ڕاستیشا وا نییە



و کەسێکی بێگانەم و نامەکە دەکەمەوە و هەر تەنیا بۆ خۆشی دەست دەکەم بەخوێندنەوەی و دوای ئەوەش فڕێی دەدەمە ناو ڕووبارەکەوە. ئیتر تۆ هەرگیز ئەو نامەیەت پێ ناگا و لە هەقی کردنەوەی ئەو نامەیەش بێبەش دەبی، هەموو ئەوەش بەهۆی کەمتەرخەمیی پیاوێکی ڤینیسیاییەوەیە. بیر لەوە دەکەمەوە کە دەربارەی ئەو مەسەلەیە نامەیەک بۆ لێپرسراوی ڤینیسیا بنێرم.

[وچانێک]

بیرکردنەوە لەوەی کە دوور نییە من کەسێکی بێگانە بم بەتۆ، وای لێ کردم کە نامەکە وەرنەگرم و بۆتی نەهێنم.

[وچانێک]

ئەوەی بێگومان کە ئەوان منیان نەدەناسی و بەهیچ جۆرێکیش بۆیان نەدەکرا لەوە دڵنیابن کە من مێردی تۆم یان نا.

**ئێما:** گرووهێکی تەواو هیچ لەبارا نەبوون.

**ڕۆبەرت:** تەنیا بەهۆی گاڵتەجاڕییەکی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆیانەوە.

[وچانێک]

**ئێما:** نامەیەک بوو لە جێرییەوە.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، دەستوخەتەکەیم ناسییەوە.

[وچانێک]

هەواڵی چۆنە؟

**ئێما:** باشە.

**ڕۆبەرت:** زۆرباشە، ئەی جودس؟

**ئێما:** باشە.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** ئەی منداڵەکان؟

**ئێما:** بە هیچ جۆرێک باسی ئەوانی تێدا نەکردووە.

**ڕۆبەرت:** کەواتە لەوە دەچێت زۆر باش بن. ئەگەر منداڵەکان ناساخ بوونایە یان هەر شتێکی تر هەبووایە، بڕوا دەکەم باسی دەکرد.

[وچانێک]

هیچ هەواڵێکی تری تێدا نییە؟

**ئێما:** نەخێر.

[بێدەنگی]

**ڕۆبەرت:** هەر بیر لە تۆرسیللۆ دەکەیتەوە؟

[وچانێک]

تا ئێستا چەند جار چووینەتە تۆرسیللۆ؟ دوو جار. یەکەم جار کە تۆم برد بۆ ئەوێ لە یادمە چەندت حەز لێی بوو. هەر زۆر شێت و شەیدای بوویت. ئەوە ماوەی دە ساڵ بەر لە ئێستا بوو، وا نەبوو؟ دەوروبەری.. شەش مانگ دوای هاوسەرگیرییەکەمان بوو؟ بەڵێ، لە یادت ماوە؟ بیر لەوە دەکەمەوە تۆ بڵێی بەیانیش بەهەمان ئەندازە پێت خۆش بێ؟

[وچانێک]

نامەکانی جێریت پێ چۆنە؟

[پێکەنینێکی کورتی ئێما.]



بۆ وا دەلەرزی، سەرماتە؟

**ئێما:** نەخێر.

**ڕۆبەرت:** جارێکیان نامەیەکی درێژی دەربارەی فۆرد ماداکس فۆرد بۆ ناردم. هەروەها ئەوەت لە بیر بێ کە منیش نامەم بۆ ئەو ناردووە، پێم وابێ نامەیەکی دوورودرێژ بوو دەربارەی... ئەها، ولیەم باتلەر ییەتس . ئەمە ئەو کاتە بوو کە هەردووکمان ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکی شیعر بووین. ئەو لە کێمبرج و منیش لە ئۆکسفۆرد. ئەوەت دەزانی؟ هەردووکمان لە هەرەتی لاوییا بووین و دوو هاوڕێی نزیکی یەک بووین. چاکە ئێستاش دوو هاوڕێی نزیکی یەکین. ئەوە زۆر بەر لەوەبوو کە تۆ بناسم. زۆر پێش لەوەش کە ئەو تۆ بناسێ. هەوڵ دەدەم ئەوە بەیادی خۆم بهێنمەوە کە کەی بوو ئەوم بەتۆ ناساند. ئەوەم بەئاسانی ناکەوێتەوە یاد. ئەوە دەزانم کە من ئەوم بەتۆ ناساند؟ بەڵام کەی؟ تۆ ئەوەت بەیاد دێتەوە؟

**ئێما:** نەخێر.

**ڕۆبەرت:** بۆت ناکرێ؟

**ئێما:** نەخێر.

**ڕۆبەرت:** چەند سەیرە.

[وچانێک]

لە ئاهەنگەکەماندا ئەو دۆستێکی نزیک بوو، وا نییە؟

**ئێما:** تۆ بۆ خۆت دەزانی کە وابوو.

**ڕۆبەرت:** ئەرێ وایە، کەواتە، لەوەدەچێ هەر ئەو کاتە بووبێ کە بەتۆم ناساندبێ.

[وچانێک]

لە نامەکەیدا هیچ پەیامێکی بۆ من ناردووە؟

[وچانێک]

مەبەستم ئەوەیە هەر شتێک پێوەندیی بەئیش و کارەوە هەبێ، دنیای چاپ و بڵاوکردنەوە. هیچ بەهرەیەکی تازە و ڕەسەنی ناس نەکردووە؟ ئەو جێرییە پیرە لەوەدا زۆر بەهرەمەندە کە بەهرەی تازە ناس بکات.

**ئێما:** هیچ پەیامێکی بۆ تۆ نییە.

**ڕۆبەرت:** هیچ پەیامێک. تەنانەت ڕێز و خۆشەویستیش؟

[بێدەنگی]

**ئێما:** ئێمە ئەویندارى یەکین.

**ڕۆبەرت:** ئەها. بەڵێ. پێم وابوو شتێکی وا لە ئارادا هەبێ. شتێک سەروبەندی بەسۆزدارییەوە هەبێ.

**ئێما:** کەی؟

**ڕۆبەرت:** چۆن؟

**ئێما:** کەی بیرت لە شتێکی وا کردەوە؟

**ڕۆبەرت:** دوێنێ. تەنیا دوێنێ. ئەو کاتەی کە دەستوخەتی ئەوم لەسەر نامەکە بینی. بەر لە دوێنێ تەواو بێ ئاگا بووم لە شتێکی وا.

**ئێما:** ئەها.

[وچانێک]

بمبەخشە.

**ڕۆبەرت:** بتبەخشم؟



[بێدەنگی]

ژوانتان لە کوێ دادەنا؟ لەوانەیە تۆزێ ئاسان نەبووبێ. ئێمە دوو منداڵمان هەیە، ئەویش دوو منداڵی هەیە، ئەوە پێویست ناکات باسی ژنەکەی بکرێ..

**ئێما:** باڵەخانەیەکمان بەکرێ گرتووە.

**ڕۆبەرت:** ئێ ئێ.

[وچانێک]

خۆشە؟

[وچانێک]

باڵەخانەکە دەڵێم. لەوەدەچێ باشتان ڕازاندبێتەوە کە بۆ.. ئەویندارى؟

**ئێما:** بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** ئەمە لە کەیەوە؟

**ئێما:** ماوەیەکە.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، بەڵام بەتەواوی لە کەیەوە؟

**ئێما:** پێنج ساڵە.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** نێد تەمەنی یەک ساڵە.

[وچانێک]

گوێت لێ بوو چیم گوت؟

**ئێما:** بەڵێ. ئەو کوڕی هەقی خۆتە. جێری لەو کاتەدا بۆ دوو مانگ لە ئەمریکا بوو.

[بێدەنگی]

**ڕۆبەرت:** لە ئەمریکاشەوە نامەی بۆ دەناردی؟

**ئێما:** بێگومان. منیش بۆ ئەوم ناردووە.

**ڕۆبەرت:** پێت گوتبوو کە سکت بەنێد هەیە؟

**ئێما:** بەنامە نا.

**ڕۆبەرت:** بەڵام کاتێ کە ئەوەت پێ گوت پێی خۆش بوو کە من دەبم بەباوکی؟

[وچانێک]

من هەمیشە جێریم خۆش ویستووە. بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بم، هەمیشە جێریم خۆش ویستووە تەنانەت زۆر زیاتر لەوەی کە تۆم خۆش ویستووە. لەوەدەچێ بۆ خۆم لەو بارەیەوە لەگەڵیا قسە بکەم.

[بێدەنگی]

پێم بڵێ هێشتا هەر بەهیوای ئەوەی گەشت بۆ تۆرسیللۆ بکەین؟



ڕۆژگارێکی پاشتری ١٩٧٣

## دیمەنی شەشەم

[هاوینی ١٩٧٣ لە باڵەخانەیەکدا ئێما و جێری ڕاوەستاون و یەکتری ماچ دەکەن. ئێما سەبەتەیەک و بەستەیەکی بەدەستەوەیە.]

**ئێما:** ئازیزەکەم.

**جێری:** ئازیزەکەم.

[بەردەوام دەبێ لە باوەشکردنی ئێما، ئێما پێ دەکەنێ.]

**ئێما:** دەبێ ئەوە لە شوێنێ دانێم.

سەبەتەکە دەخاتە سەر مێزەکە.

**جێری:** ئەوە چی تێدایە؟

**ئێما:** نانی نیوەڕۆ.

**جێری:** چۆن؟

**ئێما:** شتێک کە تۆ حەزت لێیەتی.

[جێری شەرابی بۆ تێ دەکات.]

من چۆن دەنوێنم؟

**جێری:** شۆخ و شەنگ.

**ئێما:** جوان دەنوێنم.

**جێری:** هەر زۆر جوان.

[پێکی شەراب دەداتە دەست ئێما.]

**ئێما:** [قومی لێ دەدات] ئمممم.

**جێری:** پێت چۆنە؟

**ئێما:** زۆر بەتامە.

**جێری:** چوویت بۆ تۆرسیللۆ؟

**ئێما:** نەخێر.

**جێری:** بۆچی نا؟

**ئێما:** ئۆو، نازانم بۆچی. خاوەن پاپۆڕەکان نازانم مانیان گرتبوو لە ئیش یان چی.

**جێری:** مانیان گرتبوو؟

**ئێما:** بەڵێ. ئەو ڕۆژەی کە دەبوو بڕۆین.

**جێری:** ئەها، ئەی بەلەمەکان؟

**ئێما:** ناتوانی بەبەلەم بگەیتە تۆرسیللۆ.

**جێری:** باشە، لە ڕۆژگاری خۆیدا هەر بەلەمیان بەکار دەهێنا، وا نەبوو؟ بەرلەوەی پاپۆڕ بەکار بهێنن.

ئەی تۆ پێت وایە خەڵکان چۆن دەچوون بۆ ئەوێ؟

**ئێما:** ئەوە چەند کاتژمێرێک دەخایەنێت.

**جێری:** بەڵێ، ئەوە ڕاستە.

[وچانێک]

نامەکەتم پێ گەیشت.



**ئێما:** زۆر باشە.

**جێری:** ئەوەی منت پێگەیشت؟

**ئێما:** بێگومان. غەریبیت دەکردم؟

**جێری:** بەڵێ. لە ڕاستییا من باش نەبووم.

**ئێما:** چۆن؟

**جێری:** نا هیچ نییە. لەوە دەکات مێشوولەیەک یان مێروویەک پێوەی دابم.

[ئێما ماچی دەکات.]

**ئێما:** غەریبیم دەکردی.

[ئێما ڕووی وەردەگێڕێ و لە دەوروپشتی خۆی دەڕوانێ.]

لەوە دەکات بەهیچ جۆرێک.... لێرە نەمابیتەوە؟

**جێری:** نەخێر.

**ئێما:** پێویستی بەگسکدانێک هەیە.

**جێری:** جارێ وازی لێ بهێنە.

[وچانێک]

ئەم بەیانییە لەگەڵ ڕۆبەرت قسەم کرد.

**ئێما:** ئەها.

**جێری:** ڕۆژی پێنجشەمە داوەتی دەکەم بۆ خوانی نیوەڕۆ.

**ئێما:** پێنجشەمە؟ بۆچی؟

**جێری**: ئەمجارە نۆرەی منە داوەتی بکەم.

**ئێما:** نا، مەبەستم ئەوەیە بۆچی داوەتی دەکەی بۆ خوانی نیوەڕۆ؟

**جێری:** لەبەرئەوەی نۆرەی منە، جاری پێشووتر ئەو منی داوەت کرد بۆ خوانی نیوەڕۆ.

**ئێما:** تۆ دەزانی من مەبەستم چییە.

**جێری:** نەخێر، چییە؟

**ئێما:** مەبەستت یان هۆی ئەو داوەتە چییە؟

**جێری:** هیچ مەبەست و هۆیەک نییە. ئەوە بۆ چەندین ساڵە ئەو نەریتەمان هەیە. نۆرەی من لە دوای ئەو دێ.

**ئێما:** تۆ لە من تێ ناگەیت.

**جێری:** ئەوە بەڕاستتە، بۆ؟

**ئێما:** باشە، زۆر بەسادەیی ئێوە جارجارە یەکتری دەبینن، یان نیوەڕۆ خوانتان پێکەوە هەیە تا بەتایبەتی باسی نووسەرێک یان کتێبێکی تازە بکەن، وا نییە؟ بۆ هەموو ئەو دانیشتن و داوەتانە هیچ بابەت و پرسێک لە ئارادا نییە؟

**جێری:** باشە، بۆ ئەم جارەیان هیچ شتێکی وا لەئارادا نییە.

[وچانێک]

**ئێما:** ئەم ماوەیەی کە من لێرە نەبووم هیچ نووسەرێکی تازەتان ناس نەکردووە؟

**جێری:** نا. سام لەسەر پاسکیل کەوتە خوارێ.

**ئێما:** وا مەڵێ.

**جێری:** زۆر خراپ کەوت، بۆ ماوەی خولەکێک لە هۆش خۆی چوو.

**ئێما:** خۆت لەگەڵیا بووی؟

**جێری:** نا جودسی لەگەڵ بوو. ئیستا باش بووە. ئەمجا منیش ئەو



مێشوولەیەم تووش بوو.

**ئێما:** ئۆی ئازیزەکەم.

**جێری:** لەبەرئەوە من نەپەرژاومەتە سەر هیچ شتێ.

**ئێما:** بەگەڕانەوەی من هەموو شتێک باش دەبێ.

**جێری:** وایە.

**ئێما:** ئۆو، ئەو کتێبەی سپانکسم خوێندەوە کە تۆ داتمێ.

**جێری:** بەلاتەوە چۆن بوو؟

**ئێما:** زۆر باش بوو.

**جێری:** ڕۆبەرت ڕقی زۆر لێی بوو. نایەوێ چاپی بکات.

**ئێما:** شێوەی چۆنە؟

**جێری:** کێ؟

**ئێما:** سپانکس.

**جێری:** سپانکس؟ پیاوێکی زۆر لاوازە. تەمەنی هەر پەنجا ساڵێک دەبێ و نابێ. شەو و ڕۆژ چاویلکەیەکی ڕەش لە چاو دەکات. لە ڕاستییا لە ژوورێکی بەکەلوپەل بەکرێدراوی وەک ئەمەی ئێمە بەتەنیا دەژی. حەزی بەهەرا و قەرەباڵغی نییە.

**ئێما:** ژوورێکی ئامادەکراوی پێ خۆشە؟

**جێری:** بەڵێ.

**ئێما:** هەروەها منیش پێم خۆشە. ئەی تۆ؟ تۆش ئەوەت پێ خۆشە؟ ماڵەکەمان؟

**جێری:** ئەوە شتێکی زۆر خۆشە کە تەلەفونمان نییە.

**ئێما:** ئەوەش خۆشە کە منت هەیە؟

**جێری:** هەر زۆر چاکە.

**ئێما:** خواردنت بۆ ساز دەکەم و خزمەتت دەکەم.

**جێری:** بەڵێ وایە.

**ئێما:** لە ڤینیسیا دیارییەکم بۆ خانووەکە کڕی.

[ ئێما بەستەکە دەکاتەوە و سەرمێزێک دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر مێزەکە.]

پێت جوانە؟

**جێری:** زۆر جوانە.

**ئێما:** لەو باوەڕەدای هەرگیز پێکەوە ڕێمان بکەوێتە ڤینیسیا؟

[وچانێک]

نەخێر، بڕواناکەم بۆمان هەڵبکەوێ.

[وچانێک]

**جێری:** بەهۆی ئەو کێشەیەوە تۆ پێت وایە ڕۆژی پێنجشەممە یان هەینی نابێ ڕۆبەرت داوەت بکەم بۆ نانی نیوەڕۆ؟

**ئێما:** بۆچی وا دەڵێی؟

**جێری:** تۆ پێت وایە کە ئیتر پێویست ناکات هەر بەیەکجاریش بیبینم؟

**ئێما:** من شتی وام نەگوتووە. چۆن دەکرێ نەیبینی؟ گێل مەبە.

**جێری:** کە تۆ لێرە نەبووی گرفتارییەکی زۆر ترسناک دای گرتبووم. لە نووسینگەکەم لەگەڵ چەند پارێزەرێک سەرقاڵی بەستنی چەند ڕێککەوتنێ بووم، لەپڕێکا بۆ خۆشم نەمزانی نامەکەتم چی لێ کرد. لە یادم نەبوو لە نێو قاسەکەی دانێم، بەخۆمم گوت دەبێ لە قاسەکەدا بەدوای شتێکا بگەڕێم. قاسەکەم کردەوە لەوێ



نەبوو. ئیتر دەبوو خەریکی تەواوکردنی ئەو ڕێککەوتنە نەفرەتییە بم، پێم وابوو کە لە ماڵەوە لە شوێنێک لێم کەوتووە و ڕەنگە کەسێک هەڵی گرتبێتەوە.

**ئێما:** ئەی دۆزیتەوە؟

**جێری:** لە گیرفانی چاکەتەکەمدا بوو لە ناو کەنتۆری جلەکاندا، لە ماڵەوە.

**ئێما:** ئەی خوایە.

**جێری:** چەند مانگێک لەمەوبەر شتێکی تر ڕووی دا کە تا ئیستا بۆم باس نەکردووی. ئێوارەیەکیان پێکەوە دەمانخواردەوە. باشە پێکەوە دەمانخواردەوە، دواتر من لە دەوروبەری هەشتی ئێوارەدا گەیشتمەوە ماڵێ. هەر لە دەرگەکە ئاودیو بووم جودس پێی گوتم، چۆنیت، ئەوە بۆ کەمێک درەنگ هاتیتەوە. ببوورە، من گوتم، ئەوە لەگەڵ سپانکسا دەمانخواردەوە. سپانکس؟ ئەو گوتی: چەند سەیرە، ئەوە هەر پێنج دەقە دەبێ و نابێ تەلەفونی بۆ کردیت، دەیویست قسەت لەگەڵا بکات، باسی ئەوەی نەکرد کە لەگەڵ تۆ بووبێ. من گوتم، ئیتر تۆ بۆ خۆت ئەو سپانکسە پیرەمێردە دەناسی تا بڵێی کەسێکی شەرمنە، ئەوە دەزانی؟ لەوانەیە شتێکی بیر کەوتبێتەوە و ویستبێتی پێم بڵێ و ڕووی نەهاتبێ. دواتر بۆ خۆم پێوەندی پێوە دەگرم. چوومە سەرەوە بۆ ئەوەی سەرێک لە مناڵەکان بدەم و دوای ئەوەش هەموومان پێکەوە نانی شێوانمان خوارد.

[وچانێک]

گوێ بگرە. بەیادت دێتەوە ئەوە کەی ڕووی دا، چەند ساڵێک

لەمەوبەر، ئێمە هەمووومان لە ناندینەکەی ئێوە بووین، پێم وابێ جەژنی لەدایکبوون بوو یان شتێکی تر بوو لەو بابەتانە، بەیادت نایەتەوە، هەموو منالّەکان خەریکی ڕاکە ڕاکە بوون و منیش لە ناکاوێکا شارلۆتم هەڵگرت و ئەوەندەی بۆم کرا بەرزم کردەوە بۆ ئاسمان و ئەمجا دام دەنایەوە و بەرزم دەکردەوە. بەیادت دێتەوە چۆن پێ کەنی؟

**ئێما:** هەمووومان پێ کەنین.

**جێری:** زۆر سووکەڵە بوو. هەروەها مێردەکەت و هاوسەرەکەم و هەموو منداڵەکانی لێ بوون. هەموویان لە ناندینەکەی ئێوەدا ڕاوەستابوون و پێ دەکەنین. من ئەوەم لە بیر ناچێتەوە.

**ئێما:** لە ڕاستییا ئەوە ناندینەکەی ئێوە بوو.

[جێری دەستی ئێما دەگرێ. هەردووکیان هەڵدەستن. دەڕۆنە سەر تەختی نووستنەکە و ڕادەکشێن.]

بۆچی نەدەبوو بەرزت بکردایەتەوە؟

[ئێما ماچی دەکا و باوەش دەکەن بەیەکا.]



ڕۆژگارێکی پاشتری ١٩٧٣

## دیمەنی حەوتەم

[هاوینی ١٩٧٣ یە لە چێشتخانەیەکدا. ڕۆبەرت مێزێکی گرتووە و شەرابی سپی دەخواتەوە. سفرەچییەکە جێری دەهێنێت بۆ سەر مێزەکە. جێری دادەنیشێت.]

**جێری:** ڕۆبەرت چۆنی.

**ڕۆبەرت:** تۆ چۆنی.

**جێری:** [بۆ سفرەچییەکە] سکاچ لەگەڵ سەهۆڵا.

**سفرەچی:** لەگەڵ ئاودا؟

**جێری:** ئەڵێی چی؟

**سفرەچی:** دەتەوێت ئاوت لەگەڵی بۆ بهێنم.

**جێری:** نا. ئاو نا. تەنیا سەهۆڵم دەوێت.

**سفرەچی:** بەدڵنیاییی سنیۆرێ.

**ڕۆبەرت:** سکاچ؟ ئەوە تۆ نیت سکاچ لەگەڵ نانی نیوەڕۆیا بخۆیتەوە.

**جێری:** لە ڕاستییا مێشوولەیەک پێوەی داوم.

**ڕۆبەرت:** ئێ ئێ.

**جێری:** تەنیا شتێکیش بۆ ئەوەی لەدەست ئاسەواری ئەو مێشوولەیە ڕزگارم بکا سکاچە لە کاتی نیوەڕۆدا هەڵبەت ئێوارانیش.

لەبەرئەوە نیوەڕوان بەردەوام سکاچ دەخۆمەوە نەک جارێکی تر لێم هەڵباتەوە.

**ڕۆبەرت:** هەر وەک ئەوەی ڕۆژانە سێویک بخۆی.

**جێری:** سەد دەر سەد.

[سفرەچییەکە سکاچ و سەهۆڵی بۆ دەهێنێت.]

بە خۆشیت.

**ڕۆبەرت:** بە خۆشیت.

**سفرەچی:** ئەوە لیستی خواردنەکانە سنیۆرێ.

[لیستەکەیان دەداتێ و دەڕوات.]

**ڕۆبەرت:** بەدەر لە مێشوولەکە، تۆ چۆنیت؟

**جێری:** باشم.

**ڕۆبەرت:** ئامادەی بۆ یارییەکی تێنس؟

**جێری:** کەی ئاسەواری ئەو مێشوولەیەم پێوە نەما، بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** من پێم وابوو کە باش بوویی.

**جێری:** ئەی نابینی من هێشتا سکاچ دەخۆمەوە لەگەڵ نانی نیوەڕۆدا؟

**ڕۆبەرت:** ئەها، بەڵێ. دەبێ یارییەک بکەین. ئەوە بۆ چەند ساڵێک دەچێ یاریمان نەکردووە.

**جێری:** باشە، تۆ ئێستا تەمەنت چەندە؟

**ڕۆبەرت:** سی و شەش.

**جێری:** کەواتە منیش سی و شەشم.

**ڕۆبەرت:** بەدڵنیایی.



**جێری:** تێنس کەمێک سەختە.

**ڕۆبەرت:** پێوەندیم پێوە بگرە. یارییەک ڕێک دەخەین.

**جێری:** ڤینیسیا چۆن بوو؟

**سفرەچی:** چی دەخۆن، سنیۆرێ.

**ڕۆبەرت:** تۆ چی دەخۆی؟

[جێری بۆ ماوەیەک تەماشای دەکات و دواتر تەماشای لیستی خواردنەکە دەکات.]

**جێری:** کاڵەک. پیکاتا بەلیمۆ و زەڵاتەی سەوز.

**سفرەچی:** زەڵاتەی تێکەڵاو. کاڵەکت بۆ بکەم بەپرۆسیاتۆ؟

**جێری:** نا تەنیا کاڵەک لەسەر سەهۆڵ.

**ڕۆبەرت:** من پرۆسیاتۆ و کاڵەکم دەوێت. شرمپ و سپێناخ.

**سفرەچی:** لەگەڵ سپێناخ. گراسییەی سنیۆرێ.

**ڕۆبەرت:** هەر ئێستا بوتڵێ کۆرڤۆ بیانکۆمان بۆ بهێنە.

**سفرەچی:** بەڵێ سنیۆرێ. زۆر سوپاس. [دەڕوات]

**جێری:** ئەمە ئەو پیاوەیە کە هەمیشە لێرەیە یان کوڕەکەیەتی؟

**ڕۆبەرت:** مەبەستت لەوەیە کە کوڕەکەی هەمیشە لێرەیە؟

**جێری:** نەخێر، ئەمە کوڕەکەی ئەوە؟ مەبەستم ئەمە کوڕی ئەو پیاوەیە کە هەمیشە لێرەیە؟

**ڕۆبەرت:** نەخێر، ئەمە باوکێتی؟

**جێری:** ئەها، ئەمە ئەوە؟

**ڕۆبەرت:** ئەمە ئەوەیە کە ئیتالییەکی زۆر باش قسە دەکات.

**جێری:** ئەرێ، ئیتالییەکەی تۆش زۆر باشە، وا نییە؟

**ڕۆبەرت:** نا، بەهیچ جۆرێ.

**جێری:** بڕوا ناکەم.

**ڕۆبەرت:** نەخێر، ئەوە ئیتالییەکەی ئێمایە کە زۆر باشە. ئێما ئیتالییەکەی زۆر باشە.

**جێری:** بەڕاستتە؟ ئەوەم نەزانیوە.

[سفرەچییەکە قاپێ شەراب دەهێنێ.]

**سفرەچی:** کۆرڤۆ بیانکۆ، سنیۆرێ.

**ڕۆبەرت:** سوپاس.

**جێری:** بەهەرحاڵ ڤینیسیا چۆن بوو؟

**سفرەچی:** ڤینیسیا، سنیۆرێ؟ زۆر جوانە، جوانترین جێگەی ئیتالیایە. ئەو وێنەیە دەبینی بەقەدی دیوارەکەوە هەڵواسراوە؟ ئەوە ڤینیسیایە.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ وایە.

**سفرەچی:** دەزانی لە ڤینیسیا چی نییە؟

**جێری:** چی.

**سفرەچی:** ترافیکۆ.

[ بەدەم پێکەنینەوە دەڕوات.]

**ڕۆبەرت:** بەخۆشیت.

**جێری:** بەخۆشیت.

**ڕۆبەرت:** دواین جار کەی بوو لەوێ بووی؟

**جێری:** ئەها، چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو.



**ڕۆبەرت:** جودس چۆنە؟

**جێری:** چۆن، ئەها. باشە، خۆت دەزانی سەرقاڵە.

**ڕۆبەرت:** ئەی مناڵەکان؟

**جێری:** باشن، سام کەوت..

**ڕۆبەرت:** چۆن؟

**جێری:** نا نا هیچی وا نییە. ئێ ئەوێ چۆن بوو؟

**ڕۆبەرت:** تۆ لەگەڵ جودسا چوون بۆ ئەوێ، وا نییە؟

**جێری:** بەڵێ، بەڵام ساڵانێکی زۆرە نەچووین.

[وچانێک]

ئەی شارلوت ئەوێی پێ خۆش بوو؟

**ڕۆبەرت:** پێم وایە بەڵێ.

[وچانێک]

خۆشم پێم خۆش بوو.

**جێری:** پێم خۆشە.

**ڕۆبەرت:** بۆ سەردانێکیش چووم بۆ تۆڕسیللۆ.

**جێری:** ئەرێ، بەڕاستتە. شوێنێکی خۆشە.

**ڕۆبەرت:** ڕۆژێک بوو بڕوام پێ ناکەی، زۆر زوو گەیشتمە ئەوێ، بەڵام ومبەکان ئەوانەی خەڵک لە کەناڵەکە دەپەڕێننەوە بۆ تۆڕسیللۆ کەسیان لەوێ نەبوون.

**جێری:** ومب چییە.

**ڕۆبەرت:** بەلەمی ماتۆڕ.

**جێری:** ئههها، وام زانی...

**ڕۆبەرت:** وات زانی چی؟...

**جێری:** من بەتەواوی بەهەڵەدا چووم، ئەوە ڕۆژگاری خۆی بوو، وام زانی تا ئێستاش دەکرێ بەقەیاغ بگەیتە تۆڕسیللۆ.

**ڕۆبەرت:** نا نا ئەوە چەندین کاتژمێر دەخایەنێت. بەرەبەیانییەکەی بەلەمێکی ماتۆڕ پەڕییەوە.

**جێری:** شتێکی چاکە.

**ڕۆبەرت**: تەواو تەنیا بووم.

**جێری:** ئەی ئێما لە کوێ بوو؟

**ڕۆبەرت:** وا بزانم خەوتبوو.

**جێری:** ئێ ئێ.

**ڕۆبەرت:** لە ڕاستییا لە ناو دوورگەکەدا بۆ چەندین کاتژمێر بەتەنیا بووم، ئەوە خۆشترین کاتی گەشتەکە بوو.

**جێری:** بەڕاستە لەوەدەچێ شتێکی خۆش بووبێ.

**ڕۆبەرت:** لە ناو چیمەنەکە دانیشتم و ییەتسم خوێندەوە.

**جێری:** ییەتس لە تۆڕسیللۆ؟

**ڕۆبەرت:** کتومت لە شوێنی خۆیدا بوو.

[سفرەچییەکە بەهەندێ خواردنەوە دەردەکەوێ.]

**سفرەچی:** یەک کاڵەک، یەک پیکاتا بەلیمۆ

**ڕۆبەرت:** پرۆسیاتۆکە هی منە.

**سفرەچی:** بوەن ئەپاتیتۆ. (بەزمانی ئیتاڵی بەمانای نۆشتان بێت)

**ڕۆبەرت:** ئێما ڕۆمانی ئەو هاوڕێیەی تۆی خوێندەوە، ناوی چی بوو؟



**جێری:** نازانم؟ کامە.

**ڕۆبەرت:** سپانکس.

**جێری:** ئەها سپانکس، بەڵێ. ئەوەی کە تۆ خۆشت ناوێ.

**ڕۆبەرت:** ئەوەی کە من چاپم نەکرد.

**جێری:** لە بیرمە، ئێما پێی خۆش بوو؟

**ڕۆبەرت:** ئێما شێت و شەیدای بوو.

**جێری:** چاکە.

**ڕۆبەرت:** تۆ خۆت پێت چاک بوو؟

**جێری:** من پێم چاک بوو.

**ڕۆبەرت:** کتێبەکە سەرکەوتووە؟

**جێری:** بەڵێ.

**ڕۆبەرت:** پێم بڵێ، پێت وایە ئەو بڕیارە وای کرد کە خاوەن پەخشێکی سەرسەخت بم یان گێلۆکە؟

**جێری:** خاوەن پەخشێکی گێلۆکە.

**ڕۆبەرت:** لەگەڵتا هاوڕام من خاوەن پەخشێکی زۆر گێلۆکەم.

**جێری:** نا تۆ وا نیت. تۆ باسی چی دەکەیت؟ تۆ باشترین خاوەن پەخشی. تۆ باسی چی دەکەی؟

**ڕۆبەرت:** من خاوەن پەخشێکی خراپم، چونکە ڕقم لە کتێبە یان ئەگەر بەوردتر بدوێم ڕقم لە پەخشانە، یان ئەگەر زۆر لەوەش وردتری بکەمەوە ڕقم لە پەخشانی هاوچەرخە، مەبەستم لە ڕۆمانی هاوچەرخە، ڕۆمانی یەکەم چاپ بکە پاشان ڕۆمانی دووەم، ئەو هەموو چاوەڕوانی و هەستیارییە دەکەوێتە سەر شانی من کە

بڕیاڕی خۆم بدەم و پارەی هەموو کارخانەکەی تێدا سەرف بکەم و هانی بدەم بۆ نووسینی ڕۆمانی سێیەم و چاوەڕێی بکەم تا تەواو دەبێ، ئەمجا کە تەواو بوو پیابچۆڕەوە و ڕێکی بخە و ئێوارە خوانێک بۆ سەرنووسەرە ئەدەبییەکان ئامادە کە، ڕێورەسمی ئیمزاکردنی لە هاتچەرد بۆ دانێ و نووسەرە بەختەوەرەکەش ببینە خۆی گەیاندووەتە حاڵەتی جاو. هەموو ئەوانە لە پێناوی ئەدەبدا. دەزانی چی تۆ و ئێما پێکەوە دەبەستێتەوە؟ تۆ حەزت بە ئەدەبە، مەبەستم ئەوەیە تۆ کەیفت بەپەخشانی ئەدەبیی هاوچەرخ دێت، مەبەستم ئەوەیە تۆ حەزت لە ڕۆمانی نوێیە لە لایەن کەیسی نوێوە یان سپانکسی نوێوە نووسرابێ. ئەو دووانە دەتهەژێنن.

**جێری:** لەوە دەچێ ئەوە نیگەرانی کردبێ.

**ڕۆبەرت:** وای دەبینی؟. تۆ پێت وایە کە ئەوانە ئێما ناهەژێنن؟

**جێری:** من چۆن ئەوە بزانم؟ ئەو ژنی خۆتە.

[وچانێک]

**ڕۆبەرت:** ئەرێ، وایە. تۆ زۆر ڕاست دەکەیت. من نەدەبوو لەو بارەیەوە پرس بەتۆ بکەم. هەر نەدەبوو پرس و ڕا بەکەس بکەم.

**جێری:** من هەندێ شەرابی ترم دەوێ.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، فەرموو. سفرەچی! قاپێ کۆرڤۆ بیانکۆی تر بهێنە. خواردنەکەشمان نەگەیی؟ خەریکە لە برسا دەمانکوژن، دەزانی ئەم شوێنە خراپترین جێگەیە لە ڤینیسیا. مێش میوانیان نییە. من سەرخۆش نیم. بڕوا ناکەم کۆرڤۆ بیانکۆ سەرخۆشت بکا. دەزانی.. دوێنێ شەو... تا درەنگانێکی شەو بەئاگا بووم. حەزم



لە براندی نییە.. بۆگەنی ئەدەبی هاوچەرخی لێ دێ. نا، تەماشا بکە، داوای لێبووردن لە...

[سفرەچییەکە قاپێ شەرابیان بۆ دێنێ.]

**سفرەچی:** کۆرڤۆ بیانکۆ.

**ڕۆبەرت:** بەڵێ خۆیەتی. کوا خواردنەکەمان؟

**سفرەچی:** ئەوا بەڕێوەیە.

**ڕۆبەرت:** پەرداخەکەت، ها ئەوە شەراب.

[سفرەچییەکە دەڕوات و قاپی بەتاڵی کاڵەکەکە لەگەڵ خۆی دەبات.]

نا، بڕوانە، داوای لێبووردن دەکەم، پێکێکی تر هەڵدە. من پێت دەڵێم کە هۆکەی چییە، تەنیا ئەوەیە کە بەرگەی گەڕانەوەی لەندەنم نەگرت. من ئاسوودە بووم، ئەوەش شتێکی نامۆ بوو، نەک لە ڤینیسیا، مەبەستم لە تۆرسیللۆیە. ئەو دەمەی کە بەو بەرەبەیانییە زووە بەتەنیا بەتۆرسیللۆدا پیاسەم دەکرد، زۆر ئاسوودە بووم، پێم خۆش بوو بۆ هەتا هەتایە لەوێ بمێنمەوە.

**جێری:** ئێمەش هەموومان...

**ڕۆبەرت:** بەڵێ، هەموومان زۆر جار ئەو هەستە دامان دەگرێت. بۆ خۆشت هەستی وات هەبووە، وا نییە؟

[وچانێک]

مەبەستم ئەوەیە کە وەک خۆت دەزانی لە ڕاستییا هیچ هەڵەیەک ڕووی نەداوە، ئەوەتا خێزانی خۆم هەیە و من و ئێما پێکەوە زۆر باشین و ڕێز لە دنیای ئەو دەگرم. هەروەها بۆ

ئەوەش دەچم کە کەیسی ببێتە یەکێک لە نووسەرە زۆر گەورەکان.

**جێری:** تۆ لەو باوەڕەدایت؟

**ڕۆبەرت:** نووسەرە گەورەکان. من شانازی بەوەوە دەکەم کتێبەکانی بۆ بڵاو بکەمەوە ئەویش یەکێکە لەوانەی کە تۆ دەستگیرۆییت کردووە و ئەوەش بەشێکە لە زیرەکیی تۆ.

**جێری:** سوپاست دەکەم.

**ڕۆبەرت:** تۆ لەو بوارەدا سەرەدەرێی چاکت هەیە و زۆری بەتەنگەوەی دێیت و منیش نەوازشم بۆی هەیە. هەروەها ئێماش. ئێمە زۆر جار باسی ئەوەمان کردووە.

**جێری:** ئێما چۆنە؟

**ڕۆبەرت:** زۆر باشە. ڕۆژێک وەرە با پێکەوە کەمێک بخۆینەوە. پێی خۆشە بتبینێ.



١٩٧١

## دیمەنی هەشتەم

هاوینی ١٩٧١ لە باڵەخانەکەدا.

[باڵەخانەکە چۆڵە و دەرگەی ناندینەکە کراوەتەوە. مێزی نانخواردنەکە ئامادەیە. کەوچک و چینی، پەرداخ و قاپێ شەراب. جێری لە دەرگەی دەرەوە دێتە ژوورێ و کلیلەکەی بەدەستەوەیە.]

**جێری:** چۆنی.

[دەنگی ئێما لە ناندینەکەوە]

**ئێما:** چۆنی.

[ئێما لە ناندینەکەوە دێتە دەرێ، بەرکۆشێکی بەستووە.]

ئەوە من لێرەم. مەبەستم ئەوەیە حەزم کرد زوو بگەمە ئێرە. تاوەیەک گۆشت و سەوزەم سوور کردووەتەوە. چەند کاتژمێرێک دەبێ.

[جێری ماچی دەکات.]

برسیتە؟

**جێری:** زۆر.

[جێری ماچی دەکات.]

**ئێما:** نا ئیستا نا. ئیستا کاتی ئەوە نییە. برۆ دانیشە، من دەستم گیراوە.

**جێری:** ئەو بەرکۆشە جوانە.

**ئێما:** بەدڵتە.

[جێری ماچ دەکا و دەڕواتەوە ناندینەکە. جێری بانگ دەکا. جێری پێکی شەراب تێ دەکات.]

**ئێما:** بەچییەوە سەرقاڵ بووی؟

**جێری:** بەناو باخچەکەدا پیاسەم دەکرد.

**ئێما:** خۆش بوو؟

**جێری:** زۆر خۆش بوو، کەسی لێ نەبوو. کەمێک تەمومژی هەبوو.

[وچانێک]

لە ژێر درەختێکا بۆ قەیرێک دانیشتم. تەواو کشومات بوو. لە مارومێروو ورد دەبوومەوە.

[وچانێک]

**ئێما:** ئەی دوای ئەوە؟

**جێری:** ئەمجا دەستم لە تاکسییەک ڕاگرت یەکسەر بۆ ژمارە سی و یەکی ویکسی گروڤ و بەقاڵدرمەکاندا هەڵگەڕام و دەرگەی دەرەوەم ترازاند، بەپلیکانەکاندا هاتمە سەرێ و ئەو دەرگەیەم کردەوە و تۆم لێرە بینی بەو بەرکۆشە تازەیەوە خەریکی لێنانی گۆشت و سەوزە بووی.

[ئێما لە ناندینەکە دێتە دەرێ.]

**ئێما:** ئامادەیە.



**جێری:** چی ئامادەیە.

[ئێما پێکی ڤۆدگا تێ دەکات.]

ڤۆدگا دەڵێی؟ لەگەڵ خوانی نیوەڕۆ؟

**ئێما**: حەزم لە پێکێکە.

[ئێما ڤۆدگا دەخواتەوە.]

دوێنێ تووشی جودس بووم، بۆی باس کردی؟

**جێری:** نا بۆی باس نەکردووم.

[وچانێک

لە کوێ؟

**ئێما:** دەمی خوانی نیوەڕۆ بوو.

**جێری:** نانی نیوەڕۆ؟

**ئێما:** پێی نەگوتی؟

**جێری:** نەخێر.

**ئێما:** ئەوە سەیرە.

**جێری:** مەبەستت لە نانی نیوەڕۆ چییە؟ لە کوێ؟

**ئێما:** لە فۆرتۆم و ماسۆن.

**جێری:** لە فۆرتۆم و ماسۆن؟ ئەو ماڵ کاولە لە فۆرتوم و ماسۆن چی دەکرد؟

**ئێما:** لەگەڵ خانمێکا نانی نیوەڕۆیان دەخوارد.

**جێری:** خانمێک؟

**ئێما:** بەڵێ.

[وچانێک]

**جێری:** فۆرتۆم و ماسۆن لە نەخۆشخانەوە زۆر دوورە.

**ئێما:** بێگومان زۆر دوور نییە.

**جێری:** وایە.... پێم وابێ زۆر نا.

[وچانێک]

ئەی تۆ؟

**ئێما:** من چی؟

**جێری:** ئەی تۆ لە فۆرتۆم و ماسۆن چیت دەکرد؟

**ئێما:** لەگەڵ خوشکەکەم نانی نیوەڕۆمان دەخوارد.

**جێری:** ئێ ئێ.

[وچانێک]

**ئێما:** جودس بۆی باس نەکردی؟

**جێری:** لە ڕاستییا من ئەوم نەبینیوە. دوێنێ تا درەنگانێکی شەو لە دەرەوە لەگەڵ کەیسیا بووم و ئەم بەیانییەش ئەو زوو چووە دەرەوە.

[وچانێک]

**ئێما:** پێت وایە زانیبێتی؟

**جێری:** چی زانیبێ؟

**ئێما:** دەربارەی من و تۆ هیچی زانیوە؟

**جێری:** بەهیچ جۆرێ.

**ئێما:** زۆر لەوە دڵنیای؟

**جێری:** بەکاری نەخۆشخانەوە زۆر سەری قاڵە، ئەمجا سەرئێشەی مناڵەکانیش لەو لاوە ڕاوەستێ، بۆی ناکرێ سەری خۆشی



بخورێنێ.

**ئێما:** ئەی بۆ هەوڵ نادات کارەکانی خۆی ڕێک بخات؟ حەزی لەوە نییە بەرنامەیەکی هەبێ؟

**جێری:** بەرنامەی چی؟

**ئێما:** باشە پێویست دەکات کە هەندێک... ئامادە بێ بۆ ئەو... هەڵیان بژێرێ.

**جێری:** هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە، کە بەکەڵکی ئەو بێ.

**ئێما:** ئۆوو. چاکە... باشە.

[وچانێک]

**جێری:** حەزی لە کەسێک کردووە.

**ئێما:** بەڕاستتە؟

**جێری:** ئەویش وەک خۆی پزیشکە. لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ خواردنەوە. ئەوە، نیگەرانی کردووم. مەبەستم ئەوەیە، ئەو بۆ خۆی نایشارێتەوە. پزیشکەکە خۆشی دەوێت. کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی ئەو پزیشکەی چووە بەدڵا کە بۆ خۆشم لێی تێ ناگەم.. لەوە دەچێ ئەوە نیگەرانی کردبێتم. بۆ خۆشم نازانم چی ڕوو دەدات.

**ئێما:** ئێ باشە بۆ نابێ دۆستی هەبێ؟ ئەوەتا من دۆستم هەیە.

**جێری:** کێیە؟

**ئێما:** ئە ئە... تۆ، لە تۆ زیاتر کێیە.

**جێری:** ئەها وایە.

[دەستی ئێما دەگرێ.]

من هەموو کەسێکی تۆم.

[وچانێک]

**ئێما:** پێم بڵێ، قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە، کە ئاڵوگۆڕێ لە ژیانی خۆتا بکەی؟

**جێری:** ئاڵوگۆڕ؟

**ئێما:** ئممم.

[وچانێک]

**جێری:** ئەوە مەحاڵە.

[وچانێک]

**ئێما:** لەو باوەڕەدای کە ناپاکیت لەگەڵ بکات؟

**جێری:** نەخێر. دڵنیا نیم لەوە.

**ئێما:** بۆ نموونە ئەو کاتانەی دەڕۆی بۆ ئەمریکا. ئەمە یەکەم جارتە؟

**جێری:** نەخێر.

**ئێما:** تا ئیستا ناپاکیت کردووە؟

**جێری:** بەرانبەر کێ؟

**ئێما:** مەبەستم خۆمە، بێگومان.

**جێری:** هەرگیز.

[وچانێک]

ئەی تۆ، قەت لە من؟

**ئێما:** بەهیچ جۆرێک.

[وچانێک]



ئەگەر لەگەڵتا ئەوەی کردبێ، هەڵسوکەوتی تۆ چۆن دەبێ؟

**جێری:** شتی وا ناکات. ئەو ناپەرژێتە سەر شتی وا. سەرقاڵیی زۆرە. بۆ خۆی پزیشکێکی باشە. لە ژیانی خۆی ڕازییە. مناڵەکانیشی خۆش دەوێ.

**ئێما:** ئێ ئێ.

**جێری:** منیشی خۆش دەوێ.

[وچانێک]

**ئێما:** وایە.

[بێ دەنگی]

**جێری:** ئێ خۆ ئەوانەش کەم نین.

**ئێما:** بێگومان وایە.

**جێری:** بەڵام من شەیدای تۆم.

[وچانێک]

من شەیدای تۆم.

[ئێما دەستی دەگرێت.]

**ئێما:** وایە.

[وچانێک]

گوێ بگرە شتێک هەیە کە دەبێ پێتی بڵێم.

**جێری:** چییە؟

**ئێما:** من سکم هەیە. ئەو کاتە بوو کە تۆ لە ئەمریکا بووی.

[وچانێک]

سکەکەم لە مێردەکەمە و لە کەسێکی تر نییە.

[وچانێک]

**جێری**: بەڵێ. بەڵێ، بێگومان وایە.

[وچانێک]

من بەوە زۆر ئاسوودەم.



١٩٦٨

## دیمەنی نۆیەم

[ماڵی ڕۆبەرت و ئێما‌یە، ژووری نوستنە. زستانی ١٩٦٨. ژوورەکە ڕۆشناییەکی کز دای پۆشییەوە. جێری لە تاریکییەکەدایە. ئاوازێک بەنزمی لە دەرگەکەوە دەبیسترێ. دەرگەکە دەکرێتەوە. ئاواز و ڕۆشنایی. ئێما دێتە ژوورەوە و دەرگەکە پێوە دەدات و بەرەولای ئاوێنەکە دەڕوات و جێری دەبینێ.]

**ئێما:** ئای خوایە.

**جێری:** من چاوەنۆڕی تۆ بووم.

**ئێما:** دەتەوێ چی بڵێی؟

**جێری:** من دەمزانی تۆ دێیت.

[دەخواتەوە]

**ئێما:** من تەنیا هاتووم شانەیەک لە قژم بدەم.

[جێری لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە.]

**جێری:** من دەمزانی هەر دەبێ. من دەمزانی هەر دەبێ قژت شانە بکەی. من دەمزانی هەر دەبێ خۆت لە ئاهەنگەکە بدزیتەوە.

[ئێما بەرەو لای ئاوێنەکە دەڕوات و قژی شانە دەکات، جێری لێی دەڕوانێ.]

تۆ شابانووییەکی نازەنینی.

**ئێما:** ئاهەنگەکە ئاسوودەی نەکردی؟

**جێری:** تۆ زۆر شۆخ و شەنگی.

[بەرەو لای ئێما دەڕوات.]

گوێ بگرە. من بەدرێژاییی شەو لە تۆم دەڕوانی. من هەر دەبێ پێتی بڵێم. من دەمەوێ پێتی بڵێم. من دەبێ پێتی بڵێم.

**ئێما:** فەرموو.

**جێری:** [تۆ لە ڕادەبەدەر جوانی.]

**ئێما:** تۆ سەرخۆشی.

**جێری:** پێوەندیی بەسەرخۆشییەوە نییە.

[ئێما لە باوەش دەکات.]

**ئێما:** جێری.

**جێری:** من لە ئاهەنگەکەتاندا نزیکترین پشت و پەناتان بووم. تۆم بەبەرگی سپییەوە بینی. لەنجە و لاری تۆم بەئاڵوواڵای سپییەوە بینی.

**ئێما:** بەرگی سپیم نەپۆشیبوو.

**جێری:** دەزانی دەبوو چۆن بووایە.

**ئێما:** چۆن؟

**جێری:** دەبوو بەرلەوەی بەبووکی ببرێی، بەم بەرگە سپییەتەوە، تۆ بۆ من بوویتایە. من دەبوو بەم جلوبەرگی ئاهەنگەوە تێر تێر ئاوێزانت بوومایە، بەر لەوەی وەک دۆستێکت بۆ ئاهەنگی بووکێنیت بەرێت بخەم، بەم جلوبەرگی بووکێنییەتەوە تێر تێرم



بگەوزانیتایە.

**ئێما:** تۆ دۆستی مێردەکەمی. دۆستی هاوڕێ ئازیزەکەتی.

**جێری:** هەرگیز! دۆستی ئێوەم.

**ئێما:** من دەبێ بڕۆمەوە ئاهەنگەکە.

**جێری:** تۆ زۆر شیرینی. من خەریکە بۆت شێت و هار دەبم. نابینی هەموو ئەو وشە جوانانەی بەکاریان دەهێنم تا ئیستا بەگوێی هیچ کەسێکما نەچرپاندوون. ئاگات لێ نییە خەریکە بۆت دەهری دەبم؟ هەر دەڵێی کەوتوومەتە بەر زریانێک. تۆ تا ئیستا چوویتەتە سارا؟ گوێم لێ بگرە، من لە دڵەوە دەدوێم، هەرچی دەڵێم بەڕاستیمە. تۆ منت شێت و هار کردووە. تۆ زۆر جوانی.

**ئێما:** من جوان نیم.

**جێری:** تۆ زۆر شۆخ و شەنگی. تەماشای ئەو نیگایانە کە، لە منی دەگری.

**ئێما:** من نیگام... تێ نەگرتووی.

**جێری:** تەماشای ئەو نیگایە کە لە منی دەگری. من چی تر سەبر و قەرارم نەما، من خەریکە دەبرژێم، من ئیتر بۆم ناکرێ دان بەخۆما بگرم، شەیدات کردووم، تۆ ئەی گەوهەرێ، زێڕینەکەم، من جارێکی تر هەرگیز خەو ناچێتەوە چاوم، هەرگیز، گوێم لێ بگرە، بەڕوح دەدوێم، لە پەلوپۆ کەوتووم، ئیتر ئیفلیج دەبم و لە ناو جێگە دەکەوم و دەبێ بەچواردەستە بمهێنن و بمبەن، ژیانی من وا لە نێو دەستەکانی تۆدا، تۆ من وێڵ و سەرگەردان دەکەی، دەزانی سەرگەردانی چییە؟ دێوانەیی.. پاشای سەرگەردانی، پاشای بەتاڵی و چۆڵەوانی، پاشای تەنیایی. من

خۆشم دەوێی.

**ئێما:** ئەوە مێردەکەم لەبەر دەرگەیە.

**جێری:** هەموو کەسێ پێ دەزانێ. هەموو دنیا پێ دەزانێ، دەزانێ. بەڵام ئەوان هەرگیز پێ نازانن، ئەوان هەرگیز پێ نازانن، ئەوان لە گوێی گایا نوستوون. من حەیرانی تۆم. من شێتانە خۆشم دەوێی. بڕوا ناکەم ئەوەی بەسەر منا هاتووە تا ئیستا بەسەر کەسێکی ترا هاتبێ. شتی وا تا ئیستا ڕووی نەداوە. هەرگیز. ئەوە یەکەم جارە شتی وا ڕوو بدات. چاوەکانت خەریکە دەمکوژن. من ئیتر بەسەر ئەم دنیایەوە نیم. تۆ ئەنگیزەی.

**ئێما:** وا نییە.

**جێری:** با وایە.

[جێری ماچی ئێما دەکات.]

[ئێما خۆی رادەپسکێنێت.]

[جێری ماچی ئێما دەکات.]

[پرمەی پێکەنینی ئێما.]

[ئێما خۆی رادەپسکێنێت.]

[ دەرگە دەکرێتەوە و ڕۆبەرت دەردەکەوێ.]

**ئێما:** هاوڕێ ئازیزەکەت سەرخۆشە.

**جێری:** هەروەک ئەوەی کە تۆ ئازیزترین و کۆنترین هاوڕێمیت، لەم چرکە ساتەی ئیستادا ئەی دۆستم، بڕیارم دا ئەو هەلە بقۆزمەوە و بەهاوسەرەکەتان بڵێم کە زۆر شۆخ و شەنگە.

**ڕۆبەرت:** ئەوە تەواو دروستە.



**جێری:** بەڵێ، تەواو دروستە. بۆ.... بۆ ئەوەی دان بەو ڕاستییەدا بنێی... بەبێ ئەوەی شەرم بتگرێ باس لەو ئەنگێزەیە بکەی، بەبێ هیچ ڕێگرییەک باس لە ئەنگێزەیەک بکەی کە بەقەد خۆی ڕێزی لێ نەنراوە.

**ڕۆبەرت:** بەدڵنیاییەوە.

**جێری:** ئەو جوانییەش بۆ تۆ جێگەی نەوازشە، ئەوە بووەتە نیشانێک و جوانییەکەت بووەتە نموونە.

**ڕۆبەرت:** سەد دەرسەد وایە.

[جێری بەرەو لای ڕۆبەرت دەڕوا و قۆڵی دەگرێ.]

**جێری:** من وەک هاوڕێیەکی کۆنت دەدوێم. هاوڕێیەکی ئازیزت.

**ڕۆبەرت:** لە ڕاستییا تۆ ئازیز بووی.

[ڕۆبەرت جێری لە باوەش دەکا و ئاوڕ دەداتەوە و دەڕواتە دەرێ.]

[ئێما بەرەو دەرگەکە دەڕوات.]

[جێری قۆڵی ئێما دەگرێ.]

[ئێما لە شوێنی خۆی دەوەستێ.]

[هەردووکیان بەو جۆرە دەوەستن و تەماشای یەکتری دەکەن.]

# دیمەنێکی سروشتی

LANDSCAPE

Harold Pinter
Landscape and silence
London & CO LTD
11 New Fetter Lane

دیمەنێکی سروشتی بۆ یەکەم جار لە ٢٥ ی نیسانی ساڵی ١٩٦٨ لە ڕادیۆی بی بی سی بەم گرووپی کارە نمایش کرا.

بێس...... پێگی ئاشکرۆڤ

دەف...... ئیریک پۆرتەر

دەرهێنانی لەلایەن گای ڤیزن

ئەم شانۆگەرییە لە ٢ تەمموزی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار لەلایەن کۆمپانیای ڕۆیاڵ شکسپیرەوە لەسەر شانۆی ئالدویچ بەم گرووپی کارە نمایش کرا.

بێس...... پێگی ئاشکرۆڤ

دەف...... دەیڤید واڵەر

دەرهێنانی لەلایەن پیتەر هال

دەف... پیاوێکە لە سەرەتای پەنجا ساڵیدایە.

بێس... ژنێکە لە کۆتاییەکانی چل ساڵیدایە.



[چێشتخانەی ماڵێکی لادێییانەیە. مێزێکی نانخواردنی درێژکۆڵەی تێدایە. بێس لە سەر کورسییەکی قۆڵدار کەمێک دوور لە مێزەکەوە لە بەشی لای چەپەوە دانیشتووە. دەف لەسەر کورسییەک لە گۆشەی لای ڕاستەوەی مێزەکە دانیشتووە. لە پشتەوە دەستشۆرییەک و ئاگردانێک و هەندێ کەلوپەلی تر و پەنجەرەیەک، تاریکی. ئێوارەیە.]

تێبینی : [دەف بەشێوەیەکی سروشتی بۆ بێس دەڕوانێ، بەڵام لەوە ناچێ گوێی لە دەنگی بێت. بێس بەهیچ شێوەیەک تەماشای دەف ناکات و پێ ناچێت کە گوێی لە دەنگی بێت.]

[هەردوو کارەکتەرەکە بەشێوەیەکی نەگۆڕ و بەردەوام لەوپەڕی ئارامیدان.]

**بێس:** ئارەزوو دەکەم لە نزیک دەریاکەوە ڕاوەستم. ئەو لەوێیە.

[وچانێک]

زۆرجار چوومەتە ئەوێ. ئەوە شتێکە من ئارەزووی دەکەم. گەلێ جار لەوێ بووم.

[وچانێک]

لەسەر کەنارەکە دەوێستم. لەسەر کەنارەکە. چاکە.. ئاووهەواکەی زۆر فێنکە. بەڵام ناو تەپۆڵکە لمەکان زۆر گەرمە. بەڵام کەناری دەریاکە زۆر فێنکە. زۆرم حەز لێیەتی.

[وچانێک]

ئەوێ پڕە لە خەڵک...

[وچانێک]

[خەڵکانێک بەهێواشی دێن و دەچن. پیاوان. پیاوانێک دێن و دەڕۆن].

[وچانێک]

لە ناو تەپۆڵکە لمەکەوە بەرەو کەنارەکە دەچووم. پیاوەکەم لەسەر تەپۆڵکە لمەکە ڕاکشابوو. ئەو کاتەی کە هەستام ئەو باری ڕاکشانەکەی خۆی گۆڕی. پێڵووەکانی. ناوکی. چەند بە ناسکی سەرخەوی دەشکاند.

[وچانێک]

حەزت لەوەیە منداڵێک بخەینەوە؟ من گوتم. منداڵ؟ منداڵێک لە من و تۆ؟ ئەوەت پێ خۆشە.

[وچانێک]

ژنانێک ئاوڕدەدەنەوە و لێم دەڕوانن.

[وچانێک]

منداڵێک لە من و تۆ؟ حەزت بەوەیە؟

[وچانێک]

دوو ژن تەماشایان کردم، ئاوڕیان لێم دایەوە و لێیان دەڕوانیم. نەخێر. من خەریکی ڕۆیشتن بووم، کە ئاوڕم لێ دانەوە ئەوان بەردەوام لێیان دەڕوانیم.

[وچانێک]

بۆ لێم دەڕوانن؟

[وچانێک]

من وام پێ نەگوتن، من لێیان ورد بوومەوە. ئەمجا تەماشام



دەکردن.

[وچانێک]

من قەشەنگم.

[وچانێک]

بەسەر لمەکەدا گەڕامەوە بۆ دواوە. ئەو هەڵگەڕابووەوە و پەنجەکانی پێی کەوتبوونە ژێر لمەکەوە و سەریشی لە ناو قۆڵەکانیدا شارابووەوە.

**دەف:** ئەوەم پێ نەگوتی کە سەگەکە ڕۆیشت.

[وچانێک]

دوێنێ بۆ ماوەی بیست خولەکێک دەبوو لە ژێر درەختێکا ئارام بگرم، بەهۆی بارانبارینەوە. مەبەستم بوو ئەوەت پێ بڵێم. لەگەڵ چەند منداڵێکا کە هیچیانم نەدەناسی.

[وچانێک]

پاشان بارانەکە خۆشی کردەوە. دووراودوور بەلای دەریاچەکەدا تێ پەڕیم. ئەمجا هەستم کرد بارانێکی بەتاو خەریکە دابکات. خۆشبەختانە من چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمەوە پەناگەکە. لەوێ دانیشتم. نیازم بوو ئەوەت پێ بڵێم.

[وچانێک]

کەشوهەواکەی دوێنێت لە یاد ماوە؟ بارانەکە؟

**بێس:** هەستی بەسێبەرەکەم کرد. سەری بۆم هەڵبڕی کە بەژوور سەرییەوە ڕاوەستابووم.

**دەف:** دەبووایە کەمێک نانم لەگەڵ خۆم بهێنایە. بۆ ئەوەی بیدەم

بەباڵندەکان.

**بێس:** قۆڵەکانی لماوی بوون.

**دەف:** بەو ناوەدا دەفڕین و دەنیشتنەوە و ئاسمانیان پڕ کردبوو لە هاش و هووش.

**بێس:** لە تەنیشتییەوە ڕاکشام بەبێ ئەوەی بەری بکەوم.

**دەف:** لە پەناگەکە کەسێکی تری لێ نەبوو. لەبەری ئەوبەری دەریاچەکەوە ژن و پیاوێک لە ژێر درەختەکانا دانیشتبوون. من هەستم بەوە نەدەکرد کە بەهیچ جۆرێک تەڕ ببم. هەر لە شوێنی خۆم مامەوە.

[وچانێک]

بەڵێ، لە یادم چوو لە شتێک ئاگەدارت بکەم. سەگەکەشم لەگەڵ بوو.

[وچانێک]

**بێس:** ئەو ژنانە منیان دەناسی؟ ڕوخساریانم نایەتەوە بەرچاو. من لەمەوبەر ئەو دەموچاوانەم هەرگیز نەدیوە. زۆر لەوە دڵنیام کە من لەمەوبەر بەهیچ جۆرێک ئەو ژنانەم نەناسیوە. بۆچی تەماشای منیان دەکرد؟ من وەک هەر کەسێکی ئاساییم دەنواند. بەهیچ جۆرێک شتێکی سەیر لە منا نەبوو.

**دەف:** سەگەکە گوێی بەوە نەدەدا ئەگەر نانم بدایەتە باڵندەکان. بەهەرحاڵ هەر ئەوەندەی کە گەیشتینە پەناگەکە و نەگەیشتین ئەو خەوی پیا کەوت. هەتا ئەگەر بەئاگاش بووایە....

[وچانێک]



**بێس:** هەر ئەو کاتە بوو کە لە ماشێنەکە دەهاتمە دەرەوە یاوەخۆ لە دەرگەکە ئاودیو دەبووم، یان هەر ئەوەی لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ هەر هەموویان بەهێواشی باسکمیان گرتبوو، بەبێ جیاوازی. هەر هەموویان بەبێ جیاوازی ئەگەر دەستیان لە پشتی ملم یان باسکم بدایە، زۆر بەناسکی دەستیان لێ دەدا، تەنیا یەک کەس نەبێ.

**دەف:** ئەندێشە دەکەی، بەدرێژاییی هەموو ڕێگەی دەریاچەکە ئەو ناوە هەموو گەندوگوو بوو، پیسایی سەگ، ڕیقنەی مراوی، جۆرەها گەندوگووی تر، هەر هەموو ڕێگەوبانەکان. بارانەکە پاکی نەکردبوونەوە، بەڵکە تەنیا هەر خوساندبوونییەوە.

[وچانێک]

مراوییەکان تەواو دوور کەوتبوونەوە، بەرەو دوورگەکەی خۆیان چووبوونەوە. بەهەرحاڵ من نەمدەویست خواردنیان بدەمێ. من ئارەزووی ئەوەم دەکرد نان بەچۆلەکەکان بدەم.

**بێس:** من هیچ نەگۆڕاوم. هەروەک خۆم ماومەتەوە. من هەر شۆخوشەنگم ئەگەرچی، شێوازی خۆپۆشینەکەم گۆڕاوە.

[بێدەنگی]

**دەف:** دەبێ ڕۆژێک هەندێک نان لەگەڵ خۆمان بهێنین و لەگەڵم بێی بۆ پیاسە بۆ سەر دەریاچەکە. هیچ شتێک نییە بەربەست بێ لە بەردەمماندا.

[وچانێک]

هەندێک جار بەرەو ڕووی یەک دوو کەس بەهەڵەداوان دەڕۆم کە دەیانناسم. لەوە دەکات تۆش بیانناسیتەوە.

[وچانێک]

**بێس:** کاتێک کە ئاوی گوڵەکانم دەدا ئەو هەستایە سەر پێ و تەماشای دەکردم، تەماشای دەکردم کە گوڵەکانم ڕێک دەخست. تۆ بەرەو خۆت کێشم دەکەی، ئەو گوتی. زۆر بە ئارامی سەرقاڵی ئاودان و ڕێکخستنی گوڵەکانم، من پێم گوت. ئەو لە شوێنم دەهات و لێی دەڕوانیم. دوور لە من وێستابوو. کاتێک لە ڕێکخستنی گوڵەکان بوومەوە هەر لە شوێنی خۆم وێستابووم. ئاگام لێی بوو کە جووڵا. هەستم پێی دەکرد کە دەستی بۆ نەدەهێنام. من خۆم بەتەماشای گوڵە شین و سپییەکانەوە خەریک کرد، کە لە ناو ئینجانەکانا بوون.

[وچانێک]

ئەوجا دەستی بۆ هێنام.

[وچانێک]

دەستی دا لە پشتی ملمەوە. پەنجەکانیم زۆر بەنەرم و نیانی هەست پێ دەکرد. زۆر بەنیانی دەستی دەدا لە پشتی ملمەوە.

**دەف:** دوای ئەوەی بارانەکە خۆشی کردەوە، ئەوەی کە زۆر خۆش بوو ئەوە بوو، کاتێ ئاوڕم دایەوە ئەو ژن و پیاوەی لەبەری ئەوبەری دەریاچەکەوە لە ژێر درەختەکەدا دانیشتبوون لە شوێنی خۆیان نەمابوون. گیانلەبەرێک چییە لە ناو باخچەکەدا نەبوو.

**بێس:** ڕۆبێکی سپی کەنار دەریام لەبەر کردبوو. لە ژێر ئەویشەوە ڕووت بووم و هیچم لەبەرا نەبوو.

[وچانێک]



گیانلەبەرێک چییە لەسەر کەنارەکە نەبوو. زۆر لە دوورەوە پیاوێک لای ستوونی ئاوەکەوە دانیشتبوو. بەڵام لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا تەنیا وەک خاڵێک دیار بوو. تەنانەت ئەویش ئەو کاتەی کە هەڵدەستامە سەرپێ یان کە لە کەنارەکەوە بەرەو تەپۆڵکی لمەکە دەهاتم دەمتوانی بیبینم. کاتێ کە ڕادەکشام ئیتر ئەویشم نەدەبینی، لەگەڵ ئەوەشا ئەویش منی نەدەبینی.

[وچانێک]

لەوەدەچێ هەڵەش بووبم. لەوەی دەکرد سەر کەنارەکە کەسی لێ نەبووبێت. لەوە دەچوو کەسێک لەوێ نەبووبێت.

[وچانێک]

بەهەرحاڵ.. پیاوەکەی من... هیچی نەدەبینی. ئەو هەڵنەدەستایە سەر پێ.

[وچانێک]

چەند بە ناسکی سەرخەو دەشکێنی، من وام پێ گوت. بەڵام من لەو فرسەتەدا ساویلکە نەبووم، زۆر بە کپی لە تەنیشتییەوە ڕاکشام.

[بێدەنگی]

**دەف:** بەهەرحاڵ....

**بێس:** هەموو پێستم....

**دەف:** ئەم ماوەیە زۆر بەئارامی دەخەوم.

**بێس:** سووتاوەتەوە.

**دەف:** بەدرێژاییی شەو، هەموو شەوێک.

**بێس:** لەسەر دەریا بووم.

**دەف:** ڕەنگە ئەوە شتێک بووبێ سەبارەت بەماسیگرتن. هەوڵدان بێ بۆ ئەوەی کە زیاتر لەبارەی ماسییەوە شارەزا بی.

**بێس:** بەتەنیا خۆم بووم لەسەر دەریاکە کە پێستم دەسووتایەوە.

**دەف:** ئەوانە گیانلەبەرانێکی زۆر سڵۆکن. تۆ دەبێ ناسکیی خۆتیان پێ نیشان بدەیت. هەرگیز نابێت بیانهەژێنیت، یان بیانتارێنیت، بەهیچ جۆرێک.

**بێس:** دەمزانی کە دەبێت ئوتێلێک لەو نزیکانە هەبێ، تا بۆمان بکرێ هەندێ چامان دەست بکەوێ.

[بێدەنگی]

**دەف:** هەرچۆنێک بێ... بەختم هەبوو لەوەدا کە بارانەکە خۆشی کردەوە. ئیتر لەو کاتەدا کە لە باخچەکە دەهاتمە دەرێ مەیخانەکان هێشتا کرابوونەوە.

[وچانێک]

پێم باش بوو خۆم بکەم بەمەیخانەیەکدا و پێکێ بیرە بخۆمەوە. ویستم ئەوەت بۆ باس بکەم. لەوێ ڕێکەوتی دێوانەیەکم کرد. لە پێشدا لەگەڵ خاوەنەکەی قسەم کرد کە من دەناسێ. پاشان دێوانەکە هاتە ژوورێ و داوای پێکێ بیرەی کرد و دەستی کرد بەڕەخنەگرتن لە بیرەکە. ئیتر من نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرم.

**بێس:** بەڵام ئەمجا پێم وابوو کە دوور نییە باری ئوتێلەکە کرابێتەوە. دەڕۆین لە بارەکە دادەنیشین. ئەو خواردنەوەم بۆ دەکرێ. باشە من چی بانگ بکەم؟ بەڵام ئەو دەبێ چی داوا بکات؟ ئەو چی پێ



خۆشە؟ دەبێ جارێ چاوەڕێی ئەو بکەم. دەبێ گوێم لە دەنگی ئەو بێ لە پێشا. ئەو لە پێشا لێم دەپرسێ کە من ئارەزووم لە چییە. ئەوجا دوو خواردنەوە داوا دەکات. دەبێ لە پێشا چاوەڕێی ئەو بکەم لێم بپرسێ.

**دەف:** ئەم بیرەیە دەڵێی میزە، ئەو گوتی. ناخورێتەوە. بیرەکە هیچ خەوشێکی نییە، من پێم گوت. بەڵێ خەوشی هەیە، ئەو گوتی، هەر ئیستا پێم گوتی کە خەوشەکەی چییە. باشترین بیرەیە لەم ناوچەیەدا، من پێم گوت. نەخێر، وا نییە، ئەو کابرایە گوتی، ئەوە میزاوە. خاوەن بارەکە پەرداخەکەی هەڵگرت و قومێکی لێ دا و گوتی بیرەیەکی زۆر نایابە. کەسێک هەڵەی کردووە، ئەو پیاوە گوتی، کەسێک بەهەڵە لە جیاتی میز بکاتە ناو کونی ئاودەستەکەوە کردوویەتییە ناو ئەم پەرداخەوە.

[وچانێک]

خاوەن مەیخانەکە نیو کرۆنی فڕێ دایە سەر مێزەکە و پێی گوت کە ئەوە هەڵگرێت. پێکی بیرە تەنیا بەدوو و سێ بنسە، کابرا گوتی، من سێ بنست قەرزار دەبم، بەڵام هیچ وردەیەکم پێ نییە باقیت بدەمەوە. ئەو سێ بنسە لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بدە بەکوڕەکەت، خاوەن مەیخانەکە گوتی. من کوڕم نییە، کابرا گوتی، من هەرگیز منداڵم نەبووە. گرەو دەکەم کە تەنانەت ژنیشت نەهێناوە، خاوەن بارەکە گوتی. من ژنم نەهێناوە. کەس شوو بەمن ناکات. دێوانەکە گوتی.

[وچانێک]

ئەوجا کابرا پرسیاری لە من و خاوەن مەیخانەکە کرد کە

لەگەڵی بخۆینەوە. خاوەن مەیخانەکە گوتی کە ئەو پێکێک بیرەی خۆی پێیە. من هێشتا وەڵامم نەدابووەوە، بەڵام کابرا هات بۆ لام و گوتی : پێکێکم لەگەڵ بخۆرەوە. لەگەڵم پێکێک بخۆرەوە.

[وچانێک]

ئەو پارچە تەنەکەیەی کە تێبینیی بارەکەی لەسەر نووسرابوو، لەسەر مێزەکە دای نەواند و داوای پێکێکی کرد.

[بێدەنگی]

**بێس:** لە ناکاوێک هەستامە سەرپێ. بەرەو کەنارەکە چووم و خۆم خستە ناو ئاوەکەوە. مەلەم نەکرد. مەلە نازانم. بەئارامی خۆم دا بەدەم شەپۆلی ئاوەکەوە. شەپۆلەکان زۆر هێواش و لەسەرخۆ بوون و زۆر بەنەرمی دەکەوتنە سەر شان و ملم.

[بێدەنگی]

**دەف:** ڕۆژێک کە ئاووهەوا خۆش بێت دەکرێ بڕۆیتە ناو باخ و لەوێ کات بەریتە سەر. تۆ ئەوەت پێ خۆشە. هەوای سازگاری دەرەوە. من جارناجارێ دەچمە ئەوێ. سەگەکە حەزی بەوەیە.

[وچانێک]

خەریکی هەندێک لە گوڵەکان بووم، کە تەماشای گوڵ دەکەی، خۆشییەکی زۆری لێ دەبینی. ئەگەر ئارەزوو بکەی دەتوانی هەندێک گوڵ لێ بکەیتەوە و لەگەڵ خۆتی بهێنیتەوە. کەسێک ناتبینێ. کەسی لێ نییە.

[وچانێک]



من پێم وایە ئێمە بەم ژیانەمان زۆر بەختەوەرین، کە لە ماڵی سایکسا ئاوا ئاسوودە دەژین و کەسێک تەنگەتاومان ناکات. بیرم لەوە کردەوە جارێک یان دووان یەک دوو کەسی گوندەکە کە سووکە ناسیاوییەکم لەگەڵیان هەیە، داوەتی خواردنەوەیان بکەم بۆ ئێرە، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە و پێویست بە شتی وا ناکات.

[وچانێک]

دەزانی لە دەرەوە لە ناو باخچەکە زیاتر ڕێککەوتی چی دەکەیت؟ پەپوولە.

**بێس:** هەموو جلوبەرگەکانی خۆمم داکەند و ڕۆبی کەنار دەریاکەم پۆشی. لە ژێر ئەوەوە هیچم لەبەرا نەبوو. زیندەوەرێک چییە لەسەر کەناری دەریاکە نەدەبینرا، تەنیا پیرەمێردێک نەبێ کە لە دوورەوە لە لای ستوونی ئاوەکەوە ڕاوەستابوو. لە تەنیشتییەوە ڕاکشام و چرپاندم بەگوێیدا. حەزت لە منداڵێک نییە؟ مناڵێک لە من و تۆ؟ شتێکی خۆش نییە؟

[وچانێک]

**دەف:** بەڵێ، شتێکی سەیر بوو. لە پڕێک بۆم دەرکەوت زیندەوەرێک چییە لە ناو پارکەکەدا نەماوە. بارانەکە خۆشی کردبووەوە.

[وچانێک]

بەهەرحاڵ، ڕات بەرانبەر ئەو بارانە چی بوو؟

[وچانێک]

بێگومان لە ماوەی تاوە بارانەکەی یەکەم جارا ئەو

مێردمنداڵانەی کە لەلای یەکەم درەختەوە تووشیان بووم، خەریکی پێکەنین و گاڵتەوگەپ بوون، هەوڵم دا گوێیان لێ بگرم تا بزانم چی وا خستوونیەتە سەر پێکەنین، بەڵام هیچم بۆ ڕوون نەبووەوە. دەیانچرپاند بەگوێی یەکا، بەکاوەخۆ گوێم بۆ شل کردن، تا بۆم دەرکەوێت کە لەگەڵ یەکا چ شۆخییەک دەکەن.

[وچانێک]

بەهەرحاڵ نەمتوانی لە هیچ دڵنیابم.

[وچانێک]

بیرم لەوە دەکردەوە.. کاتێ کە تۆ لاو بوویت.... تۆ زۆر پێ نەکەنیویت. کەسێکی خەم لە کۆڵ بووی.

[بێدەنگی]

**بێس:** لەبەرئەوە شوێنێکی ئاوا گۆشەگیری هەڵبژارد. سا بۆ ئەوەی بتوانم بەخوشنوودی نیگار بکێشم. دەفتەری نیگار کێشانەکەم پێ بوو. دەرم هێنا. پێنووسی نیگارکێشانەکەشم دەرهاورد. بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو نیگاری بکێشم، تەنیا دەریا و کەنارەکە نەبێ.

[وچانێک]

دەکرا نیگاری ئەو بکێشم. ئەو ئارەزووی لێ نەبوو. ئەو پێ کەنی.

[وچانێک]

منیش لەگەڵی پێ کەنیم.



[وچانێک]

چاوەڕێی ئەو دەکەم تا پێ بکەنێ، ئەوجا ڕووی خۆم وەردەگێڕم و بزە دەمگرێ، ئەو ئارەزوو دەکا دەست با لە پشتمەوە، ڕووم بەرەو لای خۆی وەردەگێڕێ. لووتم دەکزێتەوە. کەمێک لەگەڵی پێ دەکەنم.

[وچانێک]

ئەو پێ کەنی. من لەوە دڵنیا بووم. ئیتر وێنەیم نەکێشا.

[بێدەنگی]

**دەف:** کاتێ کە تۆ گەنج بووی باشترین کەیبانووی ماڵ بووی. ئەوە وا نەبوو؟ من زۆر بەوە دەنازیم. هەرگیز دەمبۆڵەیەک یان ناڕازی بوونێکت نیشان نەدەدا. سەرقاڵی کاری خۆت بووی. ئەو دەیتوانی پشتت پێ ببەستێ. بێ خەم بوو لەوە. بڕوای بەوە بوو کە ماڵەکەی بەباشی بۆ بەڕێوە دەبەی و بێ هیچ گرفتێ ماڵەکەی پاکوخاوێن بۆ ڕادەگریت.

[وچانێک]

ئەوەت لە یادە کە من ئەوم بۆ گەشتێک بەرەو باشوور برد؟ ئەوە گەشتێکی دوورودرێژ بوو.

کاتێ گەڕاینەوە سوپاسی تۆی کرد بۆ ئەوەی ماڵەکەیت زۆر بە پاکوخاوێنی بۆ ڕاگرتووە. هەموو شتێک وەک کاتژمێر چوو بوو بەڕێوە.

[وچانێک]

تۆ غەریبیی منت کردبوو، کاتێ هاتمەوە ژوورەکەمان، تۆ لە

جێی خۆت ئەبڵەق بووی. دەبوو ئەو هەموو ماوەیە ببڕم بەرەو لات کە کەوتبووە نێوانمان لە ژوورەکەیا.

[وچانێک]

باوەشم کردی.

[وچانێک]

بەڵام نهێنییەکم هەبوو بۆتی بدرکێنم، وا نەبوو؟ دوودڵ بووم، هێشتا نەگەیشتبوومە ئەوەی پێتی بڵێم یان نا، بەڵام لە مێشکی خۆما دەمهێنا و دەمبرد، من دواجار بڕیاری خۆم دا کە پێتی بڵێم و ڕۆژی دواتر پێم گوتی. بۆم نەدرکاندی؟

[وچانێک]

ئەوەم پێ ڕاگەیاندی کە من لە پشتی تۆوە ناپاکیم لەگەڵ کردووی. بەوەفا نەبووم بەرانبەرت.

[وچانێک]

تۆ نەگریایت. بۆ چەند کاتژمێرێک بێدەنگ بووین. پێکەوە چووینە سەر دەریاچەکە و سەگەکەشمان لەگەڵ خۆ برد. بۆ قەیرێک لە ژێر درەختەکانا ڕاوەستاین. من نەمدەزانی کە بۆچی توورەکەیەکت لە بن هەنگڵ نابوو. پرسیاری ئەوەم لێ کردی. پێم گوتی کە ئەو توورەکەیە چی تێدایە؟ دوایی دەرکەوت کە نانی تێدایە. نانت دا بەمراوییەکان. دواتر لە ژێر درەختەکانا ماینەوە و دەمڕوانییە ئەوبەری دەریاچەکە.

[وچانێک]

سەروەختێ گەڕاینەوە بۆ ئەم ژوورە دەستەکانت نایە سەر





ڕوخسارم و ماچت کردم.

**بێس:** بەڵام لە ڕاستییا من ئارەزووی خواردنەوەم نەدەکرد.

[وچانێک]

وێنەی ڕوخسارێکم لەسەر لمەکە کێشا، ئەوجا لەشێکیشم پێوە نووساند. لەشی ژنێک بوو.

لە نزیک ئەویشەوە لەشی پیاوێکیشم دروست کرد کە بەریەک نەکەون. بەڵام هیچ نموودێکیان نەبوو. لەوە نەدەچوون کە شێوەی دوو مرۆڤ بنوێنن. لمەکە دەخزا و تێکەڵ بەیەک دەبوون و نیگارەکانی دەسڕییەوە. خۆم لێ نزیک کردەوە و سەرم خستە سەر قۆڵی و چاوم نووقاند. ئەو هەموو تیرێژە سوور و ڕەشانە لە ژێر پێڵووەکانی چاومدا دەبوونە هەزاران خاڵ. چەناگەم لە لەشی دەخشاند. ئەو هەموو تیرێژە سوور و ڕەشانە لە ژێر پێڵووەکانی چاوما دەشکانەوە. ڕوخسارم لە باوەشیا شاردەوە و هەرچی ڕۆشنایی هەیە لە بەرچاوانما نەما.

[بێدەنگی]

**دەف:** بەڕێز سایکس هەر لە یەکەم دیدارەوە ڕەزامەندیی لەسەر وەرگرتنمان نیشان دا، وا نەبوو؟

[وچانێک]

ئەو گوتی کە ئەو هەستەم هەیە کە ئێوە گرووهێکی باشی کار دەخوڵقێنن. ئەوەت لە یادە؟

ئێمەش بێ هیچ دوودڵییەک هەوڵمان دا ئەوەی بۆ بسەلمێنین. زۆر شارەزایانە ماشێنم لێ دەخوڕی، زۆر بەباشی پێڵاوەکانیم

بۆ بۆیاخ دەکرد، زۆر بەلێوەشاوەیی هەموو کارێکم ئەنجام دەدا. هەر شتێکی داوا بکردایە سەرم بۆی دەلەقاند. لە ڕووی خزمەتکردنەوە لە هیچ شتێکی کەم نەبووە. ئەگەر پێت ئاسایی بێ پیاوێکی چنۆکی بەرچاو تەنگە.

[وچانێک]

من هیچ کاتێک بەداخەوە نەبووم بۆی کە ئاوا بەتەنیا ژیان دەباتە سەر.

[وچانێک]

کارێکی پیاوانەی کرد کە ئەو جلوبەرگە شینە جوانەی بۆ هەڵبژاردووی کە لە ناو ماڵا لەبەری بکەی. بێگومان بۆ خۆی ئارەزووی بەوە دێ تا لە بەرچاوی میوان لە ناو ماڵەکەدا شۆخوشەنگ بنوێنی.

**بێس:** لە ناو لەکەدا جوولا و باسکەکانی تێوە ئالاندم.

[بێدەنگی]

**دەف:** پێت خۆشە لەگەڵت بدوێم؟

[وچانێک]

پێت خۆشە دەربارەی هەموو ئەو شتانە قسەت بۆ بکەم کە من کردوومن؟

[وچانێک]

دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە بەناو مێشکما ختوورەیان کردووە؟

[وچانێک]



ئەمم؟

[وچانێک]

دەزانم پێت خۆشە.

**بێس:** توند گوشیمی بەسنگی خۆیەوە.

[بێدەنگی]

**دەف:** بێگومان خۆی گەلێک ئارەزووی بەوە دەهات کە لە ناو ماڵەکە بەو جلانەوە سەرنجڕاکێش بنوێنی تا نیشانێکی جوان لەلای میوانەکانی بەجێ بهێڵێ.

**بێس:** تا دوو ڕێیانەکە سواری پاس بووم و ئەوجا بەلای کلێساکۆنەکەدا بەلاڕێیەکەدا چوومە خوارێ، ئەو ناوە ئەوەندە کشومات بوو، بێ لە جریوە جریوی باڵندە شتێکی ترت نەدەبیست.

پیرەمێردێک لە نزیک ستوونی یاریگای کرێکتەکەوە خۆی دەخلافاند. لەبەر گەرمای خۆرەکە چوومە ژێر درەختێکەوە.

[وچانێک]

گوێم لە دەنگی ماشێنێک بوو. ئەو منی بینی و بۆم وەستا. من لە شوێنی خۆم نەبزوام. ماشێنەکە جوولا و بەهێواشی بەرەو لای من هات. لە ناو تەپوتۆزەکەدا بەرەو پێشی سەیارەکە وەرچەرخامەوە. لەبەر تیشکی خۆرەکە بۆم نەدەکرا ببینم، بەڵام ئەو تەماشای دەکردم. کە ڕووەو دەرگەکە چووم هێشتا دەرگەکە کڵۆم بوو. من لێم ڕوانی. خۆی نووشتاندەوە و دەرگەکەی بۆ واز کردم. سەرکەوتم و لە تەنیشتی دانیشتم.

زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. زۆر بەخێرایی بەگێکی دانا و هێندەی یەکودوو خۆی ڕاست کردەوە. بەڕێگەکەدا بەرەو دوو ڕێیانەکە ڕۆیشت و ڕوومان کردە سەر دەریا.

[وچانێک]

**دەف:** دەزانی خەڵکانێکی زۆر ئێرەییمان پێ دەبەن، کە لەم خانووەدا دەژین، ئەم خانووەمان هەیە بۆ خۆمان کە بۆ دوو کەس تەواو سەرو زیادە.

**بێس:** ئەو گوتی کەنارێکی چۆڵوهۆڵ شک دەبات کە بێجگە لەو کەسێکی تر لەم دنیایەدا پەی پێ نابات و ئیستاش دەڕۆین بۆ ئەوێ.

**دەف:** ئەو ڕۆژە من زۆر میهرەبان بووم لەگەڵت. تەواو نەرمونیان بووم. دەمزانی شۆک گرتووتی بۆیە زۆر میهرەبان بووم لەگەڵت. کە لەسەر دەریاچەکەوە دەگەڕاینەوە قۆڵم کردبوو بەقۆڵتا. تۆ دەستەکانت خستە سەر روخسارم و ماچت کردم.

**بێس:** هەموو ئەو خواردنەی کە لە جانتاکەما بوو بۆ خۆم لێم نابوو یان هەر بەخۆم سازم کردبوو. نانەکەش هەر بۆ خۆم کردبووم.

**دەف:** کیژۆڵەکە بۆ خۆی بەلای منەوە هیچ بوو. بەلامەوە گرینگ نەبوو زۆر خۆمی لەگەڵ تێهەڵکێش بکەم. پێی قایل نەبووم.

**بێس:** پەنجەرەکان کرابوونەوە و سەری ماشێنەکەشمان دایابووەوە.

[وچانێک]

**دەف:** ئەو هەینییە بەڕێز سکایس ئێوارە ئاهەنگێکی چکۆلەی ڕێک خستبوو، زۆر نەوازشی ئەرک و ماندووبوون و چێشت



لێنانەکەی تۆی کرد.

[وچانێک]

تەنیا دوو ژنی داوەت کردبوو کە هەرگیز لەمەوبەر من نەمدیتبوون. لەوانەیە دایک و خوشکی بووبن.

[وچانێک]

درەنگانێکی شەو داوای قاوەیان کرد. من لە ناو پێخەفەکەما بووم. خەریک بوو چاوم دەچووە خەو. پێم خۆش بوو بێمە خوارێ بۆ ناندینەکە و دەستگیرۆییەکت بکەم، بەڵام زۆر شەکەت و ماندوو بووم.

[وچانێک]

کە هاتیتە ناو پێخەفەکەوە من بەئاگا هاتم. لە ماندوێتییا خۆت بەسەر پێوە نەدەگرت. هەر ئەوەندەی سەرت نایە سەر بالیفەکە خەوت پیا کەوت. لەشت... خاو بووبووەوە.

**بێس:** ڕاستی دەکرد. کپ و خامۆش بوو. گیانلەبەرێک چییە لەسەر کەنارەکە نەبوو.

[بێدەنگی]

**دەف:** ئەو ڕۆژە چاوێکم بەماڵەکەدا گێڕا. ویستم ئەوەت پێ بڵێم. تەپوتۆز هەموو شتێکی داپۆشیوە و دەبێت هەموو شتەکان خاوێن بکەینەوە.

[وچانێک]

دەکرێ بچینە سەرەوە بۆ ژووری پێشوازی و هەموو پەنجەرەکان بکەینەوە. من دەتوانم هەموو ئەنتیکەکان بشۆرم.

ئێوارەیەک لەوێ دەتوانین پێکەوە دانیشین و کەمێکیش بخۆینەوە. ئەگەر ئێوارەیەکی شاد بێ.

[وچانێک]

پێم وایە پڕ بێ لە مێش و مەگەز. کە پەردەکەم جوولاندەوە هەموو هەڵفڕین.

[وچانێک]

**بێس:** بێگومان کە بە تەمەنا هەڵدەکشێم هەروەکو ئێستام شۆخوشەنگ نامێنمەوە، وەک ئەم کەسەی ئێستا نابم، تەنوورەکانم، لۆقە درێژەکانم، پیر دەبم، هەر وا گەنج نابم.

**دەف:** هەر هیچ نەبێ ئێستا... بەلایەنی کەمەوە ئێستا، دەتوانم بەئارامی بچم بۆ مەیخانەکە و بەئارامی بچم بۆ دەریاچەکەش، بەبێ ئەوەی کەسێک تەنگەتاوم بکات.

[بێدەنگی]

**بێس:** هەموو ئەوەی کە دەیبینی... من گوتم.. گەرموگوڕی تێ هەڵسوونتە، گەرموگوڕی ڕوانینەکانت، گەردنم، چاوەکانت، خامۆشی، ئەوانە مەبەستمن، ڕەنگینیی گوڵەکانم، دەستەکانم لە گوڵەکانم دەخشێنم، ئەوانە مەبەستمن.

[وچانێک]

لە کەسانێک ورد بوومەوە. ئەوانم بینی.

[وچانێک]

هەموو ماشێنەکان هاڕەیان دەهات. پیاوانێک کە کیژۆڵەکان لە تەنیشتیانەوە دانیشتبوون. بەتاو دەچوونە سەر و دەهاتنەوە



خوار. دەتگوت بووکەشووشەن لەگەڵیاندا.

[وچانێک]

مەیخانەی ئوتێلەکە سیخناخ بوو لە خەڵک. گیژۆڵەکان قژیان درێژ بوو. هەموو زەردەخەنەیان لەسەر لێوان بوو.

**دەف:** بەهەرحاڵ، ئەوەی گرینگە ئێمە پێکەوەین. ئەوە گرینگە.

[بێدەنگی]

**بێس:** بەڵام زوو لە خەو ڕابووم. دنیایەک شت هەبوو کە دەبوو پاک بکرێنەوە و بخرێنە لاوە. قاپەکانم خستبووە ناو دەستشۆرییەکەوە بۆ ئەوەی بخوسێن. لە شەوێوە هەمووی تەواو خووسابوون. بەئاسانی دەشۆران. سەگەکە هەستابوو. هەر بەشوێنمەوە بوو. بەیانییەکی تەمومژاوی بوو کە لە ڕووبارەکەوە بەرەو ئێرە دەکشا.

**دەف:** ئەو کابرا سواڵکەرە زۆر لە بیرە شارەزا بوو. نەیدەزانی کە من لە ژێرزەمینی بیرە فرۆشییا کارم کردووە. هەر لەبەرئەوەش بوو کە دەمتوانی ئاوا بە لەخۆڕادیوییەوە قسە بکەم.

**بێس:** دەرگەکەم والآ کرد و چوومە دەرەوە. کەسێک بەدەرەوە نەبوو. خۆر هەڵاتبوو. هەواکەی شێدار بوو، مەبەستم ئەوەیە هەموو خاکەوارەکە تەڕایی بوو.

**دەف:** بیرەفرۆشی کەسێکە بەرپرسیار. بەرەبەیانی بەر لە هەموو کەسێک دەگاتە ئەوێ. لە گواستنەوەی بەرمیلەکانا یاریدەی شوفێرەکە دەدات تا شۆڕ بکرێنەوە بۆ سەر ڕەفەکانی ژێرزەمینەکە، بەگوریسێک شۆڕ دەکرێنەوە بۆ ناو چوارچێوەکان. لە باری درێژی ڕادەکێنرێن و ئەڵقەیان لێ

دەبەستریّ، سەنگ و تەرازوو بۆ ئەوە بەکار دیّ و ئەوجا بەرز دەکریّنەوە بۆ ناو ڕەفەکان.

**بێس:** هێشتا هەر تەمومژ بوو، بەڵام خەریک بوو هێواش هێواش تەنکتر دەبووەوە.

**دەف:** دەروازەکەی وا لەسەر باری ستوونییەتی، تۆپەوانەیەک دەئاخنرێتە ناو چاڵی دەروازەکەی. بەچەکوشێک دەکێشرێت بەتۆپەوانەکەدا تا دەگاتە ئاستی کونەکە. ئەوە وا دەکات کە لە دەروازەکەیەوە هەوای بۆ بچیّ، بۆ ئەوەی بیرەکە هەناسە با.

**بێس:** هەواکەی تەواو شێدار بوو. خۆرەتاو بوو. درەختەکان وەک پەڕوباڵ دەهاتنە بەرچاو.

**دەف:** چەکوشی پیا دەکێشی تا دەمەوانەکە دەکەوێتە ناو بەرمیلەکەوە.

**بێس:** کراسە شینەکەم پۆشیبوو.

**دەف:** ئەوجار لێی گەڕێ با بۆ سێ ڕۆژ بمێنێتەوە. بەگوونییەکی تەڕ بەرمیلەکان داپۆشە. ڕۆژانە خاکی ژێزەمینەکە و بەرمیلەکانیش ئاوڕشێن کە.

**بێس:** بەرەبەیانییەکی خۆشی پایز بوو.

**دەف:** ڕۆژانەش بیرە لە بۆرییەکانەوە دەڕوات بۆ ماتۆڕی بارەکە.

**بێس:** لە ناو تەمومژەکەدا بۆ خۆم وێستام.

**دەف:** با ئیتر بیرە هەر بڕوا و بڕوا. لەو دەمەدا ڕای وەستێنە کە خەریکە دەچێتە سەر خەڵتەکەی.

خەڵتەکەی هەر گەند و پیسایيت دەداتیّ. تۆ بەرمیلی خاڵیت هەیە، تلّپە و خلّتەکەی بەتاڵ کەرەوە و بەرمیلە بەتاڵەکە بنێرەوە



بۆ کارخانەی بیرەسازی.

**بێس:** لە بەر خۆرەتاوەکەدا.

**دەف:** ڕۆژانە بەپارچە تولّێکی مس بەرمیلەکە ئەنداز بگرە. بەو جۆرە دەزانی چەند گاڵۆنی تێدا ماوە و بەکوتە تەباشیرێک دیاریی بکە. ئیتر تۆ ڕێژەی خۆت ڕادەگری و هەرگیز کورتی ناهێنی.

**بێس:** دواتر چوومەوە بۆ ناندینەکە و لەوێ دانیشتم.

[وچانێک]

**دەف:** ئەو کابرایەی مەیخانەکە کە ئەوانەی گوێ لێ بوو تووشی سەرسووڕمان بوو. ئەو گوتی پێم سەیرە کە دەبیستم ژێرزەمینی بیرە فرۆشی ئاوڕشێن دەکریّ. ئەو گوتی کە پێی وایە ژێرزەمینەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سیستەمی فێنککەرەوەیان تێدا بەکار دیّ. ئەو گوتی کە پێی وابووە بەرمیلی بیرەکان لە ڕێی بوتڵەوە ئۆکسجینیان بۆ دەچیّ. من گوتم کە دەربارەی بەرمیلی بیرە نادوێم بەڵکو دەربارەی بەرمیلی بیرەی سروشتی دەدوێم. ئەو گوتی کە پێی وابووە لەڕێی تانکەرەوە و بەبۆری دەکرێنە بەرمیلی کانزاییيەوە، من گوتم ڕەنگە وا بکەن، بەڵام ئەو دەربارەی چاکی و خراپیی ئەو بیرەیەی من مەبەستم بوو نەدەدوا. بەرانبەر ئەو مەسەلەیە ڕەزامەندیی نواند.

[وچانێک]

**بێس:** سەکەگە لە تەنیشتمەوە دانیشت. دەستم هێنا بەسەریا. لە پەنجەرەکەوە دەتوانم ناو دۆڵەکە ببینم. منداڵان لە ناو دۆڵەکەیا بوون. لە ناو گژوگیاکەدا شۆخییان دەکرد و بەقەدی گردەکەدا

هەڵدەگەڕان.

[بێدەنگییەکی درێژخایەن]

**دەف:** من هەرگیز بۆم نەدەکرا روخسارت ببینم. تۆ لەلای پەنجەرەکەوە ڕاوێستابووی. یەکێک لەو تاریکە شەوانە بوو کە بەلێزمە باران دەباری. هەموو ئەوەی کە دەهاتە گوێم دەنگی باران بوو کە بەر پەنجەرەکە دەکەوت. دەیدا لە پەنجەرەکە. دەتزانی کە من بەرەو لای تۆ هاتم بەڵام لە شوێنی خۆت نەجووڵای. لە نزیکتەوە وێستام. تەماشای چیت دەکرد؟ دەرەوە هەر ڕەشایی بوو. من تەنیا هەر سیمای تۆم لەسەر پەنجەرەکە دەبینییەوە، ڕەنگدانەوەی سیمات. لەوەی دەکرد کە ڕۆشناییەک لە شوێنێکەوە دیار بێ. پێم وابێ تەنیا روخساری تۆ بوو دەبریقێتەوە، ڕووناکتر بوو لە کۆی شتەکان. لە ئاقارتەوە ڕاوێستابووم. لەوەی دەکرد کە لە خەونێک ڕامابی. بەبێ ئەوەی دەستت تێوە بدەم دەمتوانی هەست بەسمتەکانت بکەم.

[بێدەنگی]

**بێس:** لە وێنەکێشانا هەمیشە ڕێسا بنچینەییەکانی سێبەر و ڕووناکیم بەیاد دێتەوە. ئەو شتانەی ڕێ لە ڕووناکی دەگرن، سێبەر جێ دەهێڵن. سێبەر بێبەش بوونە لە ڕووناکی. شێوازی سێبەریش لە بابەتەوە نەخش وەردەگرێ، بەڵام هەمیشە نا. هەمیشە بەڕاستەوخۆی وا ناکەوێتەوە. هەندێ جار بەناڕاستەوخۆیی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. هەندێ کاتیش بۆت ناکرێ هۆکاری سێبەرەکە دیاری بکەیت.

[وچانێک]



بەڵام هەمیشە ڕێسا بنچینەییەکانی وێنەکێشانم ڕەچاو کردووە.

[وچانێک]

بۆیە هەرگیز ڕێم لێ هەڵەتە نەبووە. یان دڵم نەتۆراوە.

[وچانێک]

**دەف:** تۆ زنجیرێکت بەکەمەرتا شۆڕ دەکردەوە و بەو زنجیرەوە کلیل و پەنجەوانەو دەفتەری تێبینی و قەڵەم و مقەستەکەت پێدا هەڵدەواسین.

[وچانێک]

لە هۆڵەکەدا ڕاوەستابوویت و پەنجەیەکت نا بەزەنگەکەدا.

[وچانێک]

ئەوە چ نەفرەتییەکە وا زرنگە لەو زەنگە نەفرەتییە هەڵدەستێنی؟

[وچانێک]

ئەوپەڕی گەوجێتییە. لە هۆڵێکی کپ و خامۆشا ڕاوەستی و دەست بەزەنگێکی نەفرەتییا بنێی. کەسێک نەبوو گوێبیستی بێ. کەسیش گوێی لێ نابێ. بێجگە لە من گیانلەبەرێک چییە لەم ماڵەدا نییە. خواردنێک نییە بۆ نیوەڕۆژمان. خواردنێک ساز نەکراوە. نە کەبابێک. نە کولێرەیەک. نە سەوزییەک. نە نێوانێک. نەفرەت لە هەموو شتێ.

[وچانێک]

**بێس:** بۆیە هەرگیز ڕێم لێ هەڵەتە نەبووە. سەرەڕای ئەوەی، هەتا ئەو

دەمــەش کە داوام لـێ کرد ئـاوڕ بداتەوە و تەمـاشـام بـکا، بەڵام ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم بەڵام ڕوانینەکانیم نەبینی.

[وچانێک]

بۆم نەکرا ببینم کە دەڕوانێتە من یان نا.

[وچانێک]

هەروەها ئاوڕی دایەوە و لەوە دەچوو کە بڕوانێتە من.

**دەف:** زنجیرەکەم لە کەمەرت ترازاند و پەنجەوانەکە و کلیلەکان و مقەستەکە شۆڕبوونەوە و کەوتنە خوارێ. شەقێکم لە زەنگەکە دا بەرەو هۆڵەکە. سەگەکە خۆی کرد بەژوورا. پێم وابوو تۆ بەرەو لای من دێی، بۆ ئەوە چووم خۆت فڕێ بدەیتە باوەشمەوە و ماچم بکەی، تەنانەت... خۆتم بۆ ڕووت بکەیتەوە. هەر وەکو پیاو لە هۆڵەکەدا لەسەر سەنگەکە و لە بەردەم سەگەکەدا ئاوێزانت بم، دەست بنێم بەزەنگەکەدا، ئاگات لە خۆت بێ، مقەستەکە نەچێ بەگیانتا، یان پەنجەوانەکە، خەمت نەبێ بۆ سەگەکەیان تووڕ دەدەم تا یارییان پێ بکا، سەگەکە بەپەنجەوانەکە ئاسوودە دەبی، بەچنگەکانی یارییان پێ دەکات، تۆش وەک ژنێک خۆتم بۆ شل دەکەی، زەنگەکە تووڕ دەدەم بۆ سەر ئەرزەکە، ئەگەر دەنگەکەی زۆر کپ بوو و زرنگانەوەی نەهات، ئەوا بەشوێنەکەی خۆیەوەی هەڵدەواسمەوە، لە پاڵییەوە خۆم لە تۆ هەڵدەسووم و خۆشی دەڕژێتە گیانمەوە و زەنگ لێ دەدەم، هەموو ماڵەکە بەئاگا دەهێنم و بۆ شێو بانگیان دەکەم، خواردن ئامادەیە، گۆشتەکە بهێنە، زوڵفی ناسکت شۆڕ بکەرەوە، ئاگات لە سەگەکە بێ پەنجەوانەکە قووت نەدات، زرمە



هەستێنە.

[بێدەنگی]

**بێس:** خۆی دا بەسەرما و تێی دەڕوانیم. شانەکانی توند گرتبووم.

[وچانێک]

زۆر بەناسکی دەستی دەهێنا بە شان و ملما. زۆر بە نەرمی ڕوومەتەکانی ڕادەمووسیم.

[وچانێک]

دەستم لەسەر پشتی دانابوو.

[وچانێک]

هەموو گیانم نیشتبووە سەر لم. هەموو پێستی لەشم وردە لم بوو.

[وچانێک]

زۆر بەخامۆشی چاوم بڕیبووە ئاسمان. زۆر بەهێمنی دەنگی شەپۆلەکان دەهات.

[وچانێک]

من گوتم، ئاخ ئەی خۆشەویستییە خاوێنەکەم.

# پێڕست

تۆ دەتەوێ دنیا لە دەست بێدادی ڕەها بکەیت؟ ..... 5
شتێک کە لەگەڵ قەنەفەدا دەکرێت ..... 10
کاتە بەسەرچووەکان ..... 57
دوو کەس لە مەیخانەیەکدا باسی ڕابردوو دەکەن ..... 119
ناپاکی ..... 141
دیمەنێکی سروشتی ..... 225